# **جوایەز:** بەرهەمی ٩ شاعیری هەولێری

عەباس، کەریم، هاشم، محەمەد،
مەوجوود، ئیسماعیل، تەڵعەت، ئەنوەر، فەرهاد،

پێشەکی: بەدران ئەحمەد

# جوایەز

## بەرهەمی ٩ شاعیری هەولێری

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
**ئاراس**

**زنجیرەی رۆشنبیری**
خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین
سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب
* * *

کتێب: جوانەژ «هەڵبژاردەی شیعر»
نووسەر: نۆ شاعیری هەولێری
بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە: ١٩
پیت لێدان: دەزگای ئاراس
بەرگ: محەمەد قادر
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (٢٢١)ی ساڵی ١٩٩٩ی دراوەتێ
چاپی یەکەم - ١٩٩٩
*

# پێشەکی

نوێخواز... بەیەکێ دەگوترێ کۆتی باوی شکاندبێ و لە داوونەریت دەرکەوتبێ. بەمەش جیاوازییەک «یان جوایەزییەک» دەخاتە نێوان خۆی و خەڵک کە لە شتی باو و عادەتی راهاتوون. بخوێنەوەی شتی «باو» کە لە نوێباوەکە تێ ناگات و پێی بیانییە زۆرجار بڕیاری بەپەلە و نەزانستی لەبارەی ئەو بەرهەمانەوە دەردەکات کە بەخوێندنەوەیان رانەهاتووە و هێلی راست و چەپیان بەسەردا دەکێشێ. شیعری نوێ لە جۆرەکانی تری هونەر و ئەدەب زیاتر ئەم مەغدووریەتەی بەردەکەوێ و زۆرجار گوێمان لێ دەبێ بەرهەمی شاعیرە نوێخوازەکان بە شتی پڕووپووچ و دوورکەوتنەوە و هەڵاتن لە ژیان دەژمێردرێن. بەر لە هەموو شت بەرهەمی هونەری و ئەدەبی تەنیا واتە و تێگەیشتنی رووت نییە. رەنگە ئەمە زیاتر بۆ مووزیک و هونەری شێوەکاری بگونجێ و هەتا رادەک شیعریش بگرێتەوە. لە راستیدا زۆرجار ئەو هەست و نەستە «جوایەزە»ی شیعرێک، تابلۆیەک، دیمەنێک، پاژێک مووزیک لەلای وەرگردا دروستی دەکات خۆی بۆ خۆی ئەو شتەیە کە خاوەن کار و بەدەوکاری بەرهەمە هونەرییەکە ویستوویەتی نەک گێڕانەوەی بەسەرهات و خستەڕووی بیروباوەڕێک.

بێجگە لەمە، بۆ تێگەیشتن لە شت، بەتایبەت لە شیعر. وا دەخوازێ ئەو هەوڵەی شاعیرێک لەپێناو هێنانەبەری بەرهەمێک دەیدات، دەبێ هەوڵ و ماندووبوونێکی تەریبی واش لەلای وەرگر و بخوێنەوەدا هەبێ. تێگەیشتن لە واتە و ناوەڕۆکی بەرهەمی نوێ، ئاوەها بەدەستی پەتی و بێ خوێندنەوە و خۆماندووکردن نایەتەدی. هاتنەکایەی وتوویێژ و تێکەڵی و خزمایەتی لە نێوان شیعری نوێی کوردی و شاعیرە نوێخوازەکان لە لایەک و خەڵکەکە لەلایەکی تر، بەگشتی، شتێک نییە لە نێوان شەو و رۆژێکدا بێتەدی. ئەمە پێوەندیی بەگەشەی رۆشنبیری و بنەوای کۆمەڵایەتیمانەوە هەیە. وێڕای ئەمە ئەم گلەیی و منجەمنجە لە شیعری نوێ هەتا کەی؟ ئاخۆ ئەوانەی ئەمڕۆ واتەی ئاسانیان لە شیعر دەوێ یان کە تێی ناگەن و بەئاسانی نایەتە دەستیانەوە، دێن رەتی دەکەنەوە، ئاخۆ لە «نالی»ش تێ گەیشتوون و «مەلای جزیری»شیان بەدەستەوە هاتووە. هەڵبەت پرسەکە پرسی بەراورد نییە لە نێوان مەوجوود سامان و مەلای جزیریدا – بۆ نموونە. پرسەکە ئەوەیە جیاوازیی رۆشنبیری، خەڵکی جیاواز دروست دەکات، لە سەردەمانی خۆیشیدا و هەتا ئەمڕۆش ژمارەی ئەوانەی لە شیعری کلاسیکی کوردی: نالی و مەحوی و مەلای جزیری و... هتد تێ دەگەن و دەچنە بنج و بناوانی ژمارەیان کەمە. شیعری ئاست بەرز هەمووده‌م کڕیاری کەم و ئەوانەی تێی دەگەن و لە دەوری کۆوە دەبن ژمارەیان بەپەنجەی دەست دەژمێردرێ. هەڵبەتە هیوادارین کڕیار و جەماوەری شیعری نوێ

زۆر ببن و ژمارەیان بگات بەهەزاران بەڵام ئەمە کردەوەیەکی ئاسان نییە و لە نێوان بەرشێو و پارشێوێکدا نایەتەدی. شیعری نەمر بەدرێژاییی مێژوو شیعری «بێ جەماوەر» بووە.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت، سەردەمی دروشم و هوتاف کێشان و خۆهەڵکێشان لە شیعر بەسەرچوون. ئەمڕۆ زۆربەی خەڵک پێویستییان بە شیعر نەماوە. بەهەمان شێوەش شیعر پێویستی بەزۆربەی خەڵک نەماوە، شیعر بەدوای دەسبژێری خۆیدا دەگەڕێت و شاعیر کە شیعر دەنووسێ بیریشی لێ کردووەتەوە ئەمە بۆ کێ دەنووسێ. بەکورتی دەتووانم بڵێم شیعری نوێی کوردی، ئەوانەی جوایەزن لە یەکتر و لە خەڵکی تر، پێویستییان بە هەزاران خوێنەر نییە.

حەزدەکەم ئەوەش بخەمە سەر قسەکانی پێشووم کەوا رەنگە خەڵکانێک هەبن ئەم قسانەی منیان قەبووڵ نەبێ و پێناسەی خۆیان هەبێ بۆ شیعر، لە راستیدا پێناسەی شیعر لە نێوان خەڵکدا زۆر جیاوازە، بەڕادەی جیاوازیی پەنجەمۆری خەڵک لە یەکتر، بۆچوون و پێناسیشیان بۆ شیعر جیاوازە. هەرکەس بەجۆرێ لە شیعر تێ دەگات، ئەمەش تەنیا تێ گەیشتنێک بوو. لە دواییدا دەڵێم ئەوەی لە نێوان دوو بەرگی ئەم کتێبەدا دەخرێتە روو، گەرمترین رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ژیان.

بەپێویستمان زانی یەکێ لە کتێبەکانی زنجیرەی ڕۆشنبیریی دەزگای ئاراس بۆ شیعری هەڵبژاردەی نوێی کوردی تەرخان بکەین، هیوادارم بەدڵی خوێنەرانی بێت و لە رەخنە و بۆچوونی بەجێ بێبەشمان نەکەن.

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

١٩٩٩/١١/٢٠

# عەباس عەبدوڵا یوسف



# بەر دەرکە

## عەباس عەبدوڵڵا یووسف

لەو ڕۆوە تا ٧ ساڵی تر، شیعری کوردی ٧٧٧ قوتابخانە و گرووپ و ڕێچکە و مانفیستۆی دەستەیی و تاقە کەسیی لێ دروست دەبێت و سەدان ڕەخنەگری یەک تاقە بابەتی شاعیرێک و هەزاران خوێنەری یەک شاعیر پەیدا دەبن.

پێشبینیی ئەوەش دەکەین (س) ناوێک، لە ئەدەبخانەی کریستالدا (ئەدەب وەک زاراوەیەک، لێرە وەرگیراوە) خەریکی خۆ بە تاڵ کردن بێت و بەڕاسپێربە (ئامێرەکانی پیت) ڕادەگەیەنێت، شیعرێکی جوانی(١٣) دێری لە بارەی (چۆنیەتیی چاندنی کەنگر لەسەر زەمینی مەریخ)وە، بۆ بنووسن و دەنگبێژ بکەن.

شیعر دەپرسێت:

ــ ئەرێ دەزانن، بۆ تا ئێستا ماوم و نەمردووم٠٠؟!

هەر خۆیشی وەڵام دەداتەوە؛

ـ چونکە بە مردوویی لەدایک بووم

سیریالییەکانی زۆربەی وڵاتان، لەبیریان چووبوو (پاش سیریالیزم)ێک دروست کەن.

ئێستا، زۆر ئاسانە مرۆڤ ببێ بە زڕبرای نەنکی خوشکی سیریالییەت.

دادابییەکانی جیهان، لەبیریان چووبوو (پاش دادائیزم)ێک دروس کەن، ئێستا، زۆر ئاسانە، یەکێ ببێ بە بۆرەخزمی خەزووری خوشکەدادا. ئەوان فەرهەنگیان کردەوە و (دادا) بەختیان بوو.

ئێمە، بێ فەرهەنگ هەڵدانەوە و بێ ڕێکەوت (دادا) و(داد) و(دادە) و هەتدی (داتا)مان هەیە ئیدی هەموویان، دەچنەوە سەر فانتازیا.

فانتازیا لە دادا و مادا و سریالییەت و مریالییەت و ئایندەخوازی و مایندەخوازی گەورەترو پڕ داهێنانترە.

ئیدی هەموویان، فانتازیا دروس دەکەن و(گا لە پفکەی نانەوە دەردەپەڕێنن) ئەوەی ئێمە، لێرە و لەوێ سەربارکردنێکە، بمانەوێ نەمانەوێ تەعبیر لە خۆمان و ئێوەش دەکات٠

دونیایەک شیعر نووسراوە، ئێمە سەر لە نوێ، ڕستەکان هەڵدەوەشێنینەوەو

شیعرەکان دەنووسینەوە، خوێندنەوەی بەرەواژی زەمان و زمان و وێنەکان تام و بۆن و دەنگێکی زوڵالی هەیە، مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ، کەوا، هەڵەو چەوتی و بەرەواژیش هەر ڕاستن.

بڕواناکەم، کورد هەر هەمووی هەر شاعیر بێت، چارێکی شاعیر نییە، بگرە بەشێکی هەرە بچووکیشی شاعیر نییە.

کورد، گەر هەمووی شاعیر با، ئێستا دەمێک بوو ژیان و گوزەرانی بەجۆرێکی تر دەبوو، ژمارەی کوشتاری کەم دەبۆوە و لە شیعرەوە زانست و گیانی دەزاند و دادەمەزراند.

ـ با ئیزن لە بولبول وەرگرین

ـ بەبێ زویر کردنی گوڵ

ـ دوور لە بریقەی زێڕ

ـ دوور لە خانمدارکردنی کچان

دەمانەوێ، پیرۆزاتییەک بدەینە شتی پەراوێزکراو، وەک (شووشەی بەتاڵ، شیوی حەمەشێت، جەنجەڕ، ترومبێلە سوورەکەی حەریقی هەولێر، ئیسعافە سپی هەرەسپیەکان و مەحچەچە).

بەتەنگ هاتنەوەی پەراوێزکراو ئۆقیانووسێتی شیعر نیشان دەدات، شوکور، یادک کۆرنەبوویتەوە و دڵۆڤانی بەردەوامە و دەژێ.

ع.ع. یوسف

١٩٩٨/١/١٢

# ئۆقیانووسێکی ئاسنین

(١)

بەهەموو هێزی هۆشم
خەواڵوو نیم٠٠ چاو بەجیق نیم
غەرەبەنگم نەخواردبوو٠٠٠سەرخۆشیش نەبووم
پڕ بەدەستانم
پەردەبای گەمێکەم؛ گەمێوکی کۆک و قشتیلۆکەکەم هەڵدابوو
سیڕ سیڕ، قیبلەنامەو ڕێنامە بە جڕەجڕ دەخوێندرانەوە
دووسێ دەنکە قەزوانەکەی بنی بنەوەی گیرفانە هەیوانەکەم بۆ نەقرتا
ئەمەم پێبوو، گۆلکەکیش، چووزانم چ ڕەنگێک بوو، بەس سوورنەبوو، سێسووم پێبوو،
شووژنێک و دیواربڕێک و شمشاڵێک
لەبەردەم دەروازەی زەخرەفەداری زێڕەکەشی سێبەرگر پاکنیازم.
ـ ئەی دەستەکانت نەڕزێ وەستا ژن!
کچەی دارتاش ئەمەی لەهیچەوە ئافراند
پێیەکانم توند توند بە زەمینەوە نووسابوون
بە گوێزانێک – نەرمۆکە– ڕەفتاری دەنگخنکێنی دەکرد
مووی سنگی دێوان، تەراش دەکرد
ـ بە بن ئۆقیانووسەکە دەڕۆی؟
ـ نا دەچمە بن گوش
ئارمووش بە خەڵات بۆ خەمە گڕوو دێنم تا پرخە پرخ و کلکوەشێنی و
پەنجەمژینم لە کۆڵ ببتەوە.
ژووانی ئەوان لە دەوری ئاگردانی زەوقبزوێن بوو
گۆرانیان بۆ هەرەمێکی لە سۆلک دروسکراوەوە دەچڕی
ئەم داوێنپیسە خۆی بوو، فێرە لەشپەرستیی کردم
درەختی دەکوشیم و جیوەی لێ هەڵدەکڕاند
دەروازەوان دەسەو ئەژنۆیە

سمۆرەی ناوکۆشی دەسەمۆیە
ئەوهات و خەونەکەی دارژا
بێداری کردم، هات وگێزەرم دایێ
خۆ من پێش ئەو دەروازەوانە بەخەبەر بووم، چەکدار بووم
کە خەونەکە کراسگۆڕکێ بکات
سەی حەپۆکی زەرنیخبارێنی تێبەڕدەبێ
زیوالّ بەزیوالّی دەکات
کشوفش و تاوسانە دەچێتە سەر ئیسکەملیی سێ پێچکەیی
جاڕکێش کردوویە بە ڕۆژی حەشر
ـ زێبازی بەدفەڕ تۆ نەهەنگێکی مۆمدان بەدەستت بۆ نەهێنام
ـ بەڵێ نەمهێنا نەمهێنا چونکە نەمهێنا
قولغ تژی پشیلەی چاو زەقی گوێ تەبەقی کلک مەترەقی قەترانییە
تۆزادەکانیش دەستیان لە مل یەک کردووە
دەتووت ئەم جووتە دلّدارە، دەعبایەکی هەوارکوێری هارە
بەهەموو هۆشم، هۆشی چاویلکەدارم
بە مەزەندەی ئەنگوستان، لاپەڕێکم هەڵدایەوە
بزانم نژناندنی گەمێیەک
قولەڕەشێک ئاژوەری بێ، چی دەوێ؟
بەخت بینیمان کردو لەنگەرمان گیرکرد
نەوڕەسەکان دەورەیان لە ئێمەدابوو
خەوالّووبوون، خەوەکوتکە بردبوویانی
تازە غەرەبەنگیان خواردبوو
تازەش سەرخۆش بوون
نەوەک وایان لە ئێمە نەدەکرد
مەرگەمووشیان دەرخواردداین
ـ ئێرە کەنارە یان ئێرە ناوەندی ئاوستانە؟!!
کار لەکار ترازابوو، هەڵقە لە هەڵقەش پچڕابوو
شەپکەدارەکان، دەچوون مرازی خۆیان حاسل کەن

ئێمەش بەتایبەت من و کەپتانی بەندەرناسی هەزار دۆست لە شەپکەکان ڕادەماین و
وێکڕا دەحەپەساین:
پاش ئەم ئاوەستانە هەر ئاوە یا ؟!

(٢)

ئاگر ناکێشم، مەی ناخۆم
بەیانیان، گۆپالەکەم چەور دەکەم
نەوەک مۆرانەدار بێ
خەنە لە سمێڵم دەدەم
لە بانیۆیەکدا، خۆم بە زیواودەشۆم و
چ یاسایەک نادۆزمەوە
ئاوەلیمۆ فڕ دەکەم و بەدووربین چاوەنۆڕی هێرشەکوللە دەکەم
پشت ئەو تەم و مژە بە ئاستەم تروسکەی فەنەرێک دیارە
نووشتەنووس ئاشکرای کرد:
ـ هەتاو لەبەرخاتری گوڵبەڕۆژ دەسووڕێتەوە

١٩٨١/٢/١٩

* سێسوو: جۆرە مەورەدێکە
* حەپۆک: زۆر دەوەرێت
* زیباز: قرصان
* گوڵبەڕۆژ: گوڵە بەڕۆژە
* هەوارکوێر: وجاغ کوێر

# خوێ

له هیچەوە
تا یەک
تا دوو
تا سێ
تا چوار
تا حەوت
تا دە
تا سێزدە
تا صەت
تا صەت و یەک
تا هەزار
تا هەزارویەک
تا چل هەزار
تا هەزار هەزار
تا ملوێن
تا ملوێن و بلوێن
تا ٢١٩٣٦٢٣٧٠٨٠٥
تا ٩٢١٨٣٠٦٥٠٤٤٠٩٧١٦
تا ـــ>ـ٠٠٠٠ـــــــــ>٠٠٠٠ـــــــ>
هەی تا !!!
ئاوسەی هەرا
ئەی جیوەی جاویدانی با
چەمووشی لغاوپسێن
کێیت و چیت و کێوە؟!!
کنیاتساز٠٠
له ئاشکرادا؛ گیروئاڵۆز، تفت و وون و خاو، ڕێک و پێک دەکا

له پەنهانەدا، ئبلیسی ئاژاوەساز هەر درێژەی پێدەدا
ژمارە، تا بنی بنەوە دەبا
وەک تا لە دوو تا، بە هەتدی تا
تا، هەمیشە لە جا رەت دەکا
سا، نەعلەت و نەفرەت لە تادا
صندان لە ئادەمیی تابازی تازا
جورمێکی گۆشت ناسکی زوو هەڵوەریو
ئێسقان نەرمۆکی زوو شکستۆک
هەروا بە جووتە باڵی تا
چەسپەشکێنی و دونیابڕی دەکا

١٩٩٥/٥/٩

* ناونیشانی ئەم شیعرە، لە مەبەستی (هەمو شتێک بەخوێ و خوێش بە مەعنا) وەرگیراوە.
* کنیاتساز: ئافریدەکاری گەردوونە
* ملوێن و بلوێن: ملیۆن و ژمارەکانی ئاستی ملیۆن
* جا: واتای دیاری(ئینجا . . . ئەوجا . . . ڤێجا)یە، لێرە لەمەش زیاتر واتای هەیە، بەڵام من نایزانم
* لەدوو: بەدوای. لەدوای

# بۆردومان

سپی ساده  سپی ساده  سپی ساده
سپی ساده  سپی ساده  سپی ساده
ساده  سپی ساده  سپی ساده
شپی شاده  سپی ساده  سپی ساده
شپی شاده  سپی ساده  سپی ساده
شپی شاده  سپی ساده  سپی ساده
شپی شاده  سپی ساده  سپی ساده

شپی شاده  شپی شاده  شپی شاده
شپی شاده  شپی شاده  شپی شاده
شپی شاده  شپی شاده  شپی شاده
شپی شاده  شپی شاده  شپی شاده
شپی شاده  شپی شاده  شپی شاده
شپیشه  شپیشه  شپیشه

گزز

١٩٧٩/٤/٤

گوندی کانی وەتمان – خەلیفان

* گززز: دەنگی مێشی پیس

# بازاڕ

ئیدی بازاڕە!
لەم غەریبستانەدا
تۆ بلێی بۆنی ئاشنایان بێت؟!
وا بۆنی گلۆپان دێ
شەوقی بیبەر دێ
دەنگی گۆشت دێ
لە جەنجاڵ و قەرەباڵغی و تێکچرژان و حەشری کڕیار و فرۆشیاران دا
گوێم قولاخ کردووە
تا ، باق و بریقی رەنگی قوماشان ببینێ
چاوم زەق کردووە
تا ، سەودابێژی و جنێوو دڕانی کیسە لایلۆن ببیسێ
ڕەنگە زمانم
شتێ بە شتێی کرد بێ، بۆیە وا لێکباران بووە
ڕەنگە هەست و نەستم بۆ زەوقی مێیەک
بەدەس لێدانێکی دوور بەدوور و پەنهان و شەرمنەوە
هەستی بە دەسمایەک کردبێ
ئیدی بازاڕە!
لایەکی لووتم، شتێک بۆن دەکات
لایەکەی تریش، شتێکی دژو
بە یەکتر ناڵێن
ئیدی بازاڕە!
پێی چەپم، دەچێتەسەر مەغازەی کەلوپەلی ئافرەتان
پێی ڕاستەشم، بەلای جامخانەی وەرزش
هەنگاونانێکی ڕاڕام پێ دەکەن
ئیدی بازاڕە!
چاوانم ساغن و وردو درشتان دەبینن

بەس دەستم کورتە
ئیدی بازاڕە!
دڵم گەرمەو بەرکم بەتاڵە

| بۆنکردن | دەس هەست | بینین | بیستن | تامکردن |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| **هیچ** | **هیچ** | **هیچ** | **هیچ** | **هیچ** |

١٩٧٩/٧/١٢

# کەریم دەشتی



# شیعر جیاوازییە

شیعر خۆ تیمی ئۆرکسترا نیە تا پێویستی بە مایسترۆ بێت، شیعر بۆ خۆی قسان دەکا و شەرحی حاڵی خۆیت بۆ دەکات، بە دەیان کتێب و بە دەیان وتار ناتوانن باری خواری شیعرێک راست بکەنەوە کە لە بنەڕەتدا بەخواروخێچی لەدایک بووە، بۆیە ئەوەی پڕۆپاگەندە بۆ شیعری خۆی دەکا دڵنیایە لەوەی کە شیعرەکانی لاڵن و بڕستی ئەوەیان نیە دڵ و دەروونیان بۆ خوێنەر بکەنەوە، ئەگینا ئاگر بۆ بڵێ: من گەرمم، بەدیارمەوە دانیشە و سەیری نێڵەکانم بکە!

کەریم دەشتی

# کتێبەکانی با

(١)

ئێوارە بوو کە جێی هێشتم ئەفسانەیی
دڵێکی شوشەیی
خوێنێکی قەفقاسی
هەندێ عەترو قەیرێ ئەشک
ڕوحێ لە سپیاتی بەفرو تەتەرێ لە تەم
بەیانی بوو کە هاتەوە
ئەسپێکی سورخن و بریندار
بخورێکی ئاسمانی و تابوتێکی ئەرخەوانی

(٢)

ئێوارە بوو کە جێی هێشتم
مشتێ ئاوازی کێوبلە
باوەشی بای نێو ژورەکانی بەهەشت و
دوو نوکتەی خۆش
دیشلەمەیێک
دەستێ پڕ لە میهرو
ئەشقێکی نەرسۆسی هێجگار ئاڵ
کە هاتەوە
کراسێکی ئەبەنووسی
تەرمێکی گوڵ گون
سروتێکی جەنازەیی

(٣)

ئێستێکە لە خۆشی پێشوازیت
بخورێکی شامیانە دادەگیرسێنم
مۆمێک لە عەنبەر
کتێبەکەی زۆربا دەدەمەبەر دڵم
لە پەڕی یەکەمەوە
خەیاڵێکی قووڵ، خەمێکی تیر
سروتێکی پەمەیی دامدەگرێ
مەلێکی موقەددەس بوو
باڵی گرت و لە ئاسمان سووتا
پەریێکی ئەفسانەیی بوو
تەمەنی لێ داگیرکردم
ئای لەم خەڵوەتە ئەبەدییە

(٤)

ئیستێکە لە پێشوازیتا
باوەشێ با رامدەکەم
ماندوویی ئەسپێکی کێویلە
دەکەمە نێو شوشەی شەرابێکی خەست و کۆنینە
کتێبەکەی- سیلونە-
ئای نان و شەراب
لە بەشی یەکەمدا
چەمە ئاڵەکانی جەستەو
مەلەی پڕ لە شەبەقی من
ئاسۆ دادەگرن
کەمتیاری چ گوناهێکە
دڵی منداڵیمی دیل کردووە
چەقۆی چ ژەهرێکە لەدەستی پرۆتۆس

(٥)

له ماڵاواییتا
لەبەر چراییێکی غەریبانە
لە پەنای خانوێکی جزیری
لە بەردەم پەیکەری هەرماسا
فرمێسکێکی خەمبار
(یەک کاسە گەنم دەڕێژم)
کتێبەکەی مەولەوی دەکەمەوە
چ ئاگردانێکی پڕ تقوس بوو
لە باڵی فریشتەییم بەربوو
چ بۆراقێکی خەمەنگێز بوو
لە سەفای ئەو دڵەم پەڕی
ئای لەم خەڵوەتە ئەبەدییە.

# ئەی دژوارترین دۆست

ئەی دژوارترین دۆست و ئەی دادڕەسترینی هەمووان
سەرم پڕ گەڵای سپی بوو
دەمیشم پڕ لە فووی شمشاڵ
گوتم بەهەشتێ بەقەدر ناولەپی مەلۆتکەم پێ بەخشە
لە ئازارای رۆحی شکستەم رزگاربم
ئازاد بم لەو بنارەی ئێمەی
لەترس و غەرق بوون گرتووە
تا سەمای قەفقاسی تیا بکەم
سەمایێ هێندە پێم لەزەوی دابکوتم
تا دەبێتە گۆڕو بۆ ئەبەد لەناویا بخەوم
باوەشێ بای توڕەو زریانێ مەغۆلی دایپۆشێن
چوینەوە نێو قەدەر
قەدەرێ لە عەزابی ژاڵە
لەمەودای پڕ شوشەی شکاوی ئەو دڵانەی پڕن
لە باخچەو ئیرەمی خودایی
ئەی دژوارترین دۆست و ئەی دادڕەسترینی هەمووان
مەنفایێ لە جوانیم بدەرێ
دۆزەخێ لەشوشە بانگ دەکا
دەزانم گریانی کچانی نێو بەللووری سپی ئەشکەوتن
تەکیەیێ لە گوناه رێی سەمام لێدەگرێ
بەهەشتێ لە ئازار
دارستانێ لە ئەشک و گومان
ئەی جاویدان ترین لەحزە فریام کەوە
زەمەنم بەسەرچوو کۆتایی گوڵ دەگرێ
نازانم ئێستێکە من چاوم کزبووەو

میوانی باخچەی پیریم
یا تۆ هێندە گەش و نورانی نێو میعراجی دانتی
چاوانم هەڵنایێ بتبینم
دەچمەوە گۆڕستان
خۆشترە لەو بایەی لە بەهەشت هەڵدەکا
لەوێوە جوانیەکان کە وەک عەترو شەراب
لە شوشەی مندالّیمان ڕژان
دونیا پڕ لە بخورو نەی
بێزار بووم٠٠ بەوە من دڵخۆش بوم
سپێدان لەگەڵ ڕۆحی ئەوان
دەچوومەوە دارستانی عەدەم
کە دەهاتمەوە دونیا سپی هەڵدەگەڕا
گەڵا سیسەکانی نێو ڕۆحم دەوەرین
بێزار بووم لەفەل و لە تەونی کۆمیدیای قولابی
فریام کەوە ئەی لەحزەی درێژتر لەسەدە
من گوتم ئێواران دەستی ئەو دڵەی خۆم دەگرم و
دەچینەوە نێو جزیرەی عوزلەت و سەفایێ
من گوتم هاوڕێکەم بانگ دەکەم
ماڵەکەی هەردووکمان
دەگوازینەوە نێو شوشەیێ پرتەقاڵ
نەبا هات
نەبۆنی بۆخاری تەمەننا دادیداین
ئێستاکە بۆ وارێ دەگەڕێم
بچووک بێ بەقەد هێلانەی مەل
بۆ دۆستێ دەگەڕێم
بەقەد پاژنەی مناڵ بەرائەت
ناتوانم ئەم هەموو تەمەنناو بریایە
لەسەرما هەڵگرم

ناتوانم درۆیە . . ناتوانم
ئەم وڵاتە پەرش و بڵاوە بخەمە سەر شانم
ئەم هەموو فرمێسک و شکەست هاوارە
ئەم هەموو پێوەهم و دۆزەخە
لە کێ من دەتوانم بیانخەمە کۆڵ و
ئەم شارو ئەوشاریان بگێڕم
درۆیە ناتوانم
ئەی دژوارترین دۆست و ئەی دادرەسترین پەنجەرە
نزانم من ئێستا ئەو دڵەم لە عیشق چکی کرد
یا تۆ جێگەیەکت نەماوە پاگژ بێ و
من دەستی پێبگرم
بێزارم لەم ڕۆحە کە تامی نەماوە
جەستەشم تەژی بوو لە گەڵای رزیوی بێزاری
فریام کەوە ئەی دادرەسترین جامی خودایی

# تا ئەبەد خاچ

لە پەنجەرەی ئەو هەناسە ساردانەی
لە داغستانی فیردەوسەوە دەهاتن
تێکەڵی بایەکانی دۆزەخ دەبوویت
بە روحێکی پەمەیی و
کەمەربەندێکی پەمەیی و
دەم پاییێکی پەمەیی
سواری ئەسپی گوناه دەبووی
لە خەڵوەتگای ئەو تەمانەی
لە مەتهەرەوە هەڵدەستان
بەچارشێوێکی گەنم ڕەنگ و بە کتێبێکی خاکی و
تۆبەییێکی سۆفیانەوە
بخوری فریشتەییت دادەگیرساند
جوانیەکانت کانی شەوقەو
گوناهەکانیشت لەزەت
لەجیاتی تۆ ئێستا چراکان کز دەکەم
کتێبەکان دەخەمە ژێر چاوم
سەیری سەفای ئاسمان دەکەم
دەگریم..
چرا بەشی بیناییم ناکات
کتێب بەشی ڕوانینم ناکات
ئاسمان بەشی فڕینم ناکات
بێهودە لەدەستت چوون
سێوێکی دەمی ئەنقابووی
ئەوەی دەستی بۆ برد
لەوسەر زەمینە دەرکرا
ئێستاکە بە تەنها مایتەوە

بەیانیان بە کراسێکی سپی
دڵێکی سپی و
ئەسپێکی سپی سەرهەڵدەگری
ئێوارانیش بە فرمێسکێکی ئاڵ و
خەمێکی ئاڵ و
بەتاسەییێکی ئاڵەوە دێیتەوە
دەچیەوە بەردەم کڵێسای خامەریەم
دەستەکانت داوییتە سەر سینەو دوعا دەکەی
دوعای یەکەم خاچێکە لە خوات داوایە
دوعای دووەم کفنێکە بۆ جوانیەکانت
دوعای سێ یەم گۆڕێکە بۆ ئەوانەی لە دەستت چوون
جارجارەش لە چاوەڕوانی - میناس-دا
سەیری ئەملاو ئەولات دەکەی
ئەوەتا گوێم لە سمی ئەسپەکەیەتی
ئێستا نا ئێستا دەستم دەگرێ و
دەمهاوێتە سەر پشتی زین
دوور دوور دەڕۆین
بەسەر ئەو کەنارانەوە گوزەر دەکەین
یادەکانیان لێ زەوت کردوین
دەچینەوە سەر ئەو کۆشکە تاق بەرزانەی
لەوێوە سەیری بەرزەخمان دەکرد
ئەو مێرگانەی
(گوڵەکانی شەڕ)ی لێ شین دەبوو
ئێستاکە (وێرانە خاکەو)
ئەفسانەی کاسەی موقەدەس هاوار دەکا
ئای(سیبیلا)تۆ چیت دەوێ؟
ئەو جوانیانەم دەوێتەوە
لەدەستم چوون

لەوسەری بەرزخەوەش
بە قردێڵەییێکی ڕەش و
بە چاوێکی ڕەش و
بە خەمێکی ڕەشەوە
کراسە سپیەکەت لول داوە
ئەسپە سپیەکەت لە دواوە دەڕوا
دڵە سپی کەشت سارد
هەر دەڵێی ریشۆڵەییێکی ئەبەنوسی نێو بەفری
دەچیەوە بەردەم یەهوزاکان دەوەستی
دەستەکانت نوری بەهەشتیان لێ بلّند دەبێ
سەرشانەکانت پڕن لە فریشتە
هەردوو چاویشت شەوقی خودایی
نەفرەتیان لێدەکەی
نەفرەتی یەکەم
بۆ ئەو بزمارەیە زمانیان پێ شەتەکدای
نەفرەتی دووەم
بۆ ئەو خوێنەیە لە کچێنی یان سەندی
نەفرەتی سێ یەم
بۆ ئەو گەلگەتایەیە
چۆن لەبەرپێت نەرما
ئەلەوێوە هەردوو چاوەکانت دادەخەی
لە رەوحانیەتی خۆت دەترازێی
یاری بە رابردووی خۆت دەکەی
سواری ئەسپی گوناهـ دەبی و
بخوری فریشتەییش دادەگیرسێنێ
دەڵێی بزماری سێیەمی خاچی ئاگر دەگری.

# باخی فەنا

«بارانێ بوو لە هەڵوژەو سوورەبایێ بوو لە زەمبەق، کۆمارێ بوو لە حەسرەت، دارستانێ بوو لە وچان، ئەفسوس عومر مەودای پێ نەدایین بگەینەوە باخەکانی خەڵوەت، تۆزێ باسی تێکشکان و شوشەی شەهدی شەراب بکەین» .

شەرابی مەرگی  ئاسکان کەدەچنەوە ولاَتی مسک
ئاوازێ لە گریانی جەنگاوەرە کۆنینەکان
پەیکەرەکانی بەردەرگای شار
لەبەر نێزەی ژەهرڕێژکراوی پاییزی ئەقڵ
ئەفسوس زەمەنێکی چەند پڕ ئەستەم و دژوار بوو
زەمەنی غەرق بوون لە ژەهری هەلاَوقیامەتی رۆح
زەمەنی تاپۆکردنی برین لە سینەی پەرەسێلکان
زەمەنێ لە گۆڕستانی دۆستان
کەچوونەوە باخی فەناو ژورە کریستاڵیەکانی بیرەوەری
هێشتا ژنانی گۆڕستان
سینەی خۆیان لەکێڵەکان هەڵدەسووی
تامرازی دڵیان لەهەوەس
حەزی چاویان لە جوانی
پانی سینەیان لەجووت بوون حاصیل بکەن
هاوار هاوار
چی بۆ ئێمە ماوەتەوە هاوڕێیەتی خەڵوەت نەبێ
هاوڕێیەتی ئەو گۆشەو کەنارانەی هێندە ژەهریان تیا رژاوە
لەتاوا زەوی گوڵی عەبەسی گرتووە

«ئەو ئێوارەیە بارانێ بوو لە کۆلارەو زەمانی بوو لە شەبەق، کۆڕەوێ بوو بەدوای تەرمی باخۆسەوە، کە زرینگەی پێکەکانی حەسرەت، تەلارەکانی ئاسمانی لە شوشەی صەفا دەگرت.

نەمانزانی کەی بالق بووین
کەی تۆ یەکەم خەونی خوێنی خۆتت بینی

ئای کە نەوەییێکی بەدبەخت بووین
نەوەی راکردن و ون بوون
موزاهەرەو رمان
نەوەیەک لە جەنگی خورافات
ئەفسوس ئێمە هیچ پەنجەرەیەکمان نەبینی
رێیە باریک و نایلۆنیەکانی مەملەکەتی جوانی تیا ببینین
شەوقی فریشتەکانی بەهەشت و
جیلوەی پەریەکانی کەناری تیا بەدی کەین
هەمیشە لە ژوورە تاریک و نووتەکەکان نهێنی خۆمان دەگۆڕیەوە
کە وەهم وەک سوڵتانێکی بێ ڕەحم ڕەشی کردن
هالاوی گریان کەدەستیان لەدەست ترازاند
وەک ئەو باشوکانەی دەرگای ئەشکەوتیان لێ دەکەیتەوە
لە شریخەی باڵیان دەداو ئاوابوون
لە فەتحی سالانی نامرادی
جیهادی شەمشێربازەکان
کوڕانی حەسارچوونەوە نێو سەدەکانی ناوەڕاست
ئێمە جوتێک بووین لە گریان
ئێمە جوتێک بووین لەتەتەر
لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێک
لەرەشماڵێکەوە بۆ شارێک
ئەو ئێوارەیە تەمێک بوو لە ژەهری هەلا ، قەسوەتێک بوو لەفەنا کوشتنێ بوو لەژێر
پەیکەرەکەی مەسیح قیامەتێ بوو بێ ئیزنی خوا
ئەفسوس چ مەزارێ بۆ ئەو حەسرەتانەم چێ کەم؟
گۆڕێکی جوان.. کێڵی لەمەڕمەڕی گومان
ئالایەکی سەربەتەم
پەرژینێ لە گوڵی بادەم
هەی داد.. هەی بێداد کەی دەگەمەوە ناولەپی گەرمی وچان؟؟
وچانێ هێمنتر لە شەوقی چاوی ئەو ئاسکەی خەرەندی بەجێ هێشتووە

وچانێ لە پێستی سورخنی ئەسپ
ئەسپێ لە خێرایی بروسکە
بروسکەیێ لەشەرارەی باران
بارانێ لە هەڵوژە
هەڵوژەیێ لە زەمبەق
زەمبەقێ لە شەهدی شەراب
ئەفسوس چوونەوە نێو باخی فەناو
مەلەکوتی بیرەوەری

# چەکنوسەکانی خەلۆەت

(١)

شەوێکیان ئاگری خەونی خۆم
لە سێوی خەوبەرداو خانەقام جێ نەهێشت
ئەستێرەم یەک یەکە لە کتێبی (دانتی) ئاواکرد
مانگ لەنێو درەختی ئاسماندا
تیشکی خۆی کردە بەرِ
بە جەستەی کچانی سەر حەوزی بەهەشتی خۆیدادا
مەولانا لەزیکری نێو بەرِیای شیرازا تاواوە
درەختی مرازی خەلۆەتگا بێدەنگ بوو چۆلّ و هۆلّ
مەولەوی دەگریا
فرمێسکی دەبوو بە مەلێکی سپی وەک کوللەی بەفر
ریشە سپیەکەی خۆی
بەدەستی عەتراوی نەوازش دەکردو دادێنا
فرمێسکی شەلالی ئەوینی خۆی دەکرد
لە فەیزی خودایی
خاتونی تێکەلّی دواقومی نەی دەکرد
دەفی دەروێشانی عەتارخان
کەونی بۆ ئارەزووی پاکی خۆی
دەکردە دیوان و بالّەخان
کچانی رِووت و قووت
لە گۆلّی پرِ ئاوی پروستی هەمایون
مردنیان دایە بەر شمشێرو تێکەلّ بوون لەگەلّ رِۆح
ئەوشەوە ئاگرێک لە دلّما داگیرسا
چوومە نێو نوێژێکی ئەبەدی
کەسواری بۆراقی دلّم بووم
دارئالّاو خاک و خۆلّ، خانەقای چۆلّ و هۆلّ

له رووخساری گەشی خوادا تواینەوە
له نوریا داگیرساین
لەوسەره چوینەوه ڕێی باریک دۆڵاودۆڵ

(٢)

روخساری هەتابوو مەولەوی
زولاڵ بوو وەک ئاوی کوێستانان
ئەو ساتە نورانیەی شەوێک لە قاپی ئەو
کە پێی نایە تەکیەی پروەژدی عابیدان
هاتەلای تەبەدارەکانی سەردەستی پیرۆزی
لە سۆنگەی ئەوینیا خۆیاندا بەرم و چەقۆدا
سەفەری – هیسە–بوو
ڕۆژهەڵاتی ختسەژێر چاوی (ئامینە)
مەولەوی بە چاوانی گەورەی فرمێسکی بەگوڕ دارژان
ئەشک بوو بە کۆتر
روخساری هەتابوو مەولەوی
زولاڵ بوو وەک ئاوی کوێستانان
ئەوساتە نورانیەی شەوێک لە قاپی ئەو
کە پێی نایە تەکیەی پروەژدی عابیدان
هاتەلای تۆبەدارەکانی سەردەستی پیرۆزی
لە سۆنگەی ئەوینیا خۆیاندا بەرم و چەقۆدا
سەفەری– هیسە–بوو
ڕۆژهەڵاتی ختسەژێر چاوی(ئامینە)
مەولەوی بە چاوانی گەورەی فرمێسکی بەگوڕ دارژان
ئەشک بوو بە کۆتر
چووە سەر قامەتی(خۆرەکەی تەبرێزی)
ئێستاکەش لەڕەزگەی چواردەوری منارەو گۆمەزی دێرینی تاوەگۆز

دەروێشی شیعری تەر
سەفەری ڕۆژهەڵاتیان پێیەو
لەسەمای قەفقاسیش گوڵ دەگرن

(٣)

بۆ گڕی ئارەزووی خودایی ئەوشەوە
دۆزەخی گوناهی زۆردووری(فەروغی)خۆم دیوە
بۆ ڕۆحی سەرکێشم
ئەسپێکم بۆ ئاسمان زین کردو
هەر لەنێو تاریکی بێدەنگی خەڵوەتگاو ناوداڵان
من ئەوم بە چاوی تەڕی خۆم
بە دڵی پڕسۆزی خۆم دیوە
کە دوێنێ منتان دی لە کتێبی شەفەق سەری خۆم دادێناو
لە کەشتی سەرخۆشی رامبۆدا گولاوم پیادەکرد
لەسەمای ئەودیوی هۆشمەوە
تێکەڵی مەشخەڵی ڕێ دەبووم
ئێستاکە پیریەتی سووتاندی
کەوتومە پاوانی ناوساڵان
من و پیرو چاکە شێتەکەی بەرماڵان
لە کەزی درێژی ڕۆح ئالاین

# وەرزێک لە گوناه وەرزێک لە ئایدیا

حیکمەتی مەستی بوو یا عیبرەتی ئاگاهی
لەشکری نەورەس و فریشتە پێکەوە
چونەوە قەفەزی ئازادی و خۆیان کوشت
بەر لەوەی لە چەمکی جورئەت و
شمشێری هەق بگەن
تەیرەکان لە سامی ئەسپە دۆمیەکانی تەروادە
یەک یەکە خۆیان لە خەرەندان هاوێشت و
باریان کرد
فەزاییێک کەناری
ئاسمانێک لە عاج و سەدەفی سوڵتانی
کیشوەرێک لە فیردەوس
لە کۆشکە تەنگ و تارەکانی ڕۆژهەڵات
دوای ئاوابوونی خۆر
چوونەوە ناو ماڵی شوشەیێ یەئسی تاڵ
پیرۆزی باران و قەدیفەی ڕۆحیان
بووبە تەم بەسەر پەنجەرەکانی سەر زەوی
تەوقێکی ژەهر ڕێژ
جەللادی وەڕسی وەک گەڵا
ڕژانە نێو سینەو مەمکی زۆر زۆر سپی
ئەو دیلانەی کەوا جەستەیان لە رەحم و ڤیانە
دڵیشیان لە ئاوی کەوسەرێ
هێشتاکە زۆر زووە بتوانین
قسە لەگەڵ بلوری خەیاڵ کەین
تۆزێ لە بخوری نێو لەپ و
ڕشتەیێ زەنگیانەی شەبەق و
گرێکی ئەمانمان لە کەف و کوڵی خۆی بداتێ

هێشتاکە زۆر زووە بتوانین
لەبەر قاپی خەون بوەستین
قەدەرێ یۆتۆپیاو
کۆمارێ مەستیمان پێ بەخشێ
حیکمەتێکی قورسە عیبرەتی پرسیار
سەفەرم خووی پێوەگرتووە
لەژێریا پشتم و هەزاران کتێب و کورپۆتەوە
لە دورەوە حەوزێ لە هود هودو
بستە خاکێ لە نوور
دورگەیێ لەهەر ماسی سپی ڤاوستی
سەرابەو سەراب نییە
کەنارێ رووت و قووت
لە جەستەی شەونمییەکانی ئەودیوی قیامەت
مەمکیان چرای سەر زەمینە
فەلسەفەیان تێکەڵبوونی سەدەفی هەوەس و
ئەبەنووسی داوێنیانە
نەمتوانی سەفەرم دوابخەم
بۆ مەملەکەتی خزین بەسەر ئەو جەستە
نیلۆفەریانەی
وا لەتەک ئاگری دەرونیان
لە جەنگی سوهاقی شەربەتی شەهادەت دەنۆشن
پاڵەوانەکانیش شەمشێریان سڕبووە
ئیستاکە لەمیانی گریان و سەفەردا
تەنێکم شەلاڵی عەزاب و تاوسی رەوحانی
مێوانم لە کۆشکە تاق بەرزەکانی عیرفانەوە
ڕاهاتووم
گەرەکمە فریشتەییم بەتاڵ کەم
جلی ئەو حیکمەتە فرێدەم

تازە ناتوانم من وەک جاران
لە بنار بەرزەخی زۆر دووری قەدەرا
کەون بخەمە ناو لەپی شعورو رامێنم
ناتوانم وەک جاران
کتێبی پەندەپاراوەکان لە ئامێز بگرم و
نەچمەوە ئاپۆڕەی پۆرسەیێ
جاڕی جەستە دەدا
طەلەبی شمشێرێ لە ئیرۆسیم دەکا
سەرابەو سەراب نییە
چەند دوورە بتوانم ئەو هەموو سینە پان و سافە
لەشیری خلودێ غەرق کەم
لەوێدا لەنێو ئەو مەتهەرە نورانیە
دیلێتی بە تەنها کەمەندی گەردنە
مەستیشمان لە شوشە شەرابی شەفەقی
هێشتاکە زۆر زووە بتوانم
من دەقی زمانی ئەو سیحرە داڕێژم
تا بگەمە کۆماری ئەندێشەو رازیانەی
گومانم بداتێ
ئەوەتا لە حەبسە دوورەکانی دەروون
کەسەدان نێرڤانای شیعری لێ دیل کردووم
بۆ ڕێگای سەفەرم بانگ دەکەن
ئەوسەری دۆستێکی دێرینی مەحاڵە
ئیستاکە درەنگە ناتوانم
لە وردوخاشبوونی خۆم خۆشبم
ناتوانم وەک جاران
دیشلەمەی ئاگاهی ئاواکەم
حیکمەتی مەستی بوو یا پابەندی میثال
ڕوخساری تەمگرتووی مەستەکان

بەسەر ئەو مێزانەوە جێماون
بەر لە من چوون بۆ ئەو سەفەری مەحاڵە
بوتڵیان خاڵی کرد لەشەڕی جوانی
ئەوێستاش درەنگەو سەفەری خۆش نەما
کاتیشمان بەسەرچوو
تا لەگەڵ ئایدیا چەند شەکرێ بشکێنین
ئەم دەقەش تەواوکەین

# شیکار

ماڵێک بۆ هەمووان
ماڵێک بۆ جوانی
ماڵێک بۆ شایی
ماڵێک بۆ حیکایەت
ماڵێک بۆ ئێستا
ماڵەکەی هەموومان نە دەرگای هەیە نە پەنجەرە
ماڵەکەی جوانی کرایە کارگەی خۆڵەمێش
ماڵی شاییش ئێستا دیوەخانی پرسەیە
ماڵەکەی حیکایەتیش بۆتە مەتحەفی شۆڕشان
ماڵی ئێستاش بۆتە ئەلبوومی شەهیدان
حیکمەتێکی کۆنینە
حیکمەتێکی پڕ لە نوور
حیکمەتێکی ئاگراوی
حیکمەتێکی تووڕە
حیکمەتی کۆنینەوەمان فڕێ دایە دەریا
حیکمەتی پڕ لە نورمان کوژاندەوە
حیکمەتی ئاگراویمان دایەوە زەردەشت
حیکمەتی تووڕەشمان کردە پاشاو قامچیەکمان دایە دەست.
کتێبێک لە باخەڵی شا
کتێبێک لەسەر ڕانی پیرێ
کتێبێک لە ڕەفەی دیوار
کتێبێک لەبەر ڕەشەبا
کتێبەکەی باخەڵی شا نەخشەیەک بوو بۆ کودێتا
کتێبەکەی سەر ڕانی پیرێ خەونی دوارۆژ
کتێبەکەی سەر ڕەفی دیوار هی دەستێکی پڕ لە نوورە
کتێبەکەی بەر ڕەشەباش هی نیشتمانی منە

ئیمارەتی سۆران
ئیمارەتی بابان
ئیمارەتی بادینان
ئیمارەتی ئەردەڵان
ئیمارەتی ئێستا
ئیمارەتی سۆران کۆمەڵە سوارێکی سەرگەردان بوون
ئیمارەتی بابان کۆمەڵە شێرێکی کوێر بوون
ئیمارەتی بادینان قەفتەی شمشێرێکی شکاو
ئیمارەتی ئەردەڵان کارگەیەکی بێ ئاگر
ئیمارەتی ئێستاکەشمان نیشتمانێکە بێ تەمان
خەمێک بۆ برین
خەمێک بۆ سنوور
خەمێک بۆ گەل
تاجە گوڵێک
خەمێک بۆ برین بەشی هەموو برینەکان ناکا
خەمێک بۆ سنوور دادی هەموو گورگان نادا
خەمێک بۆ گەل ناکاتە دەمێک دڵپاکی
تاجە گوڵێکیش بەشی ئەو هەموو شەهیدە ناکات
ڕەوە ئەسپێ
ڕەوە سوارێ
باقە گیایێ
باقە ئەستێرەیێ
من
ڕەوە ئەسپێ لە ترسی هەڵەمووت چوونەوە ئەشکەوتان
ڕەوە سوارێ لە خەرەندان هەڵدێران
باقە گیایێ لەترسی سیس بوون دەگریان
باقە ئەستێرەیێ لە ترسی هەورە تریشقە دارژان
منیش لە وەڕسی پیربووم

کۆتایی شەو
سەرەتای سپێدە
دوورترین کەنار
قووڵترین برین
کۆتایی شەو دڵێ بوو شیعری تیا مرد
سەرەتای سپێدە شەوێ بوو مانگی تیا زا
دوورترین کەنار خەونێکە لە کۆڵانەکانی یوتوپیا
قووڵترین برینیش نیشتمانێکە لەبەر ڕەشەبا
گەڕانەوەی با
کۆچی مەلان
مەرگی شاعیر
ڕووخانی ئاسمان
گەڕانەوەی با کاتێک بوو گەڵاکان چووبوونە ماڵ
کۆچی مەلان ئەوکاتە بوو هەموو کۆشکەکان تەپی بوون
مەرگی شاعیر ئەوکاتە بوو نیشتمان کەسی تیا نەما
ڕووخانی ئاسمان کاتێک بوو باران کوژرا.

# هاشم سەڕاج



# دەق = دەق = دەق

هاشم سەراج

با لە (مایا)وە دەسپێبکەین مایا وشەیەکی هیندۆسییەو مانای وەهم دەگەیەنێ و لە شیرازەی فەلسەفەی شۆپنهاوەردا دەلالەی کۆمەڵە وەهمێکەو چارەنووسی ڕاستەقینەمان لێ دەشارێتەوە، پرۆسەی شیعر سەربەگەمە ئیستاتیکیەکانی منی شیعرەو بەدەسەلاتێکی مەعریفییەوە لەنێو تەون و تۆڕە ئاڵۆزەکانی زماندا دەکەوێتە کارکردن و هەوڵدەدا بۆنیادەکانی فرەوان بکاو ڕووبەڕووی ئەودیوی ماناو دەلالە تەمتومانیەکانی مایاکان ببێتەوە، بە چەمکێکی تر هەوڵ و کۆشش و خواستەکانی کۆژیتۆیەو لەمیان خولْقاندنی کۆمەڵێک سیمبۆل، و ئاماژە و زناک و ئەیقۆن ، دیالۆژەوە٠٠هتد.

گەمانە ئەنتۆلۆژییەکانی ئەنجام دەدا، ئەم پرۆسەیەش گەڕانێکی لەززەتمەندی بەردەوامی خولقێنەرانەیەو وێڵبوونە بەدوای ئەو چرکە ئاسودەگیانەی کە لە ژێر تارمایی مایاکاندا ماسک پۆش کراون، پرۆسەی شیعر کارکردنێکی نیمچە شێتگیرانەیە لە نێو فەزای هەمەلایەنەی ئالسونیەت و ئەفراندنی بارستێکە لە سیمۆلۆژیا، بە پێکهەلکاندنی دال و مەدلوولەکان و تۆمارکردنی گوتارێکی جیاواز، ئەمەیش بەبەرپاکردنی کردەی ئاخاوتنێکی تایبەتمەند لەو فۆنیمە پەنگخواردوانەی کە لە بونیادی عەقڵ و ڕۆحدا پەنهان کراون.

ئاراستەکردنی گەمەی مۆرفیمەکان بەرەو تۆبۆگرافیای دەقێک کەتیایدا پێوەندییە بایۆلۆژییەکانی زمان بە میکانیزمێکی تایبەتمەند بەڕێوەدەبرێن ، و ئاماژە ئیستاتیکیەکان جۆرەها ماناو سیمانتیکی نوژەن و جیاواز دەگوازنەوە کە چەندین ئاست و کەناڵی جیاجیای مەعریفی بە ڕێکخستن و نەسقکارییەوە پێکهاتە درەوشاوەکانی دەق پێکدەهێنن و زۆرجار ئاستێک بەرێژەیەک بەسەر ئاستەکانی تردا زاڵدەبێ و زەمینە بۆ جیهانبینی خۆش دەکا٠٠ دەتوانین لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئاستەکانی دەقی شیعر بەڕووتەختێکی بەهاراتی بچوێنین کەخانە بچکۆڵەکانی پڕیەتی لەم کەرەستانەی خوارەوە(دیمەنی دوکانێکی بەهاراتفرۆشی لە هەولێردا) زەردەچەوە، هێڵ، دارچین، کاری، بریانی، ڕازیانە، ئاڵەت، قەنەفل، بیبەری سووری تون، بۆن و بەرامەی هەمەڕەنگی چێشتلێنان) هەڵبەتە هەرکەرەستەیەک لەم دیمەنە گشتییەی بەهاراتیەدا یەکەیەکی سەربەخۆیەو پێوەندییەکی نەسقکاری کۆی کردونەتەوە٠٠ چەنێ لە ڕووتەختەکە نزیک بکەوینەوە هەست دەکەین جۆرێک لە بۆن بۆ نمونە(ڕازیانە) زێتر هەژموون و دەسەلاتی خۆی بەسەر دیمەنەکەدا دەسەپێنێ و هەستی بۆنکردنمان لەلا دەووروژێنێ٠٠ کەواتە ڕازیانە وەک ئاستێکی هەژموون کراوەی سروشتی لە بونیادی گشتی دیمەنە دابەشسازیەکەدا زاڵترین ئاستە سەبارەت بە ئاستەکانی تر٠٠

ئەگەر هەمان دیمەن لەگەڵ دنیای هونەری پلاستیکا یا چەند تابلۆیەکی هونەرمەندانی شێوەکار لەوانە (نامق علی، سەردار سنجاوی، عەدالەت ڕەزا) بەراورد بکرێ، لە ڕووی بنەماکانی هونەر و بەرجەستەکردنی ئیقاع و بزاقی تروسکەی ڕەنگەکان، و جیهانبینی ٠٠هتد، دیمەنە بەهاراتییەکە بە هیچ شێوەیەک ئامادەگی خۆی ناسەلمێنێ دەمەوێ بڵێم دیمەنی نیمچە خۆرسک و نەسقی دابەشسازی کەرەستەیی، یا گەمەی ساکارانەی ڕیزکردنی وشە لەوانەیە لە بوارەکانی ئەدەب و هونەردا هەندێ خەسڵەتی ئاستی رووکەش بخولقێنن بەلام هەرگیز ئەم دیمەن و گەمەساکارانە نابنە هەڵگری ئاستێکی مەعریفی، چونکە لە ئاکامدا مەعریفە کردەیەکی بالای جیهانبینیە٠٠ هەروەها تێترنجاندن و تێئاخنینی هەندێ ئاست، کە بە شێوەیەکی زۆرەملێ و دەستئانقەست بە

تایبەتیش لە بواری شیعردا ئەنجام دەدرێ سەد دەرسەد شیرازەی گەمە جوانەکان تێک دەدا و دەقێکی شێوێنراوی داخراوی وشک و برینگ دێنێتەکایەوە هەردەم (منی شیعر).

لەم بەرپاکردنی گەمەی جوانا وییەدا خاوەندی سیستەمێکی مەعریفی و چرکەکانی بەهرەی دۆزەخیە هەوڵدەدا لەمیان پێوەندییە جیاوازەکانی زمانەوە مەعریفەی پەتی(الخالص) بە بەرهەم بهێنێ، ئەمەیش بە هۆی زەینی نوێ و تەکنیک و کەرەستەی جیاوازەوە دەسەڵاتە جیاجیاکانی ڕابردوو هەڵتەکێنێ و جۆرە دابڕانێک لە پانتاییەکانی ئەدەبی نەتەوەکەیدا ئەنجام دەدا۰۰۰ مەعریفەی پەتیش بەرهەمی کردەو پرۆسەی شیعرییەکانی گەمە ئەنتۆلۆژییەکانیەتی۰۰یا چرکە تەلیسماوییەکانی فەرهەنگە نهێنییەکانی ئاخاوتن کە لە ژێر مایای خودیەتی منی شیعری تاکەوە پەنگیانخواردووەو پەیوەستن بەلەحزەی هەستی ئیستاتیکایی، مەینەتگیری و جۆرێک لە سوفیزمی تێکەڵ بە نەهلەستیەت چرکەکانی تێرامان لە گشتێک بە چەمکی هیگلی. یا ئاپۆرەترین حەشاماتی جەڵەبی مرۆڤایەتی ۰۰جیهانێک لەو نمرانەی وردە وردە ئیکسپایەر دەبن لێشاوەکان لێکدی دادەبڕێن و لێشاوی تر شوێنیان دەگرێتەوە۰۰ پاشان دەریاچەیەک لەزناک دەدرەوشێتەوەو بەس۰۰ بەمجۆرە پێوەندییە سیمانتیکیەکان لە بونیادی قووڵی دەقدا بەرجەستە دەکرێن۰۰ دەتوانم بڵێم مەعریفەی پەتی تەنیا پێوەندییەکی ئاسۆیی لەگەڵ مەعریفەکانی تری وەک کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەبەستێ ئەگینا ئەو بە کۆمەڵێک ئاست و دوالیزمی دانسقەو دالی دەلال و میکانیزمی تایبەتمەند پێوەندییە ستوونیەکانی سەقامگیری نێو تۆڕە ئاڵۆزەکاوەکانی فەزای دەق دەکا۰۰ چونکە بەرهەمهێنانی مەعریفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی زێتر پابەندی(ئنتلجنسیا)یە واتە چینی پیاوانی هزر یا هزر ڤانان۰۰ کە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، لەمەڕ داڕشتنی ستراتیژو زەمینە خۆشکردنی نوێگەری کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن و کەچی لە کۆمەڵگای ئێمەدا غیابی (ئنتلجنسیا) گەورەترین کارەساتی بۆ (منی شیعر)و چارەنووسی نەتەوە خوڵقاندووە۰۰ دەتوانم بڵێم غیابی ئەم توێژە مەزنترین هۆکارێکە کە تا ئێستە کورد نەبۆتە خودان کیان و دەوڵەتی خۆی و هەروەها یەکەمین ژیناتی شانەی بیری فەلسەفی لە پانتاییەکانی کولتوورو مێژو، زماندا دیارینەکراوە۰۰ لێرەوە ناعەقلانیەتی هزری کوردی چەندین کیشەو ئاستەنگی بۆ(منی شیعر) جێ هێشتووە، لەم سەردەمەی ئیستاشماندا نغرۆبوونی توێژی ئەکادیمیەکانی کورد لەنێو (فیلولوژیا) دا(فقەاللغە)(مێژووی ئەدەب و بەراوردکاری دەق و هتد) و بایەخ نەدانیان بەکایەو کەناڵەکانی عەقلانیەت و ڕەتکردنەوەی میتۆدەکانی ئالسونیەت و بونیادگەری۰۰هتد دژوارترین مەرگەساتی لە ڕووی هزرو جیهانبینی شیعرەوە دروستکردووە لە کاتێکدا ئەم تەوژمە مەنهەجیانە خزمەتی سەد دەر سەدی بەرژەوەندیی نوێگەری شیعر دەکەن.

ئیتر گەمە ئەنتۆلۆژییەکانی (منی شیعر) ڕووبەڕووی هزری ئارسۆدەکسیەتی دەقە صەومەعیەکانی ڕەخنەی۰۰ (HERMETIC) دەبێتەوەو دەکەوێتە ململانێیەکی ئەبەدیانە لەگەڵ ئەو نووسراوە داخراو و ئاڵۆسکاوە ناجوانانەی کە لە ژێر فشاری عەقڵیەتێکی خۆڕسکی ڕابردوو ئامێزدا ئەنجام دەدرێن یا ئەو نووسراوە ڕووکەشانەی بە هەمان فۆرم و ئیقاعی سەردەمی کۆن خۆ دەبارە دەکەنەوە۰۰ ئەمێستاش (منی شیعر) وەک کەنارنشینێک هەوڵدەدا سوودمەندبێ بەو تەکنیک و کەرەستەو زانستە زمانەوانیانەی کە(سەنتەر) بەبەرهەمی دەهێنێ و یا ئەو تێزە فیکرییانەی کە لە ڕێگای وێناکردنی عەقڵی ئەبستیمیەوە سەیری پێوەندییەکانی نێوان گەردوون، مرۆڤ، شتەکان، ۰۰هتد دەکەن.

تا بتوانێ بە هۆی بەرپاکردنی رێنیسانسێکی تاکە کەسی و دەسەبەرکردنی دەسەڵاتێکی مەعریفی لەمیان پرۆسەی نووسینەوەو خولْقاندنی کۆمەڵێک تەکنیک و کەرستەو جیهانبینی جیاواز کە لە بارستە سیمۆلۆژییەکدا بدرەوشێنەوە تا (منی شیعر) خۆی لە پەراوێزیەتی بەکەناربوونی (ئەو) دەرباز بکا٠٠ ئیتر بەو مۆرک و خەسڵەتی نائومێدییەوە هەوڵدەدا وەکو تاکێکی هەمیشە یاخی بە ڕێگای مەعریفە پەتیەکانەوە پابەندی پرۆسەی خولْقاندنی ئاخاوتن و وێرای متمانەکردن بە تێزی عەقلانیەت بەرەو نوێگەری ئیستاتیکی بە چەمکی (یوگن هابرماس هابرماس) کە پەیوەستە بەحیسی نەهلستییەوە، تەقاندنەوەی ئەو هێزە شیعرییەدا ینۆسیزییەی لەناو پێوەندییەکانی زماندا خەفەکراوە٠٠ ئەو هێلّە شێتەئەنگێزەی کە لە (جۆرج باتای) یەوە دەسپێدەکاو ڕووەو میشێل فۆکۆ و تا جاک درێدا و هەڵوەشاندنەوەی بونیادەکان٠٠ بەمجۆرە (منی شیعر) دەبێتە خاوەن دڵنیاییەکی ئەنتۆلۆژی وماسکەمایاوییەکان زیواڵ بە زیواڵ دەکاو چونکە بوونی ئینسان بونێکە لە«زەمەن» دا کیرکجارد.

(منی شیعر) بەدەسەڵاتێکی مەعریفیوە (هزرڤانێکی خودییە) دەرکی ئەوە دەکا کە تەنیا ڕەنگە جوانەکانی جەستەمولْکی خۆیەتی، بەمجۆرە دەکەوێتە بەرپاکردنی دژەشۆڕشێک ڕووەو ناخ و دەروون بەئارمانجی بەیدەسکردنی لەحزە مەلعونیەکانی وجود لە فەزا دۆزەخییەکانی خوددا و پەرش و بڵاوکردنی دیدو گۆشەنیگا تژی لە مەترسییەکان لەژێر تۆڕە تارماییی ئامێزەکانی کۆ(ثیمە)دا خڕوقاتە ناوازەکانی زمان دەدرەوشێنەوەو دەق دەبێتە توحفە کریستاڵێک لە سیمولۆژیا ٠٠یا بارستێک لەجیۆلۆژیا٠٠و بە گوفتارێکی (ڕۆلان بارت) دەق لە(سەلکە پیازێ) دەکاچین چین توێ توێ هەرچەند پەلکەکانی هەڵدەیتەوە، ناگەی بە کرۆک و ناوەڕۆکەکەی.

# گەمەی مۆرفیمەکان

بۆ سەروەر و بەیان

ئاقیبەت گەمە دۆزەخیەکە بەردەوام دەبێ و
ئێمەیش چنگمان پڕ نەردو کراسە ئاودامانەکانمان
سیخناخ لە داشی شەترەنج
ڕووەو گەمەی بالۆنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی هزرو
دەبدە بە پەژمووردەکانی ئالۆش هەنگاو دەنێین
هەنگاو دەنێین – دەبدەبە پەژمووردەکانی ئالۆش، و
بالۆنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی هزر)
(سۆلین تاک تاک سۆلە سوورمەییەکانی تورِ هەڵدەدا و
نقێمە دووپشکاوییەکەی گەردنی دەدرەخشێ
ئەی ! درەخشانەوەی دوا چرکە ساتەکانی مەرگی ئاڵ
بدەرەخشێ٠٠ب د ر ە خ ش ێ
پەرتەوازە بە حەزە شەرابییەکانی مۆرفێمەکانی دردۆنگی
لەم چیمەنستانە ئاگراوییەدا٠٠پ ە ر ت ە وازە بە
بەڵکو گەمەکان ئەنجامدەدەین، و زەمەنە زیوییەکانی
زنارە بەساڵکەوتووەکان بە جووڵە دێنین!
نە سێبەرەکانی (ئەلف)نە تارماییەکانی(بێ)
دەسەبەردەکرێن
نهێنیە فەسلەجیە وەنەوشاوەییە ئاڵۆزکاوەکان
دەسە پاچەمان دەکەن و تەراتیلە سەحەرییەکان
تەنگژەترین کەسەرمان بە ئاوەژوویی دەلەنجێنن
ئەمە کوشندەترین نیگەرانیەکانی ووجوود و
فانتازیترین ماکەکانی مەرگە
سروەیەکە لەمراز، و ئۆخژنێکە لە ئومێد،
هیڤیدارترین هەوڵە هەتاوییە هەڵایساوەکان
لە عبوورێکی فیردەوسە جوانەکان بەولاوە چیتر نییە
لەم سەیرووڕەی وازییە زەمە ناوییە چ بکەین؟
جەستەیەکی پەژموودەو ڕۆحێکی کەسیرەی سۆسنی
سۆسنترین گوڵە وەرزییەکانی گیان
ئەی! بوونەوەری بولێڵەکانی کانیە قەشەنگەکانی هۆش
ئای! قوماربازترین مۆرفێمەکانی خشتە بەندییەکانی ڕۆح

ئێمە سەرکەوتووترین بەدبەختییەکانی تەمەنین
جاویدانەییش پەشمینترین چرکە پەشمینەکانی پەرێشانی
سۆلین ئەی س و ل ی ن
وەرزشی عەبەس تێر میوەجاتی عیشقی نەکردین
خودی خەڵووزی نەسرووشا/ نەوورۆژا
ئەی! ژەهراویترین سرووش – بەو شەیداترین لەنجەیە
دەربازمانکە لەو هاوکێشە مەستاوییە دەربازمانکە
بە کوشتدران، پەپوولە سپاتەکانی شیعر و چرکە گەمژاوییەکان
بەو شەپۆلی عیشقاوییە شیعراوییە یەکتاپەرستاوییە
ڕەسەنترمانکە/ هۆ! ڕەمز بارترین فریشتە
بنۆشین! شەڕابی بەهێکانی جەستە نهێنییە فیردەوساوییەکان
بکرۆژین! قەندە مەرمەڕییەکانی گەردنە عیشقاوییەکان
بدۆشین! لەو لەززەتی گۆی سینەبازە سەرمەدیانە
بپۆشین! پۆشەنەکانی ئەتڵەسی سوندسی، ئەستەبرەقەکانی سێو
هوروژمی وەرزەکان، چەهچەهەی پیتەکان
بشکێنین! قاڵبی ژەنگاوی (وەک) کەکان
ڕەسەنترمانکە دەربازمانکە سەرفرازمانکە
ئەی فریوبازترین جوانی
فانتازیترین شیعری خودا وەنداویمان پێببەخشە
ئەی زراڤیترین باڵا بڵندی ڕەهاکانی ئاسمان
بەو بەرزیترین باڵایەزداناویە چلۆن بیردەکەیتەوە؟
پێکێ لەو خەونەوەنەوشاوەییانە سوسەنیانە دەخۆمەوەو
تاک تاک سۆلە سورمەییەکان هەڵدەدەم
هەڵدەدەم پۆشەنی ئەتڵەسی، سوسەنی ئەستەبرەقی
گەمانن گەشتە جەهەنەمیەکانی زیندەگی
وازییە وازەنینیە واز واز بووەکانی زەخم و خەفەتە
زریزەی زریانە زبوبییەکانی زەمهەریری
زراڤیترین بەرزییەکانی عیشقی باڵایا
بەمتەرزە. . نازداریترین خەونە ئالۆشاوییە شەبەقئامێزەکانی
س و ل ی ن. . بەو جەستە پارچە سەهۆڵیانەوە دەرەقسێ
قل قل کەمەی عەینەکان لێکدی گرێ دەداو
ع،ع،ع، ئەی کەمەربەندی عەلەتریکاوی
ڕەوشە نمانکە. . حروفە هەڵوەشاوەکان دەزریکێنن
بابچریکێنن کەنارییەکاکاو ڕەنگەکانی وشە
بدرەوشێنن دالەکان، بژاکێنن چەمکەکان
تنۆکە چەهچەهەی لەززەتاوی نەفریناوی هەڵوەرێنن

کێ دەکارێ! بڵندترین بەژنی شیعرێکی شەڕابی بخواتەوە؟
کێ دەکارێ! سەفەرە ئاوریشماوییەکانی دووکەڵ بخواتەوە؟
بچریکێنە ئەی وشە بە نەغمەی کۆکاینی پیتە کاکاو ڕەنگەکان
سەرمەستیین بەو غەیبوبەی عەدەمە
هەڵمژین سیرە ئەفسوناوییە بەنگاوییەکان
با نەشەوتین لەم گەردوونە کەنەفتە
هەڵدەدەین سۆلەکان، گۆڕەوییە حەلواییەکان
زێڵمان خەڵتانی زووخاڵ، وڕۆحمان وردە شوشاوییە
کەی دەچریکێنن؟ لە کوێنە پیتە شەککەرییەکان؟
بەو پێخاوسییە چیمەناوییە گۆرانییەکانی عەبەس دەچرین
هەڵدەدەین نەردەکان، داشەکان، بازەکان، ڕازەکان
سۆلین ئەی سۆلین
بازدەدەین لە سەکۆی مەرگەکان
( بە چاوە شەمشەمە کوێرییەکان، دۆشداماوترین
نووشتەی سینەی بازان دەخوێنینەوە
با بزریکێنن پیتە بریندارابووەکانی ئەزەڵ
قافەکان قاسپەن و زێیەکان – زریزەی ئومێدن
بەو نەردو شەترەنجەی زریکەن ٠٠٠ز ز ز
گرێینە عەینەکان ع ع ع
قیژەنە قافەکان ق ق ق

| |
|---|
| قابقابەکانی قاف/ حەللانەکانی حێ<br>هەڵهەڵەی هێ / عەرعەری ع<br>خەردەلەکانی خێ / ئاتوونی<br>تاقانە ترین ئەلف جۆشدەدەن |

لە کوێنە؟ با بچریکێنن پیتە سوسنیە ئەتڵەسیەکان
لەو سرووتی تەلیسماوی زەمزەمەنووساوەیەدا
ئاوێنە بازناوییەکان غوربەتاوییەکان
سیمیای هێشووە ووشە پەرجۆی پیتە نەبزوێنەکان
دەستی فۆبیاوی گەشکاوی جنۆکاوی
لە چرکە ساتە پەمەییەکانی بوونمان دەوەشێنن
باز باز بازە لەنجەو لارییەکان
بە سیرەی دۆزەخینی سیحر بازییەوە
بازی سپی / بازە دڵۆپە شیراوییەکان دەبڕن، و
لەشی قوچەکی دەڕەقسێنن

بازباز بازە تلیاکیەکان
مۆرفینیەکان
کۆکاینیەکان
بە سیرەی دۆزەخینی سیحر بازییەوە چ دەکەن؟
باز مەلێکی جوانە ترسناکیشە)
(باز ترسناکترین مەلێکی جوانە)
(سۆلێ باڵابنێسترین زراڤیترین سینەبازە ترسناکیشە)
پەڕیان لە پەشمەکی هەور، و بۆیەی پەلکە زێڕینە
بۆ مێخەکیەکان دەنێن و
دەسبازی گەڵا قورقوشمیەکانی
دارستانی عەقڵ/ و توولە مارە خوڕافیەکانی
بیرکردنەوە دەکەن/ شەونمی مەزەندەو
هەڵمی سرووش دەوروژێنن
خۆڵەمێشە قەقنە ساوییەکان بە کێڵگەی زیندەگی و
مەزرای مۆرفێمە سەرشێتەکان پەرت دەکەن
تاپۆی قامووسە خۆڕسکەکان هەڵدەبزرکێن
زمانە ناهزراوییەکان ئەو پانتاییە نەقشدار ناکەن
پێویستە دیدەنی ئەو (خۆی)بکەم
داشە شینە سورباوە بێڕەنگەکان لە
تاکە سۆلێکی شەککەری جوانترن
سۆلە سۆلینیەکان لە پادەکەین، ڕادەکەین
هەڵدەنشنەوە، دەوەستین
بازەتلیاکاوییەکان هەڵدەفڕنەوە
هەڵدەفڕن ئەو بازە پڕۆمسیۆسیانەی
مەڕمەڕی سینە کون دەکەن
بابچریکێنن فڕندە ئاگرینەی، زەیتون ڕەنگەکانی ژیان و
سوور ڕەنگەکانی دۆزەخ
تازە بەو پێخاوسیە جەستە مۆرفیناوییە چ دەکەی؟
تاک تاک سۆلەکانم هەڵدەدەم
قاچت لە چقڵە ژەهراوییەکان دەپارێزن
ئەی! ژەهراوی ئیلهام بەخش بەختەوەرمانکە
دوێنێ داشەکانمان پەرش نەکرد ئیمڕۆش نا
نەردەکانمان هەڵنەدا ئیمڕۆش نا
وڕێنە نەستاوییە سیرە بازاوییەکان تێر لەززەتی نەکردین)
(سۆلین یان دیار دەبێ یاخود دیار نابێ)
(داشەکان دیارن و دیاریش نینە)

(نەردەکان یان دیار دەبن یاخود دیارنابن)
ئەی قوماربازیترین شەترەنجە تێکشکاوەکەی عیشق
زێڵمان خەڵتانی زووخاڵ، و ئاگرە سپیەکانی زایەند
هەڵچوونیترین دەستەواژەمان پێدەبەخشێ
خۆشمان دەوێی ئەی فیتنەبازترین جوانیەکانی ڕەها
ڕەدووکەوتن پیتەکان بەتاڵبوون بەتاڵ دەسەواژەو ڕستەکان)
خۆشمان دەوێ٠٠ بەویەکتاپەرستاوییە ئەڤیناوییە
هەموو سۆلینە بازاوییە سپیەکانمان خۆش دەوێ
ڕەشەکان نا شەوەکانمان خۆشدەوێ ڕۆژەکان نا
سۆلین پاکیزەترین باز بێوەژنە چلۆن گەمەکان ئەنجام دەدا
(گەمانە نەرداوییە شەترەنجاوییە مەرگاویە سێکساوییەکان،
ئاخر ئەو باوەشەستیان و پۆشەنە گوڵگوڵیانە کەیلی ووشەن
دەزریکێنن/ خۆشمان دەوێ/ نەزنجێ دیارە
تۆزێ پشووبەین، نەزەریا چەشەڕابێکی خەوناوی
دەبدەنە ئالۆشاوییەکان پەژموورەدەبن چ دەکەین؟
هەڵدەدەین سۆلەکان، دەکرۆژین گەردنی
قەندە مەڕمەڕییەکان٠٠
ئەو سۆلەی کە لە پای نەکردووە ئەوی هەڵدا
بەرەو کوێ
دەژاکێن، نەردەکان، عومرەکان، داشەکان، جەستەکان، شەرمەکان
(سۆلین کەساس، و زرنگە)
(سۆلین کەساسە بەڵام زرنگە)
(سۆلین لەگەڵ ئەوەی کەساسە بەڵام زرنگیشە)
ئەی بەرزیترین بنێس، بەو زراڤیە ئاتەشیە
سەما بکەو کەمەرت بئاڵێ لە قەوزەی شەڕابی عیشقەکان
پەرشبێ ئەو قژە شەوڕەنگە، داپۆشێ گەردن و بەهێیان
چەنێ باڵاکەو بەرزە، باڵاکەو چەنێ بەرزە)
(هەموو سۆلینەکان پاکیزەن، شوویان نەکردووە)
(شوویان نەکردووە سۆلینە پاکیزەییەکان)
(پاکیزەییە سۆلینەکان شوویان نەکردووە)
(سۆلین نەزۆکترین پاکیزەیە، شووی نەکردووە)
(بێوەژنترین کچی دەڤەرە شەڕابییەکانە)
(ئەو بازە سپییەکەی ڕاوکرد)
(بازە سپییەکە لەلایەن ئەوەوە ڕاوکرا)
ئەی! دوژمنیترین بازی پرۆمسیۆسی لەشمان کەیلی ئاگرە
داشە مەرجاناوییەکان، نەردە کریستاڵیەکانی نێو باخەڵی

دەنووکرێژ کرا.
با بلەنجێن بەو پەردە پەرمێشیە بگەوزێن مافووری ئەتلەسیە
بەمناوەختیە دووبەختیە: ئەی پیتە کۆکایناوییەکان
وازییەکانی زەخم و خەفەت چلۆن ئەنجام دەدرێ
نەئاگردانە قامیشە لاناوییەکان نەرێگا، مەیخاناوییەکان
نەزانیارییە تلیاکاویەکان لە ئارادانە)
سۆلینیش (منالّیەکانی کچێتی بەرزێتیەکانی
قوولاّیی و، جوانیەکانی دۆستایەتی پاراستووە)
با پایەدار بێ خەیالّ سەروەریترە لە واقیع
سۆلین کراسێکە لە خەیالّێکی خەردەلی، سرووشێکی
سوورباو، و هزرێکی پرتەقالّی
خۆشمان دەوێ ی ئەی ژەهراویترین نەفریناویترین
ئیلهام.. هەلّدەدەین نەردەکان، بازەکان، سازەکان
ڕازەکان دەگەچلّێنین کراسە ڕەنگاو ڕەنگەکان
زیندەگی چێترە لەمەرگ هەر نەبێ گەمانە
بازاوییە ئەندێشاوییە مۆرفیێماوییەکانی تیا ئەنجام دەدرێ
مەرگ مەرگە و زیندەگیش زیندەگییە
هەموو بازێک فرندەیە و هەموو فرندەیەکیش بازنیە
سۆلین ئەی سۆلین
(سۆلەکان هەلّمە دە، بازییە بازاوییەکە عەقلّت دەشێوێنێ)
ئێمە نەردەکانمان هەلّدەدا، و جێگۆرکێمان بەبەردە
سپیەکان دەکرد زاق زاق قەلّەڕەش زنارە پیرۆزەکانی
شیعرە شەرابیەکانیان داگیردەکرد
ئەی کەسیرەترین کەسەرە کەسکونیەکانی عومر
تازە تەمامان بەچی بێ! لەو تێکشکاویترین گەمانە
ششیعراوییە ئێستاتیکاوییە وەرەزبووین
ئاخر ئەو سۆلە شەکراوییە، داشەنەرداوییە شەترەنجاوییەکانی
هەموو گەردوون قوت دەدا
بەمتەرزە لەژێر دار قەیسییەکدا دەستێ شەترەنجمان
ئەنجامدا تارماییەکی سپیپات بەچاوە گورگانیەکانی
داشەکانی دەجولاّندەوە
هەلّدەدەین سۆلەکان، نەردەکان، بازەکان
سۆلین ئەی سۆلین
سۆلین پێخاوسترین سۆللەپایا
گۆرەوییە نارنجاوییە شەککەراوییە حەلواییەکان لە پاناکەین
لە پا ناکەین گۆرەوییە گوماناوییە گولّگولّییەکان

سۆلین/سۆلین/سۆلین
سۆلین ئەی سۆلین
لە پاڵتۆدا سۆلین لە پاڵتۆدا سۆلین
لە پاڵتۆدا سۆلین
وێنە دەنگیەکانمان لە قۆغەیەک زیندانی کرد
عیشق بەوپەڕی سەربەستییەوە وشەکانی دەردەبڕی
دەروونمان، دەروونمان، دەروونمان پەڕەنگاوییە
پارچەیەکە لە نەقشە سەهۆڵیە شەباوییەکان
پڕکحوولی شەڕاب، و هەستی کوشندەیی ئێوارە وەختمان
زەمەنیش زیخی زەریاچە زێباکانی شەپۆلە لماوییەکانی
تاریکییە بەکەفە سابوونەکانی ئومێد جەستەی
بازنە پەیڤینەکانی دەقە مەستاوییەکان دەدرەوشێنێ
دەرەقسێنێ پیتە شەککەرییە ئەفسووناوییەکان
سۆلین ئەی سۆلین لە پاڵتۆدا سۆلین
سۆلین سیستمێکە لەکۆد، ئەو نەقشە پیرۆزە،
ئاوازەکانی ئۆرڤێوسە، گەوهەریترین پەڕەنگی
گەمە جەهەنەمییەکانە
ئەی داب و نەریتی سیمۆناوی
:سیفۆناوی
:شیفۆناوی
:سیفۆنیای
ئێمە بەو پێکی وشانە سەرمەستین
با پەیڤەکان گەرمابیترین سۆزاویترین گۆرانی بچڕن
سۆزی عیشقاوی سێکساوی ئەخلاقاوی
بگەوزێیین لەو شەپۆڵی ئاتەشینی خۆڵەکەوەی عیشق
دامرکێنین شەوە تامەزرۆکانی نائومێدی
بچڕێنین گۆرانیە لماوییە خاسە ڕەنگەکان
بلورێنن گورگە مۆرانە ڕەنگەکانی خود
سۆلین ئەی سۆلین
ئای ڕەمزبارتیرن فریشتە
نازدارترین بازو بەندی شیعر بەو دڵۆپە قەترانیانە
بەو خەفەتە شەککەرییانە
ژەهراوی خودی خەڵووزی بەهرەمان داچۆڕینە
بابپرژێنن نافوورا ڕەنگاڵەییەکانی فانتازیا
بڕوخێن قەڵابەرداوییە نەریتاوییەکانی خەمۆکی
تەقینەوە ناوەکییەکانی فۆنیمەکانی دەروون

بەردەسرێژی قەدەرو
شەپازلڵەی لەززەتدرێن
زەمزەمە زێڕاوییەکانی زەریاچەی دڵ
نەغمە ناوازەکانی عیشق پ ە ر ت ە و ا ز ە کە ن
کێ دەکارێ کێ؟
بەم شەپۆلە شەرابیە جناوییە جنۆکاوییە
سیمە کریستاڵیەکانی کاژەڵاک بتروسکێنێتەوە
بەمتەرزە لەو سەربەستیە دەربەستەی
گەمانی وەرەق، و نەرد و زیندانیبوون
لە خشتەیەکی شەترەنجدا
گەمانمان بەتەرزە سووورباوەکانی ووشە دەکردو
ژاراوی ڕێساکان لە پەرداخی نەریت دەکران و
دابیش لە شووشە خۆڵاوییەکانی میرات
لە پانتایی دەنگە بێچەمکەکاندا
کورد /کاکڵەترین توێکڵ و توێکڵترین کاکڵەکانی
بانێڤی شەرە
هیڤیدارترین بێهیواکانی خودان ئێستاتیکای
سروشتێکی لەنجدارە
کورد /خەمباریترین ئاوازەکانی گەمانە فۆنیمیەکانە
لەوێ لە پانتایی دەنگە بێچەمکەکاندا
تەلاری برۆنزی و گەرەکی مەرمەڕیمان
بۆ ماناکان بونیاد نەنا
زریزەی بزەمان بە کەمەی عەینەکان نەئالا
وەرە ئەی شەرابی زەمەنی زەمهەریری
بەردەوامیترین سەرخۆ شمانکەو پێکێ
لەو بەرزیترین باڵای عیشقە بخوێنەوە/با
بە خەندەی قرمزییەوە سەربنێینەوە
پەرتەوازە بن هێما عورفیەکان
بەم ورێنە شەککەرییانە
لەناوبەین ئێسک و پرووسکە کەنەفتەکانی عومر
ئەنجامدەین/ گەمانە دۆزەخاوییە مەلعونەکان
بچۆڕێنین شەونمی بازەکان، نازەکان
سازەکان، ڕازەکان
ئێمە بەو سەربەستیە شەککەڕاوییە عەبەساوییەوە
جوانین
ئەی جوانترین سۆلینەکانی فیتنە باز، خۆبزڤڕێنە

بزڤرێ ئەی بێخودانترین تەنیایی
لەم کەونە بەتەمەنکەوتووە٠٠ دەربازمانکەو
لە ئامێزمانکە ئەی عیشقبازترین مەراقی هەڵۆیی
باق و بریق ، جریوەو جوکەکان
کەفچەڕینی چۆمە کێوییەکان عەبەس بوون
هەڵدەدەین، بەردەکان، نەردەکان، کراسە ڕەنگاڵەییەکان
بەردەکان خەونێکی سەهۆڵیین
بەرد بەرد ئەی بەردەبازی عیشق دەربازمانکە
بەردەسماتە بەردە زوورە بەردە چەقۆ
خەونێکی سەهۆڵیین٠٠ هەڵدەدەین بەردە خەوناوییەکان
(بەرد هەر بەردە، باز هەر بازە مەرگیش مەرگە)
بەمتەرزە گەمانە مەستاوییەو وڕێناوییەکانمان
ئەنجامدەدا
ئەو فووانەی لە باڵۆنەکان دەکران هزربوون
ئەو دەرزییە مۆرفێنیانەی لە تاقە ووشە دەدران سرووشبوون
دانە دانە ڤالیۆمەکانی خەواڵوبوون قوت دەدەین
جێگۆڕکێ بەبەردە سپیەکانی زەمەن دەکەین
(بازی مەرگ نەوی دەفڕێ)
ئەی پەرۆشیترین دڵە حەسرەتەکانی شیعر!
دەبدەبەکانی ئاڵۆش دەوڕشێن
شەکراوی پیت و خێواوکی مانا جەهەنەمیەکان
ئاوێتە دەبن
هەر ماسەکانی گیان فڕ فڕ لەدەفرە کەیلەکانی
گوناه دەخۆنەوە
گەردانە دوو پشکاوییەکەی دەپچڕێنن
سۆلین ئەی سۆلین
سۆلین حەپەساوترین زمانشکیاوی ئەزەلە
کێ لە سپێدەترین تاریکە شەودا
زوقمی زمان تێکدەشکێنێ/پەیڤ نا
تووبی، ئەی بە پیێزترین سروشتی ژەهراوی
ئەی مەکربازیترین بازی بازڵەبووی جوانییەکانی گەردوون
کەیبانویترین خانمی چرکە لەززەتاوییەکانی ووجود
تونامانکە بەو فیتنە بازیترین جوانیە
جریفۆن نەهات/ بهاتایە
دەربازی دەکردین لەو وازییە دووپشکاوییەو
ڕێگا دوو بەختاوییەکانمان دەبڕی!

ئێمەی گەشتیاری دالّدە وێرانەکانی پیتە
نەمرەکانی بێهودەیی پانتاییەکانی وڕێنەی
حەپەساویترین سەراسوی وسەرلێشێواوترین
رەنجبەخەساری گەڕیدەی دووبەختی سەمتوورە
جنونییەکانی مۆرفێم مارانگازی کردووین
سازە هەلآیساوەکانی فۆنێم پەرتەوازە
مۆخمان بارستێک ژاوەژاو، دلّمان بارستێک
لە عیشق
بازیش بەو ڕوناهیە دۆزەخیە ڕەونەقاوییە
ئاخلّەی خەنەیی گەردنیان دەدرەوشێن
سۆلین نازدارترین باز، و چاوبازترین عیشقبازو
سەرفرازیترین دوندی ئەڤین پەرستە
شەککەریترین ئیقاعەکانی زەیتوون و زەیزەفوونە
ئەی کەشخەترین شوختی شەختەی هزر
لەم گەورەترین گەشتە سیزیفیەو
پان و پۆڕترین بەتالّییەدا
لەززەتاویترین ماچی شەرابیمان پێببەخشە
پێمان ببەخشە لەززەتاویترین شەڕابی عەبەساوی
بازی مەرگ نەوی دەفڕێ
پەڕی قازوقولّنگاوی تاووساوی دەبارێن
هەلّدەنیشتنەوە کە ڕادەکەین
هەلّدەفڕنەوە کە دەوەستین
ئەم پۆلّینە دۆزەخیە هەلّفڕێن، هەلّۆکان نا

| |
|---|
| هەلّۆ، خەرتەل، باشووکە، سیسارکی سەرگەڕ،<br>واشە، پەپو، دالّ، قەلەباچکە، کۆلارە<br>لەقلەق، ماسیگرە، شمقارِ |

دەنیشنەوە کە ڕادەکەین، هەلّدەفڕن کەدەوەستین
سۆلین شێتە، ومازۆخیە ژەنگاویترین سۆراوی
گۆناکانە . .
سەرپاکی بالآی بازاوی
بازە سەمتورییەکان هەلّۆنە
سازاوییەکان ماسیگرە
ئەم پۆلّینە ئاتەشییە بۆژۆی کردین- جریفۆن نا
باز هەر بازە، و ماسیگرەو شمقاریشە

ئەم پۆلینە دۆزەخیەش بۆ ژۆی کردین

| | ش | ت | س | ق |
|---|---|---|---|---|
| | ز | ا | ر | ع |

جوانن خەمە زەنگیانەییە ئاسمانیە شەرابیە دۆزەخاوییەکان
کۆدی پەمەیی، هزرە کریستالّیە نەورەساوییە
وێنە زەیناوییە مۆرمۆرەکان، ئیقاعە ئارمووشاوییەکان
کێ دەتوانێ کێ؟
پێشبینیە شەونماوییەکانی ئەجەل، بخواتەوە
بچێژێ هەستە عیشقاوییەکانی مەرگ
لەو زەریاچەی تافاویترین زێباییدا
کەرەستەکانی مەستاوی لاربنەوە
ئەی وێنە ئالۆزکاوەکانی(هۆش) دەربازمانکە
لەو تۆفانی حرووفە تلیاکاوییانە
ئەی رازاویترین دوگمە زیواوییەکانی ئۆڤیلیا
تابانیترین ترووسکەی تەلیسماویمان بۆ بهاوێژە
پەلکە زێڕینەکانی گیان هەلّبزرکان
پەژموور دەبوون لاولاوەکانی بالاّ
(وەرە چرکە کاستالیاییە جەربەزاوییە قەرەجاوییەکانی
زناک لەو خەلّوەتی ئینتحاری پڕ ئاژاوەیەی خودی
خەلّتانی خەلّووزی رزگارمانکە سەرفرازمانکە
قەوس و قەزەحی سووتانی ڕەنگەکان خەردەلەکانی
گیانمان بسووتێنە تا لەو پانتاییەی سەمای
بەفری ئێوارانی حەزینە (تەمە سپیەکانی
رۆح) بەو پۆشاکی فریشتاوییە شەرابی
عەدەم بنۆشی سۆلین ئەی سۆلین
شەرابی عەدەم بنۆشین، و فانتازیترین
پیتە بانلّداوییەکانی(کتێبی شیعر)رامکەین)
هەلّدەدەین سۆلەکان بازەکان، زارەکان

خۆڵەکەوە زناکیەکان، میدالیا پیرۆزەییەکان
تێکەڵدەکەین دڵۆپە خوێنە ئاڵەکان
دەڕۆین، ئەو گەمانە دۆزەخیەش بەردەوامە
دەڕۆین نازداریترین کەرەستەکانی وجوود جێ دەهێڵین
جێ دەهێڵین ئاسەوارە سپلڕەنگەکانی ووشە
کێ دەتوانێ کێ؟
لەو زەمەنە زێڕاوییەی چراخانەکانی قەدەر
بەو شەپۆڵی ڕەوحانیەی
بەرسیلە مۆرفێناوییەکان، هەنگوینە فۆنێماوییەکان
بەشەککەریترین پێکی مزراویترین شەڕابی عیشق
بخواتەوە، بەو بزە زریزاوییە زیواوییە زیلاوییە
پەرمێشیترین پەردەی شیعری نەفریناوی بوڕووشێنێ
لەززەتاویترین گوناهە لەززەتاوییەکانی
(مەجدەلییەکان) عیشقاوی کا
بەمتەرزە.. لەم گەمانە شەترەنجاوییە جواناوییەدا
جێگۆڕکێ بەداشەکانی زەمەن دەکەین و
سۆلین کراسێکە لە پێوەندییە ئیحائیەکانی
کوڵمی شەرابی سێوی ژێر زەوییە
گەردنی پارچە سەهۆڵە هەندەسییەکانی نێوبادە
گەردانە دووپشکاوییەکەی فۆبیاوی دەخەنێ
(گوپی پڕ دووکەڵی سۆڤرینە، جانتا دەستینەکەی تەژی
ئامپیسلین، دووپشکە بارانی لەززەت نەبارێ
بەلەتەمووسێک کیسە چپسێک بەسەروقژیا
دادەبارێنێ، قاڕووە شەڕابێک دەسمێ،
جەلاتینە شامپۆیەکی زەردێنەیی دەرزی ئاژن)
ئێمەی مریدی تاقانەترین (ئەلف)
گوناهە ژەهراوییەکانی جەستەی هەمیشە توونامان
سەردولکە خەفەتبارەکان بەبادەدا
(بێ) – یش بەهێیەکی لیمۆ ڕەنگە وچاوە
شەمشەمە کوێرییەکانمان دەخەڵەتێنێ
لەوێ لەو دۆزەخە فیردەوساوییەدا
دارقەیسییەکە لەرزی دێتێ
ڕایەخە لوولدراوەکان، بەگومانەوە ڕادەخرێن
ا ف و

م ر
شایستەی پرۆسەترین پرۆسەی موچڕکەی ختۆکەدارە

جاجم نا ، نەقشە مەرگاوییەکان هەڵدەوەشێنێ
زەخمەکانی زینەگی دەسوڵێنەوە
نەغمەی تەڕاتیلە سەحەرییەکان جیوەی
حەسرەتەکانی بزواندین
هێندە بیرمان لە سێگۆشە بێکۆتاییەکانی
ئاسمان کردەوە پەتیارەبووین
سۆلین سۆلە سوورمەییەکانی رووەو چیمەنەکان هەڵدەداو
بەو پێخاوسیە شەککەرییەوە دەخەنێ
گۆرەوییە حەلواییەکانی بە پووزی وەنووسابوون
لەززەتە سێگۆشاوییەکان بە لەنجەی خستین
تەنافە پۆشەنێکی شۆردراومان لە باوەش نا
جەستە بێگوناهترین جوانیە
سەرپاکی زەمین بۆڕازیانەی لێ دەهات
عەقڵ بیر لە هزرە کریستاڵییەکان ناکاتەوە
غەریزە دەبدەبەگیا بەنداوییەکان دەتەقێنێ
گەردوون ماسوولکە مازۆخیە مارە زیواوییەکانی
مازۆخیتر لە مێژوو
سۆلین/ دەفرێکی زیواوییە و لەبالەب
لە دەنکە هەناری ئەڤیناوی
لێومان مەرجانی چاومان هەڵماتێ
لوتمان شەوبۆی شەوانی شەیتانی
تازە کەڵکەڵەی عەبەس لە کەللەی داوین
لە کوێیە ؟
مووسی
بەرگ
سووری
دەم ئا
گراوی شادەکارەکانی عیشق بپچڕێنێ
کەی ؟! ڕادەکەین بازەکان هەڵدەنیشن
کەی ؟! دەوەستین بازەکان هەڵدەفڕن
«باز فڕندەیەکی جوانە ترسناکیشە»
«باز ترسناکترین فڕندەیەکی جوانە»
«باز پیرۆزەو ترسناکە»
«باز پیرۆزەوبەلام ترسناکە»
وەرزەکانمان بەرەنگە نامۆکان دەناسیبەوە
ئەو بزاڤە لەنجە لەیمونیە مەرجاناوییە نهێنیەکەو

درەختە قەیسییەکانی عومر، و سرووش
ڕووەو بەدمەسترین بەدمەستیەکانی بێهوودەیی دەبا
زەمەنیش پۆشەن و گەڵا و سپیاوەکان
بەفیرۆ دەدا . . بێهوودە بووگەمانە
(ئەتڵەساوییە سوسناوییە سوندساوییە ئەستەبرەقاوییە
نەرداوییە شەترەنجاوییە دۆزەخاوییە سۆلیناوییەکانی
وڕێینەکانی گەمان/هەڵدانی داشەکان، بازەکان
نەردەکان، ڕازەکان، سازەکان، نازەکان)
ماچ و موچە پرتەقاڵیەکانی تۆتیای چرابەندی باخەڵی
سۆلین /بەو چاویلکە سفرەوە گەلێ جوانە
نەخوازەڵا گوارە یاقوتاوییەکانی
بلەنگێنێ
بلووزە نارنجیە ئاتەشیە نەینۆکاوییەکەیش
لە گەردنی بئاڵێنێ و
پەنجە لەو زینەییەکانی
نوقمی کێکێکی ئیسفەنج کا
نوقمی کێکێکی
ئ ی س ف ە ن ج
ک
ا

مایسی ١٩٩٧

# تەزوو

گەمانی بەباڵات دەکرد با
ئارەقی بن هەنگڵت پێ وشک دەکردەوە
هەر ئەوەتا راپێچی نەدەکردووی
زنجیرە کێوی دەوروبەر
کشوماتیەکی سامناک دایگرتبوون
چیوا نەماوە ئێوارە تۆوی شومایەتی
بەدەروونی کێڵگان وەرکا
ترووسکەی گڵۆپە شیر ڕەنگەکان
دەبنە کفن و کاڵانی بەلاشە بووەکان
پرچت رەونەقی روومەتت دەشارێتەوە
هێندە بەشەت و پەتی وەستاوی
هەر وەختە لەخۆشیان دین بم
گەربا بترۆتێنێتەوە چ دەبێ
کەڤری سپی
سەعاتی ئەم جادە ڕەشە بوەستێنێ
دەڵێم بەربەستەوەرە
پەیکەری ڕکابەرایەتی بڕوخێنین

١٩٨٥
سولێمان بەگ

# ڤان

لەسەرتێلکێک ڕازاوە دێی
گوڵی قایشی کەمەرت
گەڵا ڕەنگی درەختی پایز هەڵوەریوە
تیلمە هەوریت کردۆتە قردێلە ئیمڕۆ
هەنێ جار دەسرۆکەش لەچەک
هەورێکی مەیلەو گڵۆزەدارت شاردۆتەوە
بێچوە سواندووکەی سەر سنگان
دوعای تەمەن  درێژیت بۆ دەخوازن
شەوانە هێلانەیانە ئەم باخەڵە
ئەنگوست لە گیانیان وەردەدەی
ئاخر نمرەیەک نەماوە لەم سیلاکنەبووە
هۆگری پەنجانت نەبێ
سێ بەتڵی کاتیش بەسەرچوو
هێشتا دەقی نەشکاوە ئەو بەرگە ڕێکە
دایکت دەیگووت چەند پیربم
تۆ زیاتر خشڵت لێدێ
دەبێ هەر تەماشات بکا دڵ
دەزانی چیت حەشارداوە؟
پۆشتەییت لێ دێ
دەندەو پەراسووشت دیاربن هەر جوانی
بۆنی پێستت وەجاخ کوێران
گیرۆدەی ژیان دەکات
تالەمووی هەڵوەریوی سەرمێزەکە
دەسرێژی لە مردن دەکەن
لە باوەشی کورسییەکی قەدیفە کەسک
بالکەوتووی شەویلاکی ئەژدەهایە
بە دڵشکاوی یەوە
پشووت لێ بڕاوە
پشووت لێ بڕاوە
وا ئیمڕۆشت لەسەردانا
هەموو وزەت بێهودە بەرەڵڵا کرد
دەبێ بەو ئازارانەوە سەر بنێتەوە مرۆ

بێ ئەوەی هەست بکات
خەنجەرێکی مشت و ماڵ کراوە زەمەن
نیوە شەوان ٠٠ شلک و تەنک
تەنکە کراسێکی قەوزەییت لە بەردایە
دنیا لە باوەشتا
قازێکی سپی بن باڵ چەورە
ڕێژنە بارانی سەربەکڵاوەی جاددان
دووچاری غەریبیت ناکا
لە باوەشی نەرمۆکەی تەلار دنیا کپە
دەیەوێ ئاگرم تێ بەربدا(ڤان)
ئەم باسکانە شەوانە چ دەکەن؟
دینگە فۆرمیکا دارەکان لە ئامێز دەگرن و
دوایی٠٠ دەخەون
ئەو داوە پرچانە
شەوبا تێکچرژانیان دەکا
ڕەق ڕاوەستە ڕەق برۆ
بەرەقیش هەنگاوان باوێ
خاوێنیەکی کپ و پیرۆز ئەو ناوە دادەگرێ
کاتێ پێ دەکەنێ
هەموو ڕۆژێ بە هەمان پۆشتەیی یەوەو
بە تاقی تەنێ
دەگەڕێتەوە ماڵە بابان
شەقام فەرشێکی لوولدراوە و
فێرە گەمانت دەکات

١٩٩٥/١١/٦

# بازنەی قابیل

بازنەت ئاوێنەی نارسیسەو دەدرەخشێ
چ درەخشانەوەیەک!
دوشێک لەبەردەم بارانێ بێ ڕەحمەتی بازنەکەت
دژوونی تەمەنی مردوو
تەمەنی کەسیرەو پڕ ژەنگ و خۆڵەمێش
ئەوەی باشووکەو پەپووەکان
بەخیلی
پێ نابەن پادەکاتەوە
ئەی خودان بازنەی کەیلی ئاڤی جاویدانە
ئەوە سەرینچاوەی زیندەگییە
یان ئاوەشیلەی پاقلاوەیەکی جەلاتینە
زەخمی زمانە سوتماکەکان سارێژ دەکا
دەوەرەو چرکەیەکی بێهودە لەگەڵ
بازنە باراناوییەکی سپیپاتا
ساپساپێنێ عەدەم بکەو
حەزی بەدو لەززەتی شەڕانگێزایەتی
سەیرووەری شێتهەڵگەڕاوی
ئەم سروشتە زبڵگەیە دامرکێنە
تۆ نازانی ئەوێندەرێ
سەهۆڵبەندانی «قابیل»ە
بەستەڵەکی دەریاچەی گوناهکارانە
هەم دۆزەخ و هەم پاقژگەو هەم فیردەوسە
دەبێ کێ بێت لەوێندەرێ و
لەبەر لەززەتی بارانی ئەم
بازنە هەڵووژیەییەدا توونا نەبێت
لەو بازنە ئاتەشیەدا
«کورد کوژەکان خەیانەتکارانی وەتەن
ئاژەڵێکی دەعەجانن
دەساپاچە و چاو بەرەژێر[١]»
لەوێ مەرگ هێندە شەکەت و بێزارە
بەرگەی سێبەری یاد ناگرێت
لەوێ مەرگ
سەرابی شەختە بەندێکی شووشەییەو
ئاو نییە.

[١] دەتوانی ئەم برگەیە نەخوێنیەوە چونکە شیرازەی چامەکە تێک دەدا.

# ئەلیاسابات

رەها بە بازنەیی بیر ناکاتەوە
زەنگیانەی کاژمێر بە گەردوون دادەکا
خورجێکی ئاوییەو پڕیەتی لەمووروی ئەوین و
زەنبەقەی بخوردو پەڕەنگی هەیولا
قازانێک باهۆزو زەلزەلە دەلەرزێ
کەینوونە هەتوانی سروشت و
ئیسفەنجی لۆگۆسە، دژوونی وەرزەکان قوت دەدا
ئەندێشە خۆشترە تێڕامان
گەمانی پاپازی کچانی ئاراسەو
پاژنە خڕ لووسبەلەک گیسوویان کارەبا
ئاشتەبا جوانەکان بەرهەڵای قولاّیی شەو دەکەن
کراسیان لەبانی منارە هەڵدەدەن
مەرجانی نەزۆکی لە مینای پەنجەرەی زیندەگی و
پەشمەکی سپاتی خۆر دەگرن
من مەرگم شەڕابی عەدەمەو
تەمەنم پڕ کەفی گوناهە
دڵۆپە خوناوێک لە دنیا
ئاوێنەی
دڵانە
بلەرزە
خاشخاشی نامراد
بڵاچەی سلیکای بیابان
بۆڵە ترێی ساباتی نوورانی
جەنگەڵی ڕۆحستان وێرانەو
چاوەڕێی چ دەکەی؟





# محەمەد باوەکر

محەمەد باوەکر

لەبەر ئەوەی زمان خەڵاتێکی ئەزەلییە بۆ نەوەکان یەک لەدوای یەک ماوەتەوە هەر بەو زمانەش گوزەران لەگەڵ جوگرافیاو مێژوو دەکەین، پاشان هەر زمان و ئاخافتنیش بوو شیعری کردە ململانێی هەستە شاردراوەکان، بەم شێوەیە مرۆڤ لەگۆڕەپانی زماندا خۆ لە سنووری فەرهەنگی هەمەچەشنەی ڕزگار دەکات ، با لە ڕستەی شیعریەوە تاکرەهەندی و تانۆکشکێنی وشە تەوتەمیەکان وردو خاش بکەین لە تەقس و سرووتێکی بەرباودا لەنۆژەنرا بچینینەوە بەبێ پۆشاک دۆنای دۆن بکرێت بەها ڕوحیەکانی ببێتە سمبۆلی ئیستاتیکی گەمەی زمانەوانی لە فەزایەکی فرە چەشندا لە نیوەی هۆشی و بێ هۆشیدا، مرۆڤی شاعیریش هەر زوو بەری هێرش و پەلاماری لافاوی داڕووخانی دەرەوەی دادگای ناوەوەی خۆی دەگرێت پڕوشکەکانی ئیرۆسیەت لە شیعردا وەک ئاوێنەیە خوێنەر لەم پڕتەئویلەدا خۆی دەبێتە خوڵقێنەری دەقێکی تازە ئاّمێز.

شیعر: ئێستا پێویستە خۆی لە جیهانیدا بدۆزێتەوە چونکە ئەم جیهانییە هەمیشە لە وروژاندن و تێک هەڵۆژان و نیگەرانی دا گوزەران دەکات، هەست و ئارەزووەکانی بە هیچ شێوەیەک هێور بوونەوەو هێمنی بە خۆیەوە نابینێ، ئەمەشیان خۆی لە خۆیدا هانا بردنە بۆ ئەودیوی هۆشەکان.

زانای سویسری بەناوبانگ دی سۆسیر دەبینێ لە پرۆسەی نووسین دوو بابەتی جیا لە یەکتر هەیە ئەویش جیاوازی لە نێوان زمانی نووسین و قسەدا، بەم مەبەستەی کەوا زمان سیستەمێکی کۆمەڵە کەسانێک بەرهەمی دێنێت و بەڵام لە ناوەڕۆکدا سەربەخۆیە لە تاکەکەس، کەچی قسە یان ئاخافتن سیستەمێکە تاکە کەس بەرهەمی دێنێت لەناو سیتەمی زمان خۆیدا بەم شێوەیە پیسەی ئەدەبی پرۆسیسێکی خوڵقێنەرە لە زەوییە کاکی بەکاکییەکاندا پەخشانی نادیاری جوانیش خۆی لە خۆیدا شیعرە چونکە جوانی نووسینەکە تاریکاییەکەی دەشکێنێ هەروەها نادیارییەکەشی ڕەندیەتی هێزو گرانی فۆرمەکەی پێ دەبەخشێت، هەریەکەیان لەلای خۆی یارمەتی ئەویتر دەدات بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی پلەی شیعری.

ئەگەر هات و لە ڕابردوویەکی دووردا و لە ژێر مایکرۆسکۆب لە شیعر بڕوانین، هەر لەو کاتەی جیاوازی لە نێوان پیاوانی پیرۆز(قدیشم)ی بابلستان و ژنانی پیرۆز(قەشووت) هەمان مەملەکەت لە پەرستگاکانی سروشت دا نەماوە، شاعیر خۆی ڕاتەکاند و لە زایەڵەی دا، لەو حاڵەتە قەپێلکی گشت شتە ناپەسندەکانی وردو خاشک کرد ئەوکاتە لەگەڵ پەیامبەرەکان یەکسان دەبن، وێکەوە تەرازوویان دەقەبەلێندرێ ئینجا شیعر دەبێتە یۆحنناو خەڵک لە ئاوی پیرۆز هەڵدەکێشێت.

# بەشی یەکەم
# لە پاسەنگی نیوەڕۆ

شتە رەندەکان لە خەیاڵ دا کەرەسیسیان کرد
لێیان دابەخشیمە راوێ
دوا سەمای کەوای فیرعەون
کۆتایی پێهات
وا تەپڵی حاڵگرتنیش لە سەماگەی چاوێشدا دەستیپێکرد
گەیشتینە جڤاتێ، جڤاتی زەین،
خەرمانلۆغەی ئەوێمان تامنەکرد
قەولبێژ خەوت
تۆمارە یاداشتی کوڕە تاقانەی پاکیزە
پێچەوانەی غەریزە سیلاکبووەکانی خرێنە دەجەنگێ
مزگەوتی گەورەبەرەو باشوور خەڵکی تەلقین دا
گوفەکە کەلاکەکان لەوێوە بوژانەوە
خۆزیە بەشێک لەو کەلاکانەمان دەدیت
مریدەکانی شەمێ فەرمانیان بەبیر هاتەوە
سکوردی باوەڕە پیرۆزەکانی پێشتریان دادڕی
سوێندی دەلەسەیان بە هیچ ڕووناکییەک نەخوارد
بەر لە چوارهەزارو چارساڵی دووبارە فەرمانیان گەیشتبووێ
سەمای هەوا٠٠شینی ئاگر٠٠پێکەنینی ئاو
نوێژیان قووت دەدا
ڕازەکانی قاژوقیژی بێ دەنگی
لەدەفتەر داری تۆفانە ئاگرپژێنی جودی
بەدەنگ دێن
داوەڵە پیاوانی حەوشان ئاگردران
دەرزیان لێ درا٠٠سەوز مانەوە

ئەوکاتە ساویرەکانی مزگەوتی گەورە
فرچکیان دەخوارد٠٠لە لەوەڕگای ئەوێ
بوونە ڕەگاژۆی چەشمە پیاوانی بەر لە چیرۆکی
مرۆیە قوڕینەکان
سەر زەنشتی قولْغی سەرمالاْنیان کرد
کێ ناوان دەبەخشێ
کێ ماوەی نێوان پەرێزو جۆخینان
دەقەبلْێنێ٠٠
دەپارێزێ٠٠
گالیسکە بەدیلی ئاژەلْ نییە
دیتیتم٠٠نازانم بەهای تامی چەندە
لەو ڕێبینیەوە
هاموشۆکەر دێتە دنیایێ
گالیسکە ترپە دلْی مایکرۆیفە، ئاژەلْستانی
گەڕاندەوە سەرهیچ
پەیدانی زمانی دلْ
ئالْتونێکی خالاْوە
لەشە بێسێبەرەکەش درایە بەر شێلکەی
گوللە دلۆڤان
میهرەبانی و پرچی کیژان لەسەر پۆپیتە کەلْەشێری
کوشتارگەی هەوارە بابەلیسک
بە گەنجی دابەزی
دەفەی مامز بە ڕۆژووی هوڕەیەکی نەفرەجایە
بەری ڕۆژیان نیشان دا
گوڕی ڕۆژیان دایێ
داوەتی سەدووم و ئامووره کراین
گۆڤەندو تەدارەک سازدرا
ددانەکان خۆیان لە هەسان سوویی

جەفتاوی کوندەی برای گەورە
حنچکی لە ئاهان دەگرت
ئاردە هەنارەکانی ئاوازی مەشکە
مەڵبەندی غەریزەکانی گواند
چونکە
بێ وەجاغن
شەوتا دەگرن . .
لە شەوانی سێزدەمین . . شەوانی پیرۆز
دەڕەونەوە
ئاواتە پەسندەکان . . ناجسنن
خەونەکان بە قەڵپی ماچان دەکەن
قەوڵبێژ زریکاندی
ئێمەو خواوەند گاسی خەڵکمان دەکرد
نان و پیازمان خوارد
ئێوەم لە پێنجان بووری . . . بارتان سووکە
پشتمان تێککرد . . کلێشەمان گۆڕیەوە
چوومە گیانی . . هاتە گیانم
هەرماس پەیامبەری خوداوەندەکانە
قەلکوژی ئاگر دزە
بێسندمەو گوڵی سپی دەڕشێتەوە
لە چوارەمین شەودا
شەوتا بە وشک و سستی بەرەنگاری هات
سواری سکوردت بۆوە
زەمەن دامێنی پەرستگای ئاموونە
هەمبان سەماگەی تیتراوسکە
ئاهەنگی ئەمساڵی پەیکەرتاشیش لە سواندەی شانت
تەرمدانێکی مەڕمەڕی بۆ خۆ داڕێشت
میوانی ئەبەدیە . . تا

بەندەرەکانی دەریای جەستەت بەیەکجارەکی
دەڕۆن٠٠

ماڵئاوایی دەخوازن٠٠
دەستە لەرزۆکەکانی دوای سێزدە
گشت شەوێ خەونی دەبەنگ بە ڕووم دا دەڕشێتەوە
قەولبێژ بە ئاگاهێنرا
ساتێکی دیکە ڕووبەڕووی گەورە خوداوەند
تەرازووی ئاشکرا دەبێت،
چۆن قوڕەلم گیانی چووە بەر
چۆن خزبە تەرمگاوە
ئەی چۆن کۆیلەی ئەوبم!
فریشتە دۆزەخ
ئاهەنگی درێژە تەمەنی بۆ پەرستگای ئاموون گێڕا
گەلاوێژ چووە شەوێ و
گڵکۆی پەیکەرتاشی دوانەخرا
ئەسکارسی دەوەنی دۆژە لە نۆژەن
سەرە دیقانێ ی تازە کردەوە
بوومەلەرزە
لەرزە یادگارو هێلانە شەمشەکانی خڕ کردەوە
دەمامکی ئاشکرا نەکرد
کراسگهوڕەکان کێوە چوون
ئەوەندە بە ئاگایین٠٠ بزر دەبن
حەزیان لە خوشکانی عەزازیل دەکرد
چوونە کۆشی
ئالوش دانەمرکا
لە زێدنامەی هاوینەگچکەی کونی شمشاڵ
تۆمار نەکرایە

بەهاری پەز رەشداگەڕا
دەرپێیە بە ڕادان دراوەکەی شەوینی پووش
نوح ئاخنیە پاپۆڕەوە و شەیتان و کلکی کەر
شایی هاوینە شیعرو دەستشۆر
ئاسنە قەفەس٠٠سێ ژەم چۆلک لە سێ ژەم شیشبەندا
دوو چین مرۆی یەک بەدوو
فراژی
گیپەی ڕیخۆڵە دەبوون
کەم فرە نین
ڕێی خواشیان نەدرایێ
پیاوەکان لە زستاندا بیابان دەجوونەوە
بەدەریادا ڕەت دەبن
کاتێ پێەکانیان بە پەروانەوە دێنە دەێ
دەتوانن زەوی بدۆشن
زەوی کوشتن هەڵبژێرن
دەتوانن تخوبان بدزن
پڵینگی سپی چۆلاژۆی بە چاوکونەسوژنەکان کرد
دەیگوت:
(نا ڕاستەقینە هەموو شتێکە)(١)
شەوتا بە تەڕادانێی بۆشایی
گوناهی خۆی ئازاردا
قەولبێژ ماڵبەدەرە٠٠ هەرەتەی پاژگەیە
لە مەرگەهی خەیاڵگە
مژۆڵی کراسۆڕینە
مژۆڵی شینی تاووسانە
جریفۆن ئارەقە دەمژێ٠٠گلێپەی کزە
ئاگراوی گەیشتێ
گەردنی پێ ئازا کردین

هەواڵی  بێسێبەرەکەی زانی
بوومە لەرزەیەکی شاقسی هاتە گوێ
شاد بە ٠٠٠شادبە
لە هەر دەنکە توێکی ئارووی منداڵە دەبەرسێبەر هەڵچووەکە
وروورەی شەمێ هەیە
منداڵ٠٠ دێوەژ بردیەوە
هورەش چرووسکی وێخست
زەینت بدێ لە شەوی شەوتادا:
١= من هەبووم هەنووکەش کۆتایم نەما
دەسەڵاتم بەسەر ئافەریدەکاندا دەشکێ
٢= بڕوا پێکەرەکان هانایان هێنا
وا بە خێرایی ئامادە دەبم.
هەتاو شەهوەتی ڕۆژ بوو٠٠
تار لێدانی هەڵقەی تادۆسخوازانی خوای برالە تەپڵی داگیرساند، دڵ گەرم داهات
پشتی دایەپشتی٠ ٠ئەوجا
شەمێ لە جەرگەی شەهوەتی ئاگری ئاسماندا نژناندرا،
دادوەری خودا لەبەرایێ مەرگدا وەستاوە
خوای لێ ڕازی بێت٠٠ کەسی لێ رازی نەبوو
ڕێی خوایان بە کەسێک نەبەخشی
جەستە بێوەج و مەرگەساتەکە بەرەو کارە مەرگێکی توکمەو کەشکەڵان کەوتنە ڕێ
توانەوە لە رەمەکیدا
بە چی پۆشێکی ئاسمانی خۆ داپۆشم
بەچی ڕوویێکەوە بچمە قوربانگەی هۆش
دیاری دەوەنی شەوین بەکێ بدەم
پرسیان:
زەمین بەکاملای دونیا سوور دەدات
سروودوان بێتاوانە٠٠ سپی پۆشە
تاوانخۆر بیابانی ئاسمانە دارستانی یادی شەو

تیژ دەکاتەوە
مووەکان لە نۆژەنەوە خۆیان سوویی
چاواندیدەکانیش ئاشکرا نەبوون
سێزدەبینین(دیتن) نرخی بێدەنگە
ئەزموونی نارەحەتی گوێ لێبوونە
ناووک.. خەڵوەتکێشی مەزەندەیە
خورد بوونەوە(قەبە گچکە کردنەوە) ترش و شیرینە).
وەخت(وەختە)..شتە پیرۆزەکان دەپلیشێنێتەوە
دڕناگە لەدەرگای تەسک و تاریکی لەمە چێتران دەگرێت.
ئەم کاتە شلکانە
چەندە بوێرن.
چەندەش فرەن
سێ بەشی خودایە، بەشێکی توخمی مرۆیە
فرمێسکی کێردەکان خزیە بەرپای بازنە جسنەکانەوە
سێ نیوە شەو دەکاتە سێزدە
سێ نیوە ڕۆژ دەکاتە سێزدە
هیچیان لە کۆمەڵەی شەرکەراندا تۆمار نەکران
بەردە ڕەشۆڵە بەردە خاڵدار
خۆ لە ئاوەڕێژی قەڵەمبازەکان دەدۆزێتەوە
خۆی کەوڵکرد
بووە بەردەباز، دابەزین
شانازیش بەو تەرعە ئاوانە دەکات
رەشسۆر ڕەنگی فیردەوسن
بەردە ڕەشۆڵە(سپی تێکەڵە) بزر نەکەن، ڕەنگە بەهەشتن
لەگەڵ ددانی شە ناپێورێت.. توافەتیان زۆرە
خەوشی بەفری پەڕێتی نیشانەی جوامێرییە
دەیویست، حەزی دەکرد
بێگەردی ئاو شێلو دەکات

خلّتی هەستەکان بوروژێنێت٠٠ بشلەقێنێت
هەر ئەمپریوم هەبوو٠٠هیچی تر نا
دوایی،
دەوەنەکان لە ورگی نەرمایی زان
منداڵەکان فەیان خوارد
تۆفان هات
فنیان کردەوە
بە تێفرو سماندنێک گشت دارستانەکان
لە ئاسمانی ئاسمانان بەر بۆوە
ئاخ ٠ ٠ئاسمان پەردەی دڕا
گیا ٠ ٠بڕکی پەڕێتێ
بە فویەکی دی، شاخ و دەست ڕێ و بان
لەبەری سێزدەمینی دایکە نەینۆک تەقی و
ڕەوڕەوەی قاچیان بۆوە
دڵی ئاو لە سینگی کۆسەماسیێکی ڕەشدا
خولّقێندرا
خوێنی هەڵقولّگەی کانیاوێکی ژەنگاویە
جووتە جووتێنی
کەژو گیا، کەڵەباب و مامز داڕێژراوی ئاگرە(لم)ن
ددانیان هات، ددانیان کەوت
ئاردە ددان و سپیاو
خۆراکی کرمەکانی چاوی پەپولەی ڕەسایین
زریکەی قەوڵبێژ هات:
گاسیان کرد
هەندەک مێرووله مووی ئەمیان لەدەمە
ئیدیکەش نینۆکیان وێیە(٢)
بەهەستە نزم و بەرزەکاندا هەڵزنان
نێرەکان دەستیان بەخوێنە

له ژووری ئازار پەخشدا مەستن
بۆ ئاسمان چوونە خوارەوە
زەرد ٠٠شین
کراسی دۆزەخ خوازانە
ئەی ئەم زگە سپییە لە کێ یە ؟
گوێتان قوڵاخ بکەن
ئاگر بەردە ئاگر
دەستان هەڵبڕن٠٠بناورێنەوە
شەولەبان
سەران ببڕە٠٠ بیانبرژێنە
باوکە لۆسیڤەر، ڕۆناهی تاریە هەڵگر
ئاخیان بگەینێ، بە سپیاو بیانخنکێنە
وا چرتەی شەوە لە کۆسپەی دەرگاوە دێ
هزرمان کردەوە
پێکهاتین٠٠ دیسانەکێنێ پێکهاتین ئەمجارەش پێکهاتین با مرۆ بە شووشە بئاخنرێت
تا بێچەتر گوزەران بکات، ببێتە دۆستی باران
هەسارە نەمێ و نەنێرەکانی قەڵات
هەساری گومانن
چاووزاریان لێکرا٠٠ زارۆکان کڕناکاتەوە
بە شەوی کاتە شکاوەکانە
ناکات میوانداری شەوان٠٠ دەڵێ:
فەی بخۆن، قاتی لەڕێیە
فن کەنەوە، لە بخووران هەڵدەن
پەرەمووچی خستە تەوقی سەر
بۆ قوڵایی بیرەکان هەڵکشا
بەریان نەگرت
لە هەوای شورەی شووشە بەندێک ڕشانەوە
ماست٠٠مەی٠٠ ئاو

ماستی پازدا له پاسەوانی کەوت
قەولبێژیان تاتە شۆرکرد
سێبەر شیاوی پەرستنە
لە گشت ڕۆژی سەرتاڵدا.. لەیەکەمین چوارشەمی ساڵ
خوێن لە کەپووی ئەستێران دەلەرێتەوە
یاخی چۆلکانم
دەرماناو، کۆر بەتاڵە
دژوونی بێ ئاوی خنکاند
گەڵاکان، سوێر داگەڕان
گیان لە نینۆکەوە بۆچۆکان تەکانی دا
دوای ناوک گەیشتە قەپرغەو گەروو
غەرغەرەی هاتێ..
لە درێژترین تاڵە مووەسپی قەولبێژ خۆی بەدەرنا
لەش، ئامادەی پۆشینی شین و سەوزی نەبوو
پڕپۆلەی بەندە قوڕەکانی هەڵوەرین
ڕەنگاوی باڵندەکانی جیهانە ڕەنگ لەدوو ڕەنگی چاوانی پڵینگە سپیەکان
خۆی نواند.

(١) شەیتان ئاخاوتن لەگەڵ - ئیڤان دەکات (برایانی کارامازوف - دستۆفسکی).
(٢) لە کتێبی(پوپول ڤوە)ی پەرتوکی پیرۆزی هۆزەکانی کیتسی - مایا- خواستراوە.

# مەوجود سامان



# شتێ دەربارەی شیعر

مەوجود سامان

لەدایکبوونی شیعرێک واتە دۆزینەوەی دوورگەیەکی تازەی بوون...

شیعر باوەڕە لەناو باوەڕ، زمانە لەناو زمان، پرسینە لەناو پرسین، ژیانە لەناو مەرگ، هولدرلین دەڵێ: ئەوەی سروشت نەیتوانی یا لە بیری چووەوە لە بنیاتنانی گەردوون، شاعیران تەواوی دەکەن، شیعر وێرانکردنە لە پێناو دروست کردنێکی مەزن.

بۆ داهێنەر جگە لە تێکستی بەردەست و ئامادەکار، ساتی واهەن کە ناخرێنە ناو زیندانی لاپەڕە سپیەکان و هەر لە ناخی ناخەوە دەمێننەوە، نایانەوێ بێنە دەرەوە بۆئەم دنیایە بەرجەستەیە لە وێنەو وشەو ریتمی جیا جیا کە لەوانەیە شاعیر لە نەتەوە بترسێ و یانیش نەیەوێ خیانەت لەگەڵ نهێنی و یادەوەرەکانی خۆی بکا.

لیۆتار گوتەنی: نووسین جۆرێکە لە ناپاکی نووسەر/ شاعیر لەگەڵ خودی خۆی، ئەگەرچیش هەموو نهێنییەکانی شاعیر بە چامەیەک یا چەند چامەیەک تەواو نادرکێ چونکە هەروەک چۆن لەدەقێکی شیعری بەدەیان پەراوێزی تەلیسماوی و دەیان هێماو دەلالاتی جۆراوجۆر بە ئاوەلایی دەمێننەوە دەکرێ بە شێوەو ستایلی هەمەچەشنە تەئویل بکرێن ولێک بدرێنەوە..

خۆ کە شاعیریش کە خودانی دەقەکەیەتی ئەوا خۆیشی سەدان جار لە دەقەکەی ئاڵۆزو تەلیسماویترە..ئەگەر شیعر عیشقێکی بەدی هاتووی ئارەزووێکە کە ئارەزوو ماوەتەوە بە قسەی رێنێ شار، ئەوا شاعیر پرۆژەی عیشقی بەدی نەهاتووی ئارەزووێکە بۆ ئایندە.

شیعر نووسین هێنانەدی ئەوپەڕی مەستی و ئازادی و گونجاندنە لەگەڵ گەردوون.

شیعر سەمای هێلە خۆڵەمێشەکانی خەونە، خەونە تیایدا لەنێو ملیۆنەها مرۆڤی ئەم سەر زەمینە کۆسەیەک بە منداڵی لەدایک دەبێ بەکەش ناکاو هەموو کەسیشە کۆڵکەزێڕینە و تریفەباران دەبەخشێ بە کۆلانەکانی تاریکی، شیعر گەمەیەکی شێت و ساکارە، پێکهاتێکی کیمیایە لەو دا هەست بە خۆشیەکانی ژیان دەکەم، هەست بە مانای بێ مانایی و زەبری بۆشایی پەیوەندییەکی خوێنین لەنێوان من و شتەکان دەکەم ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی هەست نەکەم تەنهایەکی رەهام.

شیعر جگە لەوەی سەفەرێکی مەحاڵ و شیرین و خەتەرناکە لە زماندا، تەقینەوەی

ئەو بورکانە نادیارانەی ژێر وشەکانیشە کە روئیایەکی بێگەردی گەردوونی دەبەخشێ روئیایەک کە پتر بە پەیام و دەنگی پەیامبەران دەچێ لەم زەمەنەی ئێمە کە باوەڕو پەیام لە شمشێری پەراوێز بوون و فەرامۆشیەوە چەقیوون.

روئیایەکی تیشکدارە زەنگێکی هێور کردنەوەو دڵنەوایی کردنە بەدەرنیە لە ئاگادارکردنەوە بۆ نەسلی مرۆڤ کە چۆن خەریکن خۆیان و سروشت و هەموو بەهاو ئاکار وشتە جوانەکان بەدەستی فەنابوون دەسپێرن.

ئەگەر بمەوێ لەمەڕ نوێخوازیی شیعری هاوچەرخی کوردی بدوێم، وام پێ باشە دوو تێرمی فەلسەفی بەکار بهێنم کە بریتی یە لەیەک مانا بۆ زەمەن ئەویش تێرمی(Chronos) کرۆنۆس، و (Aion) ئەیۆن –ە کرۆنۆس خواوەندێکە مناڵەکانی خۆی هەڵدەلووشێ نەبادا جێگاکەی بگرنەوە دەسەڵاتی و کورسی خواوەندێتی لێ زەوت کەن. (کە ئەوەش دەلالەتە بۆ زەمەنی هەنووکەیی) ئەیۆن –یش هەر بە مانای زەمەن دێت بەڵام زەمەنی ئەبەدییەتە، وێڕای فەیلەسوفان شاعیر ونووسەران بەتایبەت شاعیر سۆفیەکان بە قووڵی لەم زەمەنە دواون.

لەم پێودانگەیە دەگەینە ڕاستییەک کە هەموو نوێکارییەک، خۆی مەرگی لە خۆیدا هەڵگرتووە چونکە لە توێی دەوری سووڕانی زەماندا کۆن دەبێ و دەمرێ، دەنا نوێخوازی ئاهەنگێکە کۆن دەڕووخێنێ بەڵام هەر خۆشیی بەرەو هەمان ڕووخانەکە هەنگاو دەنێ.

ئەم ڕووخانەش دەبێ لە ناخیدا ئەیۆنی هەڵگرتبێ واتە ئەبەدییەت کە ئەمەش پرۆسەیەکە هەروا بە سانایی ئەنجام نادرێ. بە واتایەکی دیکە بۆ ئەوەی شیعر هەر بە نوێخوازی بمێنێتەوە و ئەبەدییەتیش بباتەوە دەبێ شیعرێکی داهێنەرانە بێ٠٠ شیعرێ بێت لە دەرەوەی زەمەن وەک ئاشکرایە داهێنان هەمیشە هەرتازەیە، بەڵام ئەگەر سەرنجێکی خێرای ئەو سێرک شیعرییەی ئیمرۆی کوردی بدەین و ئەو هەموو گوتارە ناشیعری و نارەخنە ئامێزە بە چاوێکی تیژو هەستی مەعریفی بەرفراوان بخوێننەوە٠ دەبینین چ تراژدیایەک و گاڵتەجاڕیەک هەیە نوێخوازی و شیعر لە چ کۆستێک دان.

نوێخوازی بەداخەوە لە ئەدەبی ئیمرۆی کوردیمان گەمەیەکە ئێگجار خەتەرناک و بێ ماناو بێ گیان دوور لەهەر کاریەکی مەعریفی داهێنەرانەو سەرچڵیەکی سەخت و پتەوی هونەریانەیە. دواجار ئەم وەچانە دێن و دەچن و وەچەی تازەی دیکە دێنە

ژیان تەنها یەک بەهانە هەیە بۆ ئەوەی دڵمان خۆش کەن لەناو ئەو تەرمە پڕ لە تارماییە بێ گۆڕانە ئەویش دەقە، دەقی زیندوو کە نەک هەر بۆ ئێمڕۆ و هاوچەرخێتی بنووسرێ بەڵکو دەقێک بێ بتوانێ بەرەنگاری زەبری زەمەنەکان بگرێ.. درەوشانەوەیەک بێ لەسەر دەمە تاریکەکان..کە گەمارۆ دەدرێن بە دروشمی نوێخوازیی ساختەو ریاکارانی ئێستاو ئایندەش.

# گەمەكانی عیشق
# بەشێك لەم جامەیە

( زۆر کەمن ئەوانەی لە سەفەری عیشق دا بە مەقسەد دەگەن، کە دەشگەن دەزانن گەیشتوونەتە هیچ).

لە سەردەمێ کە بە تەواوی تەنراوە بە خیانەتەکان تۆ نارسێکی گەمارۆدراوی بە ئارەوەدەمامکدارەکان و ئاوێنە دۆڕاوەکان، هاوارێکی بێهودەیت لە هەوارێکی شەختە بردوو کە مرۆڤەکانی(گوێیەکان قفڵ دراون/ زمانەکان بزمارڕێژکراون/ ڕۆحەکان ئیفلیج / جەستەکان بۆگەن) وا ژیان بەسەردەبەن. کەسێ نییە دان بەو جوانیە رەهایەت بنێ، سەرەنجام لە شەڕ و ئاشتییەکی ئەبستراکت دا، لە شانۆیەک کە سەرەتایەکەی هەموو بەشداربوون کۆتاییەکەش تۆ بەتەنێ مایتەوە، دەزووی ڕووداوەکان هەڵم ئاسا لەژێر بنمێچی ژوورده سارده سیلاویەکانی شاری وەهم خۆیان شاردەوە تۆ هیچت بەدەستەوە نەما کە گەواهی بێ لەم گەمەیە.

ئەی عەدەمی پۆشتە، عیشق
هەی گوناهی وێڵ
گوناهی هەمووومان
گوناهی ئەوانەی ڕۆیشتن،
ئەوانەی ماون، ئەوانەی سپێدەیەکی خەمگین دێن
وێڵیمان لێدەڕژێ ..
ئێمە گەداین لەو میحرابە شەیتانییە
کەپڕە لە شیری شەهوەت،
غەزەلی کینە
نیگارە شەرمنە پڕ لە بێ باوەڕیەکان
هەر بۆیەشە بە خەونی مەلە گەمژەکان
دەفڕین بەنێوشەبەقی بەختەوەری
بڕوا دەکەین کە لە پشت پەنجەرە نیمچە کراوەکان
هەمیشە کەرنەڤالی رەنگە چەتوونەکانە

خەندەی پەپوولەیەکی شین پێشوازیمان لێدەکا
ژیان گەرهەناریش لە سۆنگەی ئەودا تامێکی تری هەیە
من بەو هەموو ئاسۆیە ڕۆژهەڵاتیەم
خۆرئاوام بینی، بیابانێکی رووتی بێنازی پڕ لە مرۆ
مرۆ توخم جیاوازەکان
کەللە سەرەکانی تەوتەم، تەریقەتی ڕووناکی
خنکاو لەنێو بۆشاییی تاریکاییی چڵکن
چاوتێر، بەڵام بۆ پارچەنانێک شەڕ لەگەڵ ڕەشەبا
خۆرئاوام بینی دەم بە پێکەنین، بێ وەخت
وەرزشکارێکی براوە، بەڵام هەرەس
بە پەنجە هیۆلاییەکەی شەکەتی کردبوو..
من بەو هەموو خوێنە ڕۆژهەڵاتیەم
کە ژیانم سترانێکە تەژی تاسەو نۆستالژیا
دەبوواچیبکەم تا ئەو لەم هەموو جەنگە ڕزگار بکەم
عیشق هەی ساباتی گڕ،
ئیدی با لێرەوە سەفەر بکەین.

# شێوەکان

شێوەیەک نیازمە،
بتوانێ شکۆی نسکۆ
بکاتە پەیکەری ئاوەدانی
ئەم بوونە لە هەناسەبڕکێ هێورترکا
ئەم گەردوونە سادەترکا
جوانی وێرانکراو لە کەنارە فەرامۆشکراوەکان
لەنگەر بگرێ
دەنگ بگۆڕێ بەڕەنگ
ڕەنگیش مانایەکی نوێ وەرگرێ
شێوەیەک دەدەمە سێو
دوو گوناهی ڕووت
لەزەتە تیشک ئەستێرە کوژاوەکان داپپۆشن
شێوەیەک دەبەخشمە
بۆشایی پەرتبوونی ڕێگا بازنەییەکان
خواردنەوەی دواپێکی پەشیمانی
شێوەیەک دەبەخشمە سەفەر
بەو کۆلارەیەی کە لە منداڵیم
ئێوارەیەکیان لێم ون بوو..
دوایی چەندان ئێوارە چاوەڕوانی
ئێستاش هەرنەمدۆزیەوە
شێوەیەک دەبەخشمە ڕۆژەکان
کە ئیدی لەگەڵ شەوگار
دوژمنایەتیان زیندەبەچاڵ کەن
شێوەیەک دەبەخشمە تەماشا
کە هەر دیدارێ ئاشنا بوون نییە
شێوەیەک دەبەخشمە مێژوو

بێ ترس ئاینده بخوێنێتەوە
شێوەیەک دەبەخشمە نوێژ
کە چۆن ئاگر دەکوژرێ و کڕنۆش نابا
حیانەتی باخچە،
تالآنی سەوزایی جەستە
سەرهەڵگرتنی گوڵی مەحاڵ
بەرەو گیانی تارمایی
شێوەیەک دەبەخشمە عیشق
کە مەرج نییە هەمیشە یەکێکت خۆش بوێ
شێوەیەک دەبەخشمە جەنگ
کە ژیانیش بەشدارە لە فەنابوونی شتەکان
شێوەیەک دەبەخشمە هاوار
کە بێدەنگیش دەتوانێ خەڵک گوێی لێبگرن
شێوەیەک دەبەخشمە پەنجەکان
کە ئەوانیش توانای فڕینیان هەیە
ئاوێنەکە بتوانێ ڕووبار ئاسا
مامزە ئاڵتونییەکان بخنکێنێ
هەتاو کە غروری سێبەرێکی کەسیرەش
بەهەند بزانێ
شێوەیەک دەبەخشمە یەئس
کە چۆن لەنێو هێڵە قەترانیەکانی هزر
شادی لێ بڕژێ
شیعر کە چۆن لەهەموو ڕێگایەک بێبن بێ
لەگەڵ مۆسیقای نغرۆبوون
ئاهەنگ بۆ ڕووخسارەکانی خۆڵەمێش بگێڕێ
مانگ کە بە هەر تریفەیەکی مەستانەی
دڵان کوێر بکات
بیابان چۆن بەدەریا تێپەڕێ و تەڕ نەبێ

شێوەیەک دەبەخشمە زەمەن
کە چۆن هیدمە بیگرێ
بەرامبەر درەوشانەوەکانم
شێوەیەک دەبە خشمە تەکنەلۆژیا
کە چەند کلۆڵە بەرامبەر
ئەو خودایە بچکۆڵەیەی سبەینێ
بە کەژاوەی کۆڵکە زێرینە دەگاتەجێ
بلندی، کە فێر بێ بزانێ
نزمیش دەسەڵاتی خۆی هەیە
شێوەیەک دەبەخشمە وڵات
کە تێبگا ئەویش دەتوانێ
ببێتە مەزنترین تاراوگە

# بەشێک لە بەرتبوون

ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
بەکام ڕێگا بپەڕمەوە دەگەم بە تۆ؟
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا
ڕێگا

# پانۆرامای شتە ونبووەکان
# (پارچەیەک)

منیش هەر بە رووی دیوارە ڕووخاوەکەدا
پێ دەکەنم و دەپرسم
- لەناو زگی دایک دا بووم
کە مردن خۆی پێ ناساندم
گەر هەموو فریشتەکان بمرن
جا من بۆ چاوەڕوانی بەهەشت بکەم
- نا..نا فریشتەکان نامرن
فریشتە چاوی خودایە
- ئەی بۆ دیدالۆس سوتێنرا
- ویستی ئەم زەمینە بارکا
دەئەی بەهەشتە ون بووەکەم
وەرە با تەنها جارێ
لەناو وشەی رووتی شیعرەکانم بەدیت بکەم
هەی شیعرە تەماوییەکە
تۆ بەو سوارە بێ سەرە دەچی
دەرەختی خەونەکانمی لێ دەمرێ
لەبیابان و ئاسمان و سەر زەوی
لە دۆزەخ و بەهەشتە ون بووەکەمدا
هەر بیر لە نهێنییەکان دەکەمەوە
ئەم جیهانە بەدەستەکانم ئابلوقە دەدەم
سەری ڕێگاکان دەگرم
شەمەندەفەرە ئاوییەکان راودەکەم
دەمەوێ بم بە دێوانەو وەک قەنتوور
لەئەشکەوتی تەنیایدا

خەو بە یۆتۆپیای خاکی پیرۆزەوە ببینم
لەسەر سنگی شەپۆلی دەریایەکی هار
دادەنیشم و
بەسەرهاتی مێژووی نغرۆبوونی شتە ون بووەکان
بۆ زیندەوەرانی ناو ئاو بگێڕمەوە

**١٩٧٨**

# ماڵئاوایی

سەمەندەری ڕۆخ ئەم ڕوبارە خەمبارە
چاوەڕوانی شتێ دەکا
ئەگەر تریفەی مانگ نەبێ ٠٠گوڵی سوورە
ئاسمان دەگری و
دەریاش هەموو سات لاوازە
بەم زووانە زەردەپەڕی تیشکی خۆر دەردەکەوێ
خوناو دەبێ بە هەڵم و
هەموو جیهانیش خوناوە
ئەی ئاسمانە ماندووەکە مەگری
وا دێم فێری سێ شتی مەزنت دەکەم
– چاوەڕوانی لەناو دۆزەخی خۆشەویستی
بەیەکگەیشتن
– ماڵئاوایی
تۆش فێرم کە چۆن لە ڕۆژی مەرگی خۆما
شایی بکەم
بەستەی ژیانەوە بڵێم

١٩٧٧

# کائۆس

پەنجەم لەدەستم بێزارە
دەستم لە جەستەم
جەستەم لە پێم
پێم لە زەوی
زەوی لە دەریا
دەریا لە ئاسمان
ئاسمان لە ئەستێران
ئەستێران لە مانگ
مانگ لە  درۆکان
ئەم هارمۆنە ئاوەژووە چییە
هەر کائۆس نەبێ!
کائۆس
کائۆس
کائۆس


ئیسماعیل بەرزنجی

# من و شيعر

ئیسماعیل بەرزنجی

ئەو چەند شیعرانەی تا ئێستا بڵاوم کردوونەتەوە لە چاو تەمەنی نووسینم زۆر کەمن، سەرەتا بە چیرۆک دەستم پێکردو تیایدا فاشیل بووم، برادەرە نزیکەکانم دەڵێن دەبوایە تۆ ڕۆمان نووس بوایت، ئەمە تا ڕادەیێک ڕێی تێدەچێت و لە پاشەڕۆژیش دا ئەو بۆچوونەیان ڕاست دەردەچێت٠٠

من کابرایەکم ڕاڕام، ئەو ڕاڕاییەش کاریگەریەکی زۆری بەسەر شیعر نووسینمەوە هەیە، زیاتر ڕۆمان و چیرۆک دەخوێنمەوە نەوەکو شیعر چونکە دەترسم لە خوێندنەوەی چامەیەکی گەورەدا بکەومە ژێر کاریگەری شیعرەکەوەو سبەینێ پێم بڵێن فلانە کۆپلەت وەرگرتووە.

تا حەدی ئیسقان لەگەڵ تازەگەریم و بەلام زەندەقم لە تەمومژی دەستکردو نوێخوازی بە ساختەیە، زراوم لە ریزکردنی وشەی بێ سەروپێ و ناوی قەبە قەبە دەچێت.هەوڵەکانم دەخەمە خانەی شیعری (ڕۆژانە و حسسی)، سەرجەمیان نهێنی و ئازارەکانم عەکس دەکەنەوە، تەنیا بە خۆم موتەئەسیرم.

دیسان لەگەڵ کۆکتۆدا دەیڵێمەوە: (شیعر پێویستە، خۆزگە دەمزانی بۆ؟)

# کرم و ڤینۆس

* کرم

دوای ئەوەی
تفرێکی نوێ فڕێ دەدات
لە جاران زراوتر دەخشێت
نەویاتی دەکاتە پێودانگ
هەردوو لاپاڵە سپیەکەی پێ دەپێوێ
پێی لە ئەرزە
سەری وا بە تاقی ئاسمانەوە
چەند مەکرۆیە
بەرگێکی سەوزی پۆشیوە
بۆنی گوڵ و پیاوی لێ دێت

* ڤینۆس

هەشبەسەرەی
وەک وەردێکی نەرمان و راست
ڕاکشاوە

* کرم

عەزیا ئاسا دەکیفینێ
خڕ تەڕاتی لێ هەڵدەمژێ

* ڤینۆس

دوای ئەوەی سەرتاپای لەشی
خورشتی تێدەکەوێتن
ناچارە
بەم خانمی و مەزنی خۆیەوە

راكشێتن

***

چ تاوانێكی گەورەیە
كرم و ڤینۆس
وا جیاوازبن
وا كۆكبن!

# گەرما

بروسکە بوون٠٠ چ خۆشبەزبوون
چرکەکانی ژیانم، بە خێرایی تێپەڕین
جوانەکان، چ زوو جوانە- مەرگ بوون
شەوانی مەستیم
ڕۆژانی پڕ هەناسەی ساردم
گوندەکانی ڕۆخ جادە
ژنە کورتە بنە بزێوەکە- خانزاد-
برادەرەکانم- کیژو کوڕی درۆ و ڕاستی
چ بە لەزەت بوون
چەند خۆش بوون
ساتەکانی وجودم
ساتێک لەو قاوەخانەو خولەکێکی تر بە سەرقەڵاوە
چەند شەوێک لە باوەشی گوندێک، ناو بەناو لە
شیعرێکی پڕ هەست و ڕەشبین دادەسووتام٠٠ تا
وەک کەشتییەکی تێکشکاو٠٠ گیرسامەوە
لە هێکرا
ئەوەی پێی دەڵێن(هەست)
تاکە چرکەیێک خۆشی
تاڵەموویەک لە جوانی
بە گیانمەوە نەما
لە خاکی پڕ مشک و دووپشک و جرجەکوێرەکەدا
لەدەشتی رزاوەی دەست گوللە تۆپی هەست ساڵەدا
گەڕامەوە نێو تەلبەندەکە
لەم خاکە سوێرو بۆگەنەدا
تا چاو بڕکات

هەر پۆستاڵە
دووپشکە
حەسرەتی ئینسانی گەمژەیە
وڕەی زبل و تانکەرە
شتە جوانەکانم دەگەچلێنن
لێرەدا
هەر جوانییە
مەمکی مۆنالیزایە
دێرە شیعری پەرتە
چیلکەدار و وردە بەردی گەرمیانە
عەسرێکی درەنگ دەورەم دەدەن
تێر تێر بۆ جوانەمەرگی خۆمان دەگرین
***
زەردەواڵە٠٠ دووپشک، مێرووله
سەگی برسی٠٠ سەربازی دەبەنگ
لەم ئێوارە پڕ خەمەدا
بە چوار دەوری مەنجەڵێک گۆشتاوی ڕەشدا
خول دەخۆن
تەیرو تواری سەر تەلبەندەکە
وەک خۆم پەست
پەست لە دیمەنی٠٠
فلچەو پۆستاڵ
تورە تورو غارەغار
ئەفسەرو سەرباز
سەرسامین٠٠
تەیرو توار پێشکە راودەنێن
منیش بە قاچمەوە دەیان پلیشێنمەوە
دەترسم

له ترپەی پێ
بۆنی دەم و ددان
پرخەی نوستووان
ئێشکگری شەو
گەرما دەمگرییێنێ
هەستم، جوانیم
هۆشم داگیردەکا
دیکتاتۆرە بێ سۆز ٠٠بێ هەست

***

دابباره، ئەی حەسرەت٠٠ بارانی نائومێدی
لەم مەملەکەتە بێ سەردارەی گیانمدا
بە غەیرەز شیعری رەشبین و
پارچە عاردێک و روومەتی ژنێک
چیتر ناشۆیتەوە

# مردن
# هەمیشە ڕوخسارە جوانەکان بۆ خۆی دەبات

جوان بوون
هەر هەموویان جوان بوون
(دایانا، سامالّ، دالیدا)
یەک لە یەک جوانتر بوون
لە زیواو هەڵێنجرا بوون و
مەمکی مانگیان مژیبوو
جوانەکان..
لە بەهەشتێک تەفرەدران
کە شەیتانەکانیشی قدیس بوون
دۆزەخێکیش لە باوەشی گرتن
سەرجەم سۆزانیەکانی شەریف بوون
***
من بە سەماوە جوانم
بە(دایاناو سامالّ و دالیدا)ەوە جوانتر بووم
ڕۆژەکانم..
بە شەوەکانم گرێ دەدەم
ئەوەی لە بیرم مابێت
چلەی زستان بوو کە لێمان قەوما
دوو مێینەم بە پشتی خۆم داداو..
لە ڕۆژاوای هەولێر دایکەکەیانم تەسلیم
بە خاک کردەوەو وتم:
سوپاس ئا ئەوەتا ئەمانەتەکەت!
***
لەو دیو شووشەبەندی پەنجەرە هەواییەکەوە

جووتێ کوکوختی گرینۆک
لەگەڵ دەسڕێژی براکانا
لەگەڵ هێرشی ئامۆزاکانا . . دەیان ناڵاند
پێش ئەوەی ژنەکەم بمرێ
لە بن تارمەکە
پشیلەیێکی تووکن/ خەپانەتر لە کیژە بچووکەکەم
پاشماوەی سەندەویچی کیژە گەورەکەمی دەخوارد
تف ف . . ئەی شەڕ
لەگەڵ هەر جەولەیەکدا کتێبێک بزر دەکەم
پێش ئەوەی ژنەکەم بمرێ
مندالّە ڕووتەکانی بەردەم مەکتەبەکە
پنجە گیا کورتەکانی دەم گۆماوەکە
ژنە بێ مرادەکانی موجەمەعەکە/ ئەوانەم دەبینی
کە نیازم وابوو بیانکەم بە کەرەستەی ڕۆمانێک و . .
تیایدا فاشیل بووم
جوان بوون
ژنەکەم و دایاناو دالیدا و کوکوختی و پشیلەو
هەر هەموویان جوان بوون
***
شەوێکیان
لەگەڵ یەکەم تۆپ دا
مانگ بزربوو ، ئەستێرە سەری خۆی هەڵگرت
تا ئەم ساتەش
ئەگەر بیری هەردووکیان بکەم
کاتێک(زیلان و کاڵێ)دەنوون
تێر سەیریان دەکەم
تا ئەم ساتەش
هەر لە شوقەکەدا

لەو پەنایەی کە بەتانیەکمان لە خۆ لوول دەداو ٠٠
سەیری ئەنتۆنیۆلامان دەکرد
بەرامبەر عامووده چەماوەکە
کە لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپە کزەکەیدا
باسی- حرمانات- مان دەکرد
لەوێوە تف ف ئەی شەڕ
لەگەڵ هەر جەولەیەکدا کتێبێک بزر دەکەم

* ناونیشانی شیعرەکە دێرە شیعرێکی پۆل ئێلوارە

# گەردۆز

دونیا کۆتایی نەهات
هەڵدێر شەو کوژە
ئەی شەپۆلە گەورەکان راپێچمان دەن
ژنی گەڕۆک
پیاوی چەقیو٠٠ زووبن
تاوێکی تر ڕۆژهەڵدێت
سەربوردەی سووتانی شیعر
بۆ شاری چیرۆک و ڕۆمان دەگێڕتەوە
- من-م داستانی شێلانی رەشەگیا
دەنووسمەوە
هەمیشە بێدار٠٠ بێباک دەنوێ
چاوقوچانێکە٠٠٠مردن یا شیعر
نیوەشەوە خاتوون خەوی لێ دەهەڕمێ
وەستانێک دەبەخشێتە ئەو ساتانەی
کە وەستانیان پیرۆز تری کردوون
خاتوونێک٠٠ پووش و پەرێز دەسووتێنێ
شووشەو مینای پەنجەدران
خوناوبادان دەکا
گەشت بوو
چەشنی سۆتەکی جگەرەی لالێوی کابرای
ئاشقەبادان٠٠
کۆتایی هات٠٠ بووە خۆڵەمێش
تێنوێتی٠٠٠دابڕین، نازی چیای ڕووتەن
تاشەبەردی کلۆر، ژنی پیاوانی، پیاوی ژنانی
٠٠٠کامیان؟
زیخمال و وردە بەرد دابەزین
شارێییەکان شۆرانەوە، کێ ماوە؟

مردووه
زیندووه
هەردووکیان  دوای نەخۆشی بێ پیاوی بە منەوە نووسان
منی یەکتەن و خڕانی هەردوو بنیادەم
داکوکیژ بە یەکەوە قوڕمان شێلا
ژنە دارکەرەکان بە خامۆشی تێپەڕین
دێنە لام
ئەو بڵحانەییە کوورەی رەژوو
سپیاتی رێبەندانیان گەچلاند
ئەوە کامیانە
گۆڕی سەر دونیامە
یا هۆدە بەرژەوو سواخدراوەکەیە!
کوڕێک
ژنێک
کیژەک
پیاوەک٠٠ جیابوونەوە
شەوێکی سارد بیرم کردن
دڵۆپی ئەسرینی سوێر
رژایە سەربانی هۆدەکە
لەو گۆماوە ئاو نامبا
بە فریشتان پێ دەکەنم
سێبەر قووڵە٠٠ زەمین ئاوەڕووت
بە تاوانی ئەوپەڕی لەزەت
لەدار دەدرێن
خۆشە بە گوللەی گەرمەوە بناڵێت
لەم چەرخە کـێمتێـزاوەدا کێ داڵدەم دەدا
ئەی خەمی گچکە
چۆن لە نێوان ئازاری تۆ و ژنە بچوکەکەدا

ڕەوت بکەم
دارمازوو جێمبکەوە
لە ژێر بنچە گیا سڕە لێدراوەکانی ژێر پێت دا
دەنووم
بم٠٠ مژە
هەتا دەبمەوە
ئاو
جێماو
لەگەڵ تارمایی و لەزەتدا دەژیم
تۆ
کوێستان و فێنکایی
گەرمە سێرو بیابان
مەزنیت٠٠ چاوت بەخەوە، کەسکە
بخزێ
بۆ نێو کارەساتی مانەوە
تۆ خوشکە ناوەنجییەکەم نیت
دووبارە٠٠٠ دەبارە هێزێک دەمبێژێ
فڕێمدەداتە ناو گەرووی
ئەشق و تەم و سەرسامی
***
ئەو شەوانەی دەگەڵ پەڵەهەوران شەو لەوەڕم کرد
ترسێکی خۆش و تاریکاییەکی بە لەزەت بوو
کوڕە داخراوەکەشم بینی
بەرەبەیان
بەناو تەمێکی خەستی سپیدارەت دەبوو
بۆ وەردو پاوان و پەرێز دەگریا
واکاریلە و دایک تێکبەربوون
تێکخزان و تێکبەربوونی شتەکان٠٠ دەمژێێنێ

دەڕوانمە بەژنی ئەو شۆڕەبیەی
بە تاقی تەنێ لەدووری گوندی
سەری کردۆتە سەر تاشە بەردێ
گەڵاکانی
وەک تووکی سەرم
دە
وە
ر
ێ
ن

* * *

لەگەڵ بوونما
دەریاکەوتەدوان
– ئەو ئافرەتەی تەنیاو نەزۆکە، لە لێواری جگەرەکێشێ
– ئەو نوسەرەی دەنێو پاپۆڕێکی بازرگانیدا خزمەتکارە
بیان ناسە

* * *

وا گەییمە سێبەری خۆم
بۆ ئەوەی مێژوو راچڵەکێ . . . دەیگێڕمەوە
ئاسۆس=بە حەزرەت بوو لەگەڵ داهاتنی سەرپەڵەی
خڕ ساڵێک . . لە گوندێکی نزیکەشار سەیری
منارەو قەڵا بکات . . . نەیبینی
جیهاد= پێشنیازی کرد جوانیپەرستان

کۆنگرەیەک بەستن . . شار بە دەریان کرد
چەندان ئەستێرەم ماچکرد
ئێستا هەست دەکەم . . هەم
کاتی خۆی ئەوەندەم رامبۆ خوێندەوە

تا تۆ هاتیت
من و دنیاو رامبۆت
بە یەکەوە خوێندەوە
ژنە دراوسێکەمان
شەوان دەم خاتە نێو دەمی هەتیوەکەی
فرمێسکەکانی
پێش ئەوەی بکەونە خوارەوە
بۆ دواجار
ماچێکی گەرمی چاوەکان دەکەن
دایکێ بمخوێنە
لە تاریکترین کونجی دڵتا
بە دوای ئەو -ایقاع-ە پڕ جۆشەدا دەگەڕێم
کە بمخاتە هەڵەکە سەما
خورشتمان تێ کەوت
خۆت لە تەنکاوەکە داوە؟
بسووتێ
خۆڵەمێشی جەستەت چێژە
ماچمکە
بەسەر گیانی لەخۆ بوردووی گردان دا
بمگێڕە
رزگار .. چەندت خۆشدەویستێ
ئەو چرکانەی برووسکە بوون
لە هەناوتیان دەدا
ئەو ژنانەی رەشئەسمەربوون
سمتیان خڕبوو
چاویان مۆن بوو
ئەو شێتەی زۆری جگەرە دەکێشا
کاتی خۆی ناوی- هۆشمەند- بوو

وابووین بە-یەک- تێمهەڵدەن
جادەیێ هەیە بمقۆزێتەوە
هات
وەکو ئەو جوانە پڕ مێیناتیەی
بە دیل دەگێڕێ
وەکو ئەو زێیە دوورەی
لە گوندێکی دووردا مەلەی تێدا دەکەین

* * *

وتیان دایکت مرد
بە ماتیەکەوە
سەیری حەشاماتەکەی کرد
باران
کۆڵێ خەمی دی بۆ هێنا
کیژە٠٠ خزایە نێو چەمەکە
با نەترسێت٠٠ ناچیت بەدوایا
تۆ٠٠دوڕیان
کیژە٠٠ چەم، کامەیان خامۆشترە
ئەولاپاڵەی کە بەفر نایگرێتەوە
یان گۆڕەکەت
با بکولێین
لە ڕۆژێکی کورتی بەفرانبار
یا شەوێکی روحسوکی گوڵان
قیرۆسیاش لە گەردوون
هەمووی دەبێتە زریان
یا هەویەشەو

***

دیسان روانینە، توانەوەیە
بەفروباران پێشوونمی هەڵگرتووە

وەک مردنی نێو ژیانم، دیسان
شەقاوی لەرزۆکاوی
روەو کەوڕونزاری تەماوی٠٠٠دەهاوێم
ئەی مردنی پڕ خۆشی
کەی دێیت
شتەکان
کەمێک غەریبتر لە روانینەکانی ئەوسام
دێنە نێو ناخمەوە
لێرانەدا٠٠٠مەزنتر
نەک نازدارتر
لە چێشتەنگاوان رادەمێنم
هاوئازارن
وشکبوونەوە لێرانە
تەڕبوونەوە لەوێ
ژیان
مردن٠٠وێکدەچن
ئەی خواوەندی گەورە
با لەیەک بچین
گیانم باوێژە
دووجەستەی تواوەو تێکئالاو
بەسەریا هەڵدەگەڕێن
لەگەڵ برای جوانپەرستما
ئێوارەییێک دەسووتێین
چرکەیێ بەر لەوەی
یەگجارەی بچمە ناو هیـچەوە
چاوەکانم
لەجیاتی دایکم
خوشکم

دەزگیرانم
ژنێکی لادەر٠٠٠شێتێکی سەرجادە
ماچیان دەکات
زۆران
وەکو جاران
چاوەڕوانی هەڵپەڕینە شێتانیەکەم دەکەن
دەشبینم
خەونە یاوەئاگام
پاش ئەوەی ڕۆژ
لەسەر دوندی شاخەکە وەستا
کڕنووشی برد
خۆی بەم چۆلەوانی یە ناساند
دۆمەکان
دوای ماندووبوونێکی بێ ئاکام
لای من نیوە ڕۆژەیان کرد
قەوماوە
ماتی یە
خامۆشی یە
یا میهرەبانی یەزدانە
بەم ناوەختە
بەسەر لاشان و لا ملی ئەم هەرێمەدا
پەخشبووە
دۆستەدوژمنە
سۆزێکی مەزن٠٠٠(رقێکی ئەستوور)
دەخاتە دڵمەوە
ناترسم(تەمەنم خۆڵەمێشە)
پێشی خەوتنان
-ژنێک- بەسەر سپیاتیدا دەیڕشێنێ

کێ بەشداری ئەم حاڵەتەم دەکا
بەفر٠٠لە خۆی سپیتر
گەرمتر
بمان نەخشێنێ، بسووتێنێ
برەنجێنێ
ماتیە
خامۆشیە
دۆستە
دوژمنە
یەزدانە
سۆزە
ژنە
رقە
عەشقە یا نیو پێکی هەڵبزرکاوە
نۆشی دەکەم
ئەمڕۆ پێنجەشەممەیە
زیاد لە جاران غەریبیم هەڵدەستێ
تەیروتوار
وەلای کۆنە هەواران تێدەپەڕن
-پانەسەر-
شاخە هاودەمەکەی جارانم
دوور٠٠دوور
دەنێوتەمێکی روونداە دیارە
بۆنی عاردی گەرم دەکەم
بوومە هەوری گرمۆڵەبووی قەد چیا
پێیوە راهاتووین- لێکتر نابینەوە
تا گەو دۆزێکی تر خودێت لەگەڵ

# من هەمیشە لەوێوە دێم

بۆ سامالّ٠٠کە شەش سالّ و شەش مانگ کۆی
کردمەوەو لە هیکڕاش پەرش و بلاّوی کردمەوە

ژن و پیاوێکی چاخی بەردین بووین
بە گژوگیا عەورەتی خۆمان دادەپۆشی
لە بنیادەمی ئەشکەوتەکەی تەنیشتمان دەترساین
لە شەڕێک سەردەکەوتین و
لە چواران دەمان دۆڕاند
حەسرەتمان دەکرۆژت و
بێزاریمان هەڵدەمژی
لە ناکاو
بە کۆڵێک یەئسی وجودیانەوە
تێک دەئالاّین٠٠
تێک دەئالاّین و بە هەناسەی هەمیشە ساردو
گەرمەوە
کوللەیەکی خۆڵەمێشیمان بۆ(زیلان و کالێ) دروست
دەکرد
***
دەبووایە هەر چوار فەسڵ
لە تەقسێکی گریاناویدا خۆمان بنێژین
هاوینمان بە پاییزو
زستانمان بە بەهار دەسپارد
لە کۆتایی دا تێر تێر بۆ جوانە مەرگی خۆمان
سیروانێکمان لە فرمێسک دروست دەکرد
***
نازانم

نە ئێوارەیەکی ساردی کانوونی یەکەم بوو
نە عەسرێکی درەنگی حوزەیران بوو
نە جومعەیەکی پڕ لە پەستی و بێزاری بوو
نە سێ شەممەیەکی نەگریز بوو
پێی وتم:
- چەند بەمێرسۆ- یە غەریبەکەی کامۆ دەچی
***
لە حەوشەکەدا
دووجار کراسی سپی لەبەر کرد
جارێکیان بۆ من و
ئەویتریش بۆ قەبر
***
لە شوقەی ژمارە-ج١٢-ەوە
کە بەردەوام
چاوی گەشی ڕۆژو
دڵەلاوازو پڕ ئەڤینەکەی مانگمان لێوە دیاربوو
دووبالیفی سەر سیسەمەکەمان
یەکیان شیعرو ئەویتر ڕۆمان
لەو گوندانەی
کە ئەزموونە فەشەلەکانی خۆمان تێدا دەشاردەوە
لە تەبەشی ئەو کوڕە قۆزانەی
کە یا شەهیدن.. یا لە مەنفان
من هەمیشە لەوێوە دێم
لەوێ..
وەک کوڕە قەرەجێکی کاکۆڵ قوت
لەسەر جەستە لاوازەکەی
زۆربایانە سەمام دەکردو
ئاوی بەسەرا دەڕژاندم

من هەمیشە لەوێوە دێم
لەوێ
فێری ئەوەبووین
چۆن(سەد ساڵ لە دوورە پەرێزی) بژین و
لە چەرخی خۆکوژی و تاعون دا
یەکترمان خۆش بوویت
لەوێ
هەندێ سپێدە
وەک- گریگۆری سامسا- مەسخ دەبووین و
ئێوارە
لە پاکژگەکەی دانتی دا
خاوێن دەبووینەوە
من..
هەمیشە لەوێوە دێم

# دژە دیمەن

* خۆم

مامۆستاییێکی بۆینباخ لە ملی پۆشتە
ئەوە من نیم
ڕۆژنامەنووسێکی جانتا لە بن هەنگڵی زمان لووس
حاشا ئەوە من نیم
فەرمانبەرێکی وێڵ بە دوای تەرفیع و عەلاوە
ئەوە هەر من نیم
جگەرە کێشێکی ڕاڕای لە شیعرا فاشیل
بمگرە
ئەوە منم و داوای قەرزەکەت بکە.

* زیلان

- بابە
* ئۆ باب
- بابە تەلەفزیۆن یەعنی چی؟
* یەعنی ئەفلام کارتۆن و زوم زوم و ئەنتۆنێلا
- جەریدە یەعنی چی؟
* یەعنی ڕەسم و بەبەو بەعە!
-ئەدی بابە شەڕ یەعنی چی؟

* بەیانە شێت

ڕقی لە لافیتەیە
دەیدڕێنێ، دەیکا بەسەرپۆش و دیزداشە

بەیان ژیرە
درکی بەوە کردووە کە لافیتە
درۆیە
ساختەیە
فێڵە

## * کچ

ئاوریشم
بوایە
دەبوو بە شاڵی شاژن
ئاوبوایە
خۆمان پێ بسمیل دەکرد
کۆنە پێشمەرگەش بوایە
تێکۆشانی بایی ڕۆمانێکی دەکرد
کچ تیشکە
کەی بەدەست گیرا ئەوسا تێی دەگەین.

## * گوڵ

ژنە تازەکەم:
– ئەرێ پیاوەکە چەپکێ گوڵی سوور بۆ تەلەفزیۆنەکە ناکڕی؟
کیژە بچوکەکەم:
– بابە ڕەسمی گوڵێکم بۆ بکە!
تەلەبەیەکی دراوسێمان:
– مامۆستا ئینشاییێکم دەربارەی گوڵ بۆ بنووسە
هەرسێکتان ببوورن
لە ولاتێکدا

که گوڵ تیایدا سووتێندرابێ
ئەتک کرابێ
خەسێندرابێ
چۆن ڕەسمی گوڵ بکەم
گوڵ بکرم
لە گوڵ بدوێم؟

* ئازاد شەوقی

تۆ بڵێیی سروشت ئەوەندە جوان بێت؟

* گێژەن

شەممە: بۆ درۆ
یەکشەممە: بۆ درۆ
دووشەممە: بۆ درۆ
سێ شەممە: بۆ درۆ
چوارشەممە: بۆ درۆ
پێنجشەممە: بۆ سەرقەبران
جومعە: بۆ ژنەکانمان

* نوێپۆشی کۆنەخواز

سەعاتەکەی سویسری یە
قاتەکەی فڕەنسی یە
ساقۆیەکەی ئینگلیزی یە
قەمسەلەکەی ئەڵمانی یە

مەشروبەکەی ڕووسی یە
چرووتەکەی ئەمەریکی یە
کەچی ڕقی لە ژان ژینێ، رامبۆ، نالی، ستەرندبرگ، ڤالیزی، ئەدۆنیس دیستۆڤسکی یە.

* دەجال

ژنێکی جگەرەکێش بوایە
دەبووە چەپکێ یادگار
سەرکردەیەکی ئازابوایە
لە دەرسی مێژوو باسی دەکرا
پایپ بەلێوێکی عەجایبیش بووا
بۆ پروپاگەندە یەکاویەک بوو
بەڵام ئەمە دەجالە دەجال
نەدەکەوێتە بەر بینین
نەخانەی هیچ پێناسەیێک.

* جانتا

دۆلاری تێدا دەئاخنرێ
پڕ دەکرێ لە مایۆ و ستیان و سێت نەوم
جێگای دەمانچەی کاتیم و TNT یشی تیادەبێتەوە
جانتا
تەژی دەکرێت لەوێسکی و حەشیشە
ئاخ خ ..ئەی جانتای شیعرەکانم
نازانم لە چ وێستگەیێک لەبیرم کردی!

* وەرز

زستان: پەڵەی داو یەکترمان کوشت
بەهار: ماست پەیدابوو یەکترمان کوشت
هاوین: ترێ پێگەیی یەکترما کوشت
پایز: گەڵا وەری یەکترمان کوشت
گرنگ ئەوەیە وەرز بنێژین

* دۆڕان

پار: سەلاجەکەیان فرۆشت
پێرار: تەلەفزیۆنەکەیان
بەسترپێرار: رایەخەکەیان
ئەمساڵ: رادیۆ و موسەجیلەکەیان
بۆ ناموسیش خوا کەریمە

* ئێکسپایەر

پەنیری کیری، ماسی سەردین
ریگن، کاسترۆ ئێکسایەر بوون
لە کوردستانیش
درۆ و سیاسەت مەفعولیان تا ئەبەدە.

* سەعات

هەشت و نیو: دیلەکان ئازاد دەکرێن
دەوبیست: بوترس غالی سەفەر دەکا
نۆ: بۆرسەی شێخەڵڵا دەکرێتەوە

یازده: تەقە دەست پێدەکات

یەک و نیو: دزەکان دابەش دەبن
دوو: ڕێککەوتنی ستراتیژی مۆر دەکرێ
نوێژی نیوەڕۆ: بلدۆزەر ئاودیو دەکرێ
گرنگ ئەوەیە زەمەن بکوژین.

* مێژوو

نە نووسراوەکانی تۆینبی یە
نە چەند جزو بەندەکەی عەبدولڕەزاق حوسەینی یە
نە- کفاحی- هیتلەرە
نەکتێبەکانی دکتۆر کەمال مەزهەرە
مێژوو دوو وشەیە
کیمیا- ئەنفال

* سۆندە

لە باخچەی ساوایاندا
چیمەن ئاو دەدات و زارۆکان ئاوپژێن دەکات
لە خەستەخانەکاندا
میزی نەخۆشی پێدا دەڕوات
سۆندە
لە ئەمن و ئیستیخبارات
مرۆڤی پێ دارکاری دەکرێت
سۆندە
وەکو بنیادەم ئینتیهازی و سێ ڕووە.

* قەڵەم

ڕۆمان و قەسیدەی گەورەی پێ نووسراوە
ئیمزای جۆرەها خیانەتی پێ کراوە
ئینسانی مەزنی خستۆتە بەر پەتی سێدارە
وڵاتی منی کردووە بە چوار پارچەو
سەربەخۆییشی داوە بە کوێت و ڤاتیکان
جاڕی مافی مرۆڤ بە قەڵەم نووسراوە
ئای قەڵەم
شەریفێکی چەند نەمری
ئەخلاق سزێکی چەند گەورەی.

* کلاشینکۆف

لە جەنگەڵەکان
هێمای ورەو نەبەزین بوو
لە شاخەکان
رەمزی وجود وکەرامەت بوو
مخابن کلاشینکۆف
ئیستا ئارمی ڕێکخراوی وڵاتفرۆش و قەحپەکانی.

# تەڵعەت تاهیر



# بۆ دەنووسم؟

تەڵعەت تاهیر

کە دەنووسیت وەک ئەوە وایە، تریفە پێت بڵێ: بە یارمەتیت مانگ دەیەوێت بتناسێ!

نووسین بە گشتی و شیعر بە تایبەتی پرۆسەی چوونە ئایندەیەو پەڕینەوەیە لە دیارەوە بۆ نادیار، ئایندەش زەمبیلەیەکە خەونی تیا خەوتووە بە پێچەوانەی رابردوو کە گۆڕێکەو واقیعی تیا راکشاوە. ئەگەر(شیعر/ئاینده) نەبێ جورئەت ناکەی بپرسی ئایا شوێن پێی مەڕیش نووسین نییە، نووسینێکی بێ وشە؟

یەک بە خۆم لە شیعرەوە زانیم لەلای نابیناێک دیتنی ژنێک و دارتەلێک وەک یەکن، لەلای گوێگرانێک، حەزی بیستن مانای تەشەرێک و سوپاسێک دەشارێتەوە، من لە شیعرەوە زانیم کە پێویستە مرۆڤ رێزی ئەوە بگرێت کە دووپشکیش لۆژیکی خۆی هەیە.

لە شیعرەوە دیقەتی زۆر شتی سەیرم دا ٠٠ بۆ نموونە هەستم کرد کە کەڵەشێر عاشق نییە و دڵنیابم لەوەی کە مریشک لە عاتیفەی کەڵەشێر بە گومانە، چونکە کەڵەشێر پەلەوەرێکی مولتەزیمەو لە ساتی بانگدانی دواناکەوێ لە کاتێکدا عاشق باوەڕی بە ئیلتیزام نییە. لە شیعرەوە دیقەتی شتی ئەوتۆم دا کە ناکرێ بیانووسمەوە لەوانە بۆ دەست و پێ و دەم و چاوی مرۆڤ نازیان هەڵگیراوە لە کاتێکدا کەس رێزی قۆڵنجی خۆی ناگرێ، کەس غەریبی قۆڵنجی خۆشەویستەکەی ناکات!؟

یان بۆچی پرتەقاڵ و لیمۆ هەنجیر نازیان هەڵدەگیرێ و پاک دەکرێنەوەو لە واجیهەی دوکاندا دایدەنێن کەچی باینجان لەوسەر کەوتووەو فەردەیەکی تەڕی بە ئیهمالی بەسەردا دراوە بۆ کەس بیر لە باینجان ناکاتەوە؟! بۆ کەس کیلۆیەک بۆ منداڵەکانی ناباتەوە؟! لە کاتێکدا پرتەقاڵ هەڵدەگیرێ و لیمۆ بە دیاری دەبرێت، تەحەدا دەکەم تاوەکو ئێستا بێجگە لە میوە ناز هەڵگیراوەکان باینجان خەستەخانەیەکی بینیبێ و کەس لەسەردانی چوارشەمووان‌دا بۆ نەخۆشێکی خزمیان کڕیبێتی.

من بۆ ئەوە دەنووسم خەون بە عەرد ببەستمەوە، شیعر لێناگەڕێ سالێکە ددانێکی کلۆرم بکێشم، چونکە دەزانم ئەمجادی هاڕینی خۆی هەیە، کاتێک بەردێک دەجولێنم دوودڵم لەوەی ئایا حەزی لێیە یان نا؟

کە رەهەندێکی دیکە دەدەمە ئاو دەزانم غەدرێکی دیکەی لێ دەکەم، چونکە غەدری یەکەم تێگەیشتنە ئاسایی یە کە بۆ ئاو٠٠٠ نازانم، خۆ رەنگە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش غەدرێکی دیکە بێت؟!

# ساتێك پێش هاتنی وەرزی ڤەرجیل

له تۆوه وشەیەک بەس بوو
بەم پەیڤە نهێنییەکە تەڕ دەکەم و
لە مەمکی نەگوتنت دەکەمەوە، مووەشەحە پشدەری یەکە
حیکمەتێکی سوونەتکراوە ئەم سەرەتایە
بێ کەڵکە بۆ ئەو لەحزانەی
لە پاقرگەی هەیوانی گوڵدا
زەمەنمان بە ماچ دەپێواو
شوێنیش بە وڕێنەکانی (فاوست)
بیاتریس...
ئەڤینی هەڵمە واملێدەکا بڵێم
شەونم موقەدەسەو
ئیهانە کردنی ئاو لە خواردنەوەیەتی
ناچارم بە گەشبینیت بشوبهێنم
دەنا زەمان بەدەفر دەچوێنم
دەفرێک قومێ لە گوڵە شەهلاکان ناگرێتە خۆی
دەفرێک جێگای چۆڕێ سێبەر نییە
سێبەرەکانی فیردەوس
سێبەرەکانی مەحەبەت
بیاتریس
من لە دۆزەخی گوماندا
چەند پرسیارم بە گڕ پێ دەشوێتەوە؟
لە پرسەی بەسەراب بوونی چەند نزا- دانیشم و
بڵێم - خۆتان خۆش-؟
وێرای نەجورئەتی-با-م نییە
دەنا لەم وڕێنە نازەنینە
تۆم یەکالا دەکردەوەو

دەمدرکاند خۆخی یان هەرمێی!
پێم باشە خۆم کۆکەمەوە
پێم باشە هێور ببمەوە
دیقەتی جوانییەکان بدەم و
خەریکی وشک کردنەوەی بامییەکانی مراق بم!
پاشان وا نەکەم لە مانای موناجات ناگەم و
نازی سپێدەم پێ راناگیرێ!
بیاتریس..
بە پەلکی گوڵە ئەناناسەکانی فیرەوس
دەنکی زیخی ئەو وەسفە نارێکانە لە سپێنەی چاوم دەربێنە
تا ئەو چاوانە نەناسم گوڵەکان دەکەن بە بەرد
با ئەو چاوانە بناسم بەردەکان دەکەن بە گوڵ بیاتریس
ئەو گرفتە ئیبلیسیانەم لێ دوورخەوە
با بە حیکمەتی یادگاری یە نوورانی یەکان باوەڕبێنم
ڤەرجیلی من وتەی غەرانیقی سەروو نییە
ڤەرجیلی من وتەی غەرانیقی خواروو نییە
لە تۆوە وشەیەک بەس
وشەیەک بەس بوو بیاتریس
وشەیەک بتوانێ بڵێ:
سێوێک ئەوەندەی دەهێنا ؟!

# سروودێکی دیکەی سولەیمان

«يا اختي يا عروسي، حبك بئر مياه حية، وجداول دافقة»
(نشيد الانشاد)

-١-

وەک شوێن پێی چۆلەکە لەسەر قوڕ
بەڵقیسم، ورد ورد دەدوێ
مەخابن نووسین تۆڕێکی درشتەو
ماسی وردی پێ ناگیرێ!

-٢-

پەپوولە نامە بۆ گوڵ دەنووسێ بە ڕەنگ
گوڵ تەنها زمانی بۆن دەزانێ

-٣-

هەور زۆر زانە
تا هەڵم بە بارمتە نەگرێ
باران ئازاد ناکات

-٤-

شەمشەمە کوێرە عاشقی شەو نییە
روانگەیەکی تری بۆ ڕۆشنایی هەیە، ئێمە نایزانین!

-٥-

أ -جێتهێشتم گلەیی ناکەم
تۆ ئەسڵت ئاوە
کەواتە یەکێ لە خووەکانت هەڵمە

ب- جێمهێشتی گلەیی مەکە
من ئەسڵم خۆڵە
کردنیش سێکساندنی خۆڵ و خۆڵە

-٦-

پێدەچێ گوڵەبەڕۆژە
قاسیدی شەو بێ
بەڕۆژ چاودێری ڕۆژ بکات
شەوێ بۆ شەوی بگێڕێتەوە

-٧-

خۆرنشین مێزی گفتوگۆی زەردو ڕەشە
ئێوارە لەوەتەی هەیە، دەیەوێت ئاشتیان بکاتەوە
مەلاش بانگ دەدا
«خودا گەورەیە»

-٨-

أ- ڕەنگە گەڵا پرچ بێ، پایز بۆ هاوین بیبڕێ
ب- ڕەنگە گەڵا بەرگ بێ،
پایز بۆ زستان رووت بێتەوە

-٩-

دڕکی چڵەکان لە نامە گۆڕینەوەدا
بە چ ئابڕوویێک ناونیشانیان دەنووسن؟!

-١٠-

شەونمیش دەخەوێ
بەڵام ئەوکاتەی خۆر بەخەبەردێ

-١١-

أ- تۆ گۆرانیت--لە-با- نزیک بە
دەبیتە سروودی دارستان
ب- تۆ ئاویت.. لە تیشک دووربە
راستە نهێنییەکانی ڕۆشنایی دەبەیتەوە
بەڵام هەڵم پیربوونتە

-١٢-

ئەگەر-با- یاداشتی بنووسێتەوە
دەبێ چەند درەخت لەسەر نامووس
ببێتە شەڕیان؟

-١٣-

بەدرێژایی مێژوو رەنگی ئاسمانی لەخۆ بایی بووە
بە درێژایی مێژوو رەنگی خاکی گاڵتەی پێ دەکا

-١٤-

بەزەیی مرۆڤ بۆ ئاژەڵ ئەوەیە: چەند بێ پرسیارە
بەزەیی ئاژەڵ بۆ مرۆڤ ئەوەیە: چەند بێ وەڵامە

-١٥-

بەزەیی باڵندە بۆ کرم ئەوەیە: چەند کورت بینە
بەزەیی کرم بۆباڵندە ئەوەیە: چەند بێ دڵنەواییە

-١٦-

زۆرترین مارەیی
ئادەم بەخشی: بەهەشت

-١٧-

بەلقیس پێی گوتم:
ئێوارانت بۆ ئەوە هەڵگرە
بەدرەخت بڵێی: مەمنوون
لەسێبەرەوە برۆ جەستە
لە تەماشاوە برۆ بینین
جوانترین ماڵی روونی بە، بەڵام، روونییێکی ئاڵۆز
جوانترین ماڵی ئاڵۆزی بە، بەڵام ئاڵۆزییێکی روون
خەریکی هەڵفڕاندنی ئەو چۆلەکانەبە
کە لە ئاسمانەوە جەستە ئەسمەرەکەی من بەگەنم تێدەگەن و دەنووک لە شان و ملم دەگرن!
دنیاش پێ گوتم: لەش، پیربوون و نەخۆشی و مردن، رۆح، زنجیرێکە ترس بە دڵ دەبەستێتەوە.

## لە بەردەم سێوەکەی بۆدلێردا

-١-

دوای خوێندنەوەی -با-
باوەڕت بە باران هێنا کە مندالّیی ئاوەو
میوانێکی ئازیزە بۆ ئەو درەختانەی بێچووە گەڵاکانیان دژونن
لەو دیو دارستانێک لە مەجاز دەتبینم
بەدیار سوحاقییەتی خەفەتەکانەوە
ئاڵۆزتر لە ڕوونی
روونتر لە ئاڵۆزی
دەنگت بە هەڵم دەشۆیت و
بەو گوڵەش دەڵێی- کە ناوی ناهێنم-
«ئاگر شوێنێک ناسوتێنی فرمێسکی بەرکەوتبێ-

-٢-

تۆ کە پیشەت گۆرانی گوتنە بۆ لۆچەکانی فەرهاد
تینوێتیت بەچی دەشکێ؟
دەست درێژکە،
شەریانی جۆگەلەیێ لە کانی راکێشەو هەڵیمژە
برسێتیت بەچی دەشکێ؟
فەقیر.. نانێ لە قەیسی بخۆ و
پێی پەپوولەیێ بکرۆژە
من ئەوەت پێ دەڵێم کە خەون گوتی؛
نەک سروشتی توخمەکان

-٣-

نیشتەجێی ماڵی پرسیاریت
کە وەڵام دەرگات لێ دەگرێ
لە پەنجەرەی گومانێکەوە
دەچیتە دەرەوە

-٤-

حەرفی-ڕ
بگرە دەست و مەعنا بەخەبەر بێنە
چی بڵێینە ئەو منداڵەی
یەخەمان دەگرێ،
پێنج دیناری ئاسنی
بۆ بکەینە خەندەیەکی کاغەز؟
بە مەعنا بڵێ:
مەعقوڵ نییە مووەکانمان لە سپی بووندا
ئەو هەموو رەهەندە بدەنە سپێدە!
مەعقوڵ نیە فرمێسکەکان،

ئەو هەموو مەفهومە بدەنە باران!

-٥-

من بەو کوژانەوەیە
بە سپیم گوت گلەییم هەیە
ئەگەر مانات رووتبوونەوەیە دەفەرموو:
تام، بۆن رەنگ... کچێنی ئاوە
بۆ دەسگیرانێک هەڵیگرتووە نایناسم؟
تۆ بەو داگیرسانە
شەوت بریندار کرد؛
نەتزانی رەش مێیینەی تاریکی یە؟
رەش رۆحدانی پرتەقاڵییە لە خۆرنشین دا؟
رەش بەستە زمانە
بە منداڵیی ئەویش رەنگ بوو
بە بوختانی ڕۆشنایی ئاو لە ماڵەکەی دەریکرد!

## ئەنوەر مەسیفی



# زەنگێ
# بۆ ئەو کەسەی دەمخوێنێتەوە

ئەنوەر مەسیفی

شیعر مەعبەدی زمانەو بەجێ هێشتنی گەمەی سێوەکانەو مانایەکی دیکەی فەلسەفەی ئایینەکانەو ئەدەبێکی ساحیرانەیەو مەمکێکی بە ڕدێنەو ماناکانی شیعر زەمەنی نییەو مانای کتێبانی نییەو جیابوونەوەیەو بۆیە خۆی لە فۆرمێکی گران هەڵدەکێشێ و پرسیارەکانی شیعریش لە فۆرمەکەی دایەو ئەو فۆرمەی کە بەردەوام مووی زمانێکی روحانی دەداو بە بەردەوامیش لە کەونی ماندوو جیادەبێتەوەو درەختیش نییە بەر لەعنەتی شوێن کەوتبێ و هەوای مێژووش نییە زەمەن زیندانی بکاو ئایینەو ئایینیش پرسیارەو ئایاو ئایاو ئایاو لای شیعر زەوی هەموو وەختێ خڕ نییەو هەندێ جار ئاسمانیشی لەلا لە زیندانێک گچکە ترەو شیعر فۆرمەو فۆرمیش گەمەی ساحیرانەی مەعبەدی زمانەو لای شیعر پەری رەشیش هەیەو کریستاڵی ناشیرینیش هەیەو کەواتە ئەی خوێنەری گوناحی شیعرو ئەی لە شیعر گوناحتر ئەگەر ویستت لەمەودوا شیعری ئەنوەر مەسیفی بخوێنیتەوە وەکو ئایین بیخوێنەوە چونکە ئەنوەر مەسیفی بەزمانی ئایین فۆرم بۆ شیعر لە پرسیارەکان دروست دەکاو ئایینیش پرسیارەو ئایاو ئایاو ئایا لەکەیەوە شیعر جیابوونەوەیەو لەکەیەوە مەعبەدی جوانی شیعر پرسێرکی زمان بووە؟

لەوکاتەی کە شیعر توانی دەریایەک لە ئیحا لەناو ئایین هەڵبکێشێ و لەوکاتەی کە شیعر توانی فوو لە قاڵبەکانی مانا بکاو لەوکاتەی کە شیعر توانی فۆرمی گرانی خۆی لەبەر بتە نەتاشراوەکانی بکاو لەکەیەوە شیعر ئایینە؟ لەوکاتەی کە توانی خۆی لە ئایاو ئایاو ئایا کانی سێرکی فۆرم وەربدا.

١٩٩٨/١/٧

هەولێر

# دا

ئایین لە هێسکی ئەو ژنەی زۆر پێدەکەنێ دەدا
ئایین ساقۆی پیری دێربیابان
بە ئاسنباخ دادەدا
دا لەو خوێیەی ئایینم لەبن نا
دا لە دارستانە قەبرستانیەکان
دا لە ماینە موو زستانیەکان
دا لە لەشکری بەتاڵ
دا لە ئایینی پاش بادا
پیری دێر بیابان
ساقۆی دێشێ
هێسکی ئەو ژنەی زۆر پێدەکەنێ مووی دا
لەناو پەنجەرە شکاوەکەم دارستانی بودا
لەناو پەنجەرە شکاوەکەم
کیژی مەمک ژن لە ئایین وەردرا
لەناو پەنجەرە شکاوەکەم گای کەسک کا
لە دارستانی بودادەدا
لەناو پەنجەرە شکاوەکەم دابوودابا
گیا ساردی شاردەوە لە پاشان با
سەمای ژنی پێ لە دێرێ
منی بەلم بە گیاناوەنا
لە پاشان ساقۆی گێچی
لەبەر بارانی بەتاڵ دانا
پاش سەمای ژنی پێ لە دێرێ
گیای لە خوێیەکانی با
لەشکری بەتاڵی لەناو بەجێما
لەناو ژنەباغەکان

خواییم لە ساقۆی گێچی وەرا
لە پاشان دادادا
گیا ساردی شاردەوە بانەشکا
ساقۆ گێچ لەناو خوێ بەجێما
لەناو خوێیەکانی با
ئەو ژنەی گوایە لە من باشتر ئاوو هەوا دەناسێ
کەونی لە دێرێ دەرکرد
لە دێرێ لەشکری چۆڵ کا
لە من سەما
لە ژنی لە دێرێ خوێیەکانی با
لە ساقۆ گێچ کەونی پێش پەیدابوونی دا
دا لە ژنە باغەکان
دا لە بەتاڵی
هەندێ لەو بارانەی لەشکریشی ترساند
لە بەتاڵی لە باڵە بەردەکانم دەدا
ژنی دێرێ خۆی بە من ناشوا
مووەکانم لەشەڕ وەرین
دا لەو ئاوەی دەستە خوێیەکانی پڕ گیا دەکردم
دا لە باڵە بەردەکانم
هەندێ لەو بارانەی لەشکریشی ترساند
لە بەتاڵی لە باڵە بەردەکان دەدا
ژنی دێرێ خۆی ناشوا
مووەکانی لەشەڕ وەرین
دا لەو ئاوەی دەستەخوێیەکانی پڕ گیا کرد
دا لە باڵە بەردەکانی
هەندێ لەو بارانەی لەشکریشی ترساند
لە بەتاڵی لە ژنە باغەکان دەدا
دا لە ژنی لە دێرێ

دا لە باران
دا
لای دارستانە قەبرستانیەکان نا
دارستانە قەبرستانیەکان
لەماینە مووزستانیەکان
دەچۆڕێنەوە ناودا
لای دارستانە قەبرستانیەکان نا
دارستانە قەبرستانیەکان
لە ژنە ساقۆبیەکان
دەچۆڕێنەوە ناودا
لای ماینە مووزستانیەکان نا
ماینە موو زستانیەکان
لە ژنە ساقۆبیەکان
دەچۆڕێنەوە ناودا
لای ماینە مووزستانیەکان نا
ماینە مووزستانیەکان
لەدارستانە قەبرستانیەکان
دەچۆڕێنەوەناودا
لای ژنە ساقۆبیەکان نا
ژنە ساقۆبیەکان
لە ماینە مووزستانیەکان
دەچۆڕێنەوە ناودا
لای ژنە ساقۆبیەکان نا
ژنە ساقۆبیەکان
لە دارستانە قەبرستانیەکان
دەچۆڕێنەوە ناودا
لە دێرێ باڵندە قوڕەکانی
سەر تەرمەکانی سەمام بەردەبنەوە ناودا

لەناو گۆمە خوێیی سارد
ژنی چاوپڕگیای گەرم دێنە دەرێ
لەسەر کتێبە گێچەکانی ئادەم دادەنیشن
ئاو بەهێسکی سیحر دادەکەن
لە پاشان لەپە چیمەنتۆیان رادەوەشێننە مانگ
ژنی چاوپڕگیای گەرم بەردەوام
لەناو گۆمە خوێیی سارد دێنە دەرێ
کتێبە گێچەکانی ئادەم
لە گای خوێ باردەکەن
کۆترە خورییەکانی
سەرلکە بەردان دەفڕێنن
لە پاشان لەپە چیمەنتۆیان
رادەوەشێننەوە مانگ
تیاترۆی پیانۆ توتیا
لەسەر توتیای گەرم
پیاوە مردووەکانی خۆی دەشوا
تیاترۆی پیانۆ توتیا سروود
دا
دا
توتیا جل و بەرگی ئایینی لەشکری کەونی
ناو جامخانەی دەرکە بەردمە
لە دێرێ پیانۆمان لێ دەدا
قەشە ساقۆ دارستانیەکان
خۆیان لە خوێییەکانی با هەڵکێشا
گا لە لەشکری بەتاڵ ترسا
ژنە بیابانیە گێچەکان
خۆیان لە ئایینی پاش با هەڵکێشا
لەشکری بەتاڵ لەگا ترسا

قەشەی کەونە بیابانەکان
خۆیان لە خوێیەکانی با هەڵکێشا
مانگ لە لەشکری بەتاڵ ترسا
ژنە لمە دارستانیەکان
خۆیان لە ئایینی پاش با هەڵکێشا
لەشکری بەتاڵ لە مانگ ترسا
لە دێرێ پیانۆمان لێ دەدا
ژنە لمە دارستانیەکان
خۆیان لە خوێیەکانی با هەڵکێشا
گا لە مانگ ترسا
قەشەی کەونە بیابانەکان
خۆیان لە ئایینی پاش با هەڵکێشا
مانگ لە گا ترسا
ژنە بیابانییە گێچەکان
خۆیان لە خوێیەکانی با هەڵکێشا
ئایینی پاش با
لە خوێیەکانی با ترسا
قەشە ساقۆ دارستانیەکان
خۆیان لە ئایینی پاش با هەڵکێشا
خوێیەکانی با
لە ئایینی پاش با ترسا
لە دێرێ پیانۆمان لێدەدا پیانۆ

ناوەڕاستی ١٩٩٣ ـ کۆتایی ١٩٩٥

# پێڵاو

ئایین کردمیه پیانۆ
ئاسن بێژ کەونیان
لەسەر قەبری بەتاڵ دانا
ئاوە کافرەکانیان دایە ئەوگایەی
کە لە بە تاڵی لە دێرێ چەک دەخوا
لەبەتاڵی قەمبوورم
بۆ ئەو پێڵاوەی کە لە بەتاڵی
لەناو ئاوە کافرەکانم نا
ئاسن بێژ لەبەتاڵی
باران دەخۆنەوە
لەبەتاڵی کەونیان
لەسەر قەبری بەتاڵ دانا
لەبەتاڵی قەمبوورم
بۆ ئەو پێڵاوەی کە لە بەتاڵی
لەناو ئاوە کافرەکانی نام
ئاسن بێژ لەبەتاڵی کەونیان
لەسەر قەبری بەتاڵ دانا
لەبەتاڵی لە دێرێ
تەماشا دەکەنە گای
کە لە بەتاڵی باران دەخواتەوە
ئاسن بێژ لەبەتاڵی کەونیان
لەسەر قەبری بەتاڵ دانا
لەبەتاڵی لە دێرێ
تەماشا دەکەنە ئەو ژنەی کە لە بەتاڵی
پێڵاوی هاوێشتمە ناو ئاوە کافرەکان
کە لەبەتاڵی بارانی خواردەوە

ئاسن بێژ لەسەر قەبری بەتاڵ
لەبەتاڵی تەماشا دەکەنە قەمبووریم
ئایین لەبەتاڵی کردمیە پیانۆ
گا لە دێرێ چەک دەخوا
پەڕەمووچ دێ کەونەکان پڕ دەکا
پەڕەمووچ دێ قەبرە بەتاڵەکان پڕ دەکا
پەڕەمووچ دێ ئاوە کافرەکان پڕ دەکا

هاوینی ١٩٩٦

# ئایینێک بۆ کەس نا

له سێرک گوڵه سپییەکانی منیان به شمشێره
شکاوەکانی ئایین دادا
ئایینی ئەو کاهینه ئاوییانەی
جەنگاوەری مسیان کرده گیانا
ئایینی ئەو ژنه دادایییەی
دەستم پڕی شیر دەکا
له سێرک ئایینێک بۆ کەس نا
له سێرک جەنگاوەری مس

شمشێره شکاوەکانی له
کاهینه ئاوییەکانی ئایین نا
ئایینی ئەو ژنه دادایییەی
دەستم پڕی شیر دەکا
له سێرک ئایینی کاهینه ئاوییەکان نا
له سێرک ئایینێک بۆکەس نا
له سێرک گوڵه سپییەکانی منیان
به جەنگاوەری مسی ئایین دادا
ئایینی ئەو کاهینه ئاوییانەی
شمشێره شکاوەکانیان کردەگیانا
ئایینی ئەو ژنه دادایییەی
دەستم پڕی شیر دەکا
له سێرک ئایینێک بۆکەس نا
له سێرک کاهینه ئاوییەکان
گوڵه سپییەکانی منیان

له جەنگاوەری مسی ئایین نا
ئایینی ئەو ژنە دادایییەی
دەستم پڕی شیر دەکا
لە سێرک ئایینی کاهینە
ئاوییەکان نا
لە سێرک ئایینێک بۆکەس
نا
لە سێرک گوڵە سپییەکانم
بە کاهینە ئاوییەکانی ئایین دادا

کانوونی دووەمی ١٩٩٧

# ئۆپێرای گا

ئەو کاهینە مێیەی نامرێژێ
مووی لە ئۆپێرا دەکەون
لە ئۆپێرای ئایینی
فۆرمەکافرەکانی گا
لە ئۆپێرا کاهینیم بادەدا
ئەو کاهینە مێیەی نامرێژێ
کاهینی شاردنەوە
کاهینی ئایینی
فۆرمە کافرەکانی دا
مووی ئەو کاهینە
مێیەی نامرێژی نا
ئایینی رژاوی ئۆپێرا
کاهینیم لە کەونە
بەدەکان بەتاڵ دەکەم
ئۆپێرای گانا
کاهینیم پەلک دەدا
کە ئەو کاهینە مێیەی
نامرێژێ بادەدا
گا ئایینی ڕژاوی ئۆپێرای
کاهینیم دەخواتەوە
گا مووی ئەو کاهینە مێیەی نامرێژێ دەخوا
گا لە ئایینی
رژاوی ئۆپێرا نا
گا لە مووی ئەو کاهینە
مێیەی نامرێژێ نا

گا لە کەونە بەدەکان
لەفۆرمی ئۆپێرا کافرەکان
لە کاهینیم بەتاڵ دەکەم
ئۆپێرا ئۆپێرای دا
ئۆپێرا ئۆپێرای
کەونە بەدەکان
ئۆپێرا ئۆپێرای
فۆرمە کافرەکان
ئۆپێرا ئۆپێرای کاهینیم
لەکاهینیم مووی
ئەو کاهینە مێیەی
نامرێژێ دەکەون
لە ئۆپێرای ئەو کاهینە
مێیەی نامرێژێ
مووی کاهینیم دەکەون

هاوینی ١٩٩٧

فەرهاد پیربالّ



# خۆ ڕووتکردنەوە

فەرهاد پیربال

من هەرچی بنووسم، دەمەوێ بەردێک بێت و فڕێی بدەمە ناو گۆمە مەنگەکەوە. شڵەژاندنێک، ورووژاندنێک بێت، لە پڕۆژەی ئەم کتێببۆکەیەشدا، بە هەمان شێوە: چونکە جوانی، یان نەبێت، یانیش ئەگەر هەبوو، پێویستە ڕاچڵەکێن بێت– وەک برۆتۆن دەڵێ.

ئێمە لەم پرۆژەیەدا ئەگەرچی لە هەندێ باردا دەگەینەوە یەکتر، بەڵام هاودەنگ و هاوشێواز نین، لە یەک سەرچاوەشەوە پێنەگەیشتووین.

ئایا، بە ڕاستی، جیاوازین؟

بەڵێ، لە سێ سەرەوە جیاوازین:

سین: لەگەڵ یەکتر، واتە لەناوخۆماندا جیاوازین

شین: لەگەڵ غەیری خۆماندا، واتە لەگەڵ ئەوانەی لە دەرەوەی ئەم بازنەیەی ئێمەدان

تین: لەگەڵ شاعیرانی جیلی پێش خۆمان.

کەواتە(جیاواز)هەوڵدانێکە لە پێناو دروستکردنی جیاوازی..

# پەناهەندەی ژمارە ٣٣٣ ٣٣

ئەو کاتە تەمەنم نۆزدە ساڵ بوو
هێشتا بە هەمووی نۆزدە شارم نەبینیبوو
نۆزدە گوندیش نا
نۆزدە گەڕەکیش نا
تەنانەت نۆزدە شەقامی شارەکەی خۆشم نا،
هەر بۆیەش هیچ شیعرێکم، هەرگیز، لە نۆزدە دێری تێپەڕ نەدەکرد.

گەنجێتیم جەنگێک بوو؛ راوی نام.
هەر زوو بیرەوەرییەکانی منداڵیی خۆمم پێچایەوە و
سەری خۆم هەڵگرت.

تاران ئەوکاتە، مزگەوتێکی گەورەی رەنگاو ڕەنگ،
لەسەر هەر شۆستەیەک ژنێک: رەشپۆش،
دانیشتبوو
بەختی گەنج و هەرزەکاری دەربەدەری وەکو منی دەگرتەوە:
«ئاخۆ مووسا پێغەمبەر ئاسا
«ئاوی ئازادی ئاوارەیی بەرەو کام مەنزڵ رامدەپێچێ؟».
بیرم دەکردەوە: بەپێی
وەک چین و ماچین تا (چین) بچم.
هەندێ جاریش بیرم لە (کاپوول) دەکردەوە،
بەخۆی و فیل و دارگوێز و گۆرانیەکانیەوە.
هەندێ جاریش دەمگوت: بچم خۆم لە رووبارە پیرۆزەکەی (سەندو گەنج)دا هەڵبکێشم؛
بەڵکو خواوەندەکانی ئەوێ بەختێکی باشترم پێ ببەخشن.

لە رێگا، رۆحی ئیبن سینا و بابەتاهیر رایانگرتم
لەسەر مەزارە ئاوارەکەی هەردووکیاندا، چاوم

بە زڕ خوشکی خاڵی باوکم کەوت
کە چل و چوار ساڵ بوو
وەک خەنجەرێکی زێڕینی سەردەمی ئاشوورییەکان
لە هەولێرەوە پەڕیبووە ئەوێ:
وەک بابەتاهیر
وەک ناوی گیایەکی ناوچەی خۆشناوەتی
کە پەڕیوەتە نێو کتێبی (قانون در طب)ی ئیبن سینا.

زڕخوشکەکەی خاڵی باوکم
حەزی دەکرد کچە حەڤدە هاوینییەکەی خۆیم لێ مارە بکا،
منیش بیرم بەقووڵدا چووی
بیرەوەرییەکانی منداڵیی خۆم و
ڕێگای ئاوارەیی پێشم.

«جمهوریت اسلامی ایران
«کرج
«میدان ذوب اهن
«اردوگای پناهندگان کرد عراقی
«قاوشی شەهید ئایەتوڵلا مونتەزەری
«پەناهەندەی ژمارە سی و سێ هەزارو سێ صەد و سی و سێ
«بگات بەدەستی فەرهاد پیرباڵ».
ئەمە بوو ناونیشانی یەک ساڵی رەبەقی گەنجێتیی من!

لەوێدا بوو، کە من ناچار،
خەونم بە ئەورووپا و ئاو و ئازادییەوە دەبینی.
لەوێدا
لەناو قاوشێکی درێژی پەنجاو پێنج مەتریدا
کە پەنجاو پێنج قەرەوێلەی پێنج قاتی لێ بوو و

تەنیا یەک چرای تێدا دەسووتا!

لەوێ،
لەناو زندانەڵانێکی وەک سەدە ناوەڕاستەکان تاریک
کە هەفتەی تەنیا حەفت سەعات دەمانتوانی چاوی هەور ببینین.

لەوێ،
لەناو حەمامێک
کە سێ مانگ جارێک تەنیا یەک سابوونیان دەدایێ.

لەوێ،
لەناو ئێوارەیەکی ماندووی پڕ مێشومەگەز
کە سێ جەمە هەر جارەی
سی و سێ  هەزار و سێ صەد و سی و سێ کەس بە جارێک
ریزەمان دەگرت بۆ «شەپڵە گۆشتێک»
یان بۆ چوڕکە شۆربایەکی مێشوولاوی.

لەوێ،
لەتەنیشت «ساختمانی مافی مرۆڤ».

لەوێ،
کە زیندانێکی ساڵانی جەنگ بوو،
لەوێ بوو کە من بۆ یەکەمین جار
خەونم بە ئەورووپا و ئاو و ئازادییەوە بینی!

لەوێ،
پەیتا پەیتا نامەی رۆحی دوورەوڵاتەکانمان پێدەگەیشت:
ستۆکهۆڵم تازە شەش پەناهەندەی گەڕاندبۆوە،

بەرلینی رۆژهەڵات هەر لە فرۆکەخانەوە سەگی پۆلیسیی بەردەداینێ،
بەرلینی رۆژئاوا گۆڕستانەکانی خۆی پێ پاک دەکردینەوە،
لەندەن: ناو میترۆکانی،
فلۆرەنسا: دەیسپاردینە چنگە خوێناوییەکانی بەغدا
شیکاغۆ: لەبرسان دەیکوشتین،
پاریس: لەسەر شۆستان نەبووایە جێگەی نەدەداینێ،
ئەوکاتەش جارێ کەسمان ناوی (ئۆسلۆ) و (ڤیەننا) و زیوورخی نەبیستبوو!

کۆپنهاگن بۆ من تاقە دەرگایەک بوو.
هەرچەندە دەمزانی: برا دوورەپەرێزەکەی رۆحم،
سۆرین کیەرکگۆرد،
صەد و سی و سێ ساڵ پێشتر
بەزەبوونی و لانەوازی لەو شارەی خۆیدا سەری نابۆوە:
گشت ئێوارەیەک کاتێ بەخۆی و گۆچانە فێدارەکەیەوە
دەگەڕایەوە ماڵ
منداڵە هوورتکەی گەڕەک بەردیان تێدەگرت و پێیان رادەبوارد؛
هەرچەند دەشمزانی:
ئیبن بەتووتەی مەڕاکشی
حەوت صەد و حەوت ساڵ پێشتر
چەقیبووە نێو ئەم پەنیرستانە ساردە بۆگەنە و
نووسیبووی:
«دانمارک،
«کەشی بۆگەن،
«زمانی بۆگەن،
«ئەخلاقی بۆگەن».
بەڵام، لەگەڵ ئەوەش هەر
کۆپنهاگن، بۆمن، تاقە دەرگایەک بوو.

ئەوکاتە تەمەنم نۆزدە ساڵ بوو
هێشتا بە هەمووی نۆزدە شارم نەبینیبوو
تەنانەت نۆزدە شەقامی شارەکەی خۆشم نا.

من، نیوەی یەکەمی ژیانم، دوو جەنگی گەورەی ٧٤ و ٨٠ بردبوونی.
دەمویست نیوەکەی دیکەی ژیانم
لە دوورەوڵاتیدا رزگار بکەم.
بەغەمگینیەوە لە خۆم دەپرسی:
«تۆ بڵێیی بتوانم لەو نیوە ژیانەی دووەممەوە
وێنەی یەکەمم رزگار بکەم؟».

کاتێ تارانت بەجێ دەهێشت
کۆنترۆڵی فرۆکەخانە رێگەی نەدەدا پەناهەندەی کوردی عیراق
تەنانەت یەک پارچە پێنج دۆلاریشی پێ بێت!
ئێ، بێ دۆلار و بەبێ پارەش لە غەریبی چی بەچی دەکرێ؟
هەندێ هەبوون لەناو نیفۆیان دەشاردەوە و
دەستیشیان تا دەرباز دەبوون لەسەر دڵیان
هەندێ هەبوون لەناو گۆرەوییان دەشاردەوە و
دەستیشیان تا دەرباز دەبوون لەسەر دڵیان
هەندێ هەبوون لەناو یەخەیان دەشاردەوە و
دەستیشیان تا دەرباز دەبوون لەسەر دڵیان
تەنانەت هەشبوون لەناو کونی قوونیان دەشاردەوە و
دەستیشیان تا دەرباز دەبوون لەسەر «دڵیان».
منیش:
تەنیا
چەند کتێبێک و
چەند بیرەوەرییەک؛
دەستیشم تا دەرباز بووم لەسەر دڵم.

که گەیشتمە ئەستەمبۆڵ دەمویست ڕۆمانێک
لەسەر مەرگستانی تاران بنووسم.
که گەیشتمە دیمەشق دەمویست ڕۆمانێک
لەسەر ئازارستانی ئەستەمبۆڵ بنووسم
که گەیشتمە ئۆسپانهۆف دەمویست ڕۆمانێک
لەسەر کوردستانی دیمەشق بنووسم.

له ئۆسپانهۆف بوو بۆ یەکەمین جار بینیم
که من له سەدەیەکی چەنێک کۆن و کەودەنەوە هاتووم!
چەنێک زەبوونم،
چەنێک بچووک!
له ئۆسپانهۆف بوو بینیم: وا خەریکه
نیگام بەرینتر،
شیعرم درێژتر دەبێتەوە.

هەستی پڕ سوێی بێ وڵاتی و
تەقە تەقی یادگارەکان لەسەر شانم،
لەم شارەوە بۆ ئەو شار و
لەم شەمەندەفەرەوە بۆ ئەو شەمەندەفەر
خۆم له جەزیرەی میدڵ گراندا دۆزییەوە؛
جیهانیش
وەک سەعاته زۆر بڵندەکەی گەڕەکی جوولەکان له شاری پراگ
بەردەوام لەپێش چاوم دەسووڕایەوە و
دەم نا دەم، ئێواران
له قووڵایی برینی غەریبیمدا دەزرنگایەوە.

شەش مانگ و شەش ڕۆژ له جەزیرەی میدڵ گراندا مامەوە،

ئەو جەزیرەیەی کە هیتلەر شەش مانگ
لە سەردەمی جەنگدا خۆی تیا شاردەوە،
ئەو جەزیرەیەی کە لە من و شەست پەناهەندە و
مریشکێکی قوندە زیاتر
هیچ زیندەوەرێکی دیکەی تێدا نەدەژیا.

شار بە شار شوێن پێی قوڕەسانەکان کەوتم:
سکاگن،
ئۆلبۆرگ،
ئاغووس،
غۆسکیلە،
ئینجا لە کۆتاییدا کۆپنهاگن.
کۆپنهاگن،
ئەو پەنیرە ساردە بۆگەنەی
کە دەتگوت ژنێکی مردووی گریلەندییە و بەستوویەتی!

سەیرە!
لە کۆپنهاگن بیرم دەکردەوە:
من بە حەڤدە هەزار شوێن،
بە هەژدە هەزار سەعات لە زێدی خۆمەوە دوورم.
من چەند دوورم،
منداڵیشم چەنێک نزیک! چ مەرگەساتێکە!

لە کۆپنهاگن، وەک قوڕەسانە باپیرە گەورەکانی خۆیان
دەبوایە هەمیشە هەر لە «تالآن» و سەفەر بم،
یانیش دەبوایە وەک بایەوان و زانا دێرینەکانی ئاوو هەوایان
چاوم هەر لەسەر تەرمۆمەتر
بزانم کەی (پلەی گەرما) کەمێک بەرزتر دەبێتەوە و

خۆر دەبینم.

ئەوروپا ئەوروپایە، ئیتر
جیاوازیی گۆگادەگەی کۆپنهاگن چیە لەگەڵ
گۆگادەگەی ستۆکهۆڵم؟
جیاوازیی زەردەخەنە درۆزنەکانی قەراغ رووباری (سنێگەستین)
چیە لەگەڵ زەردەخەنە ساردەکانی قەراغ هلسنکی؟
جیاوازیی پیاسەکانی باغی (ڤێستەپۆرت)
چیە لەگەڵ هەمان پیاسەکانی باغی (هێدپارک)؟
یان سەفەری سەر پشتی کەشتیەکی بەرەو (وارشۆ)
لەچاو سەر پشتی کەشتیەکی بەرەو (فۆلکستۆن)؟
بیرەی تووبۆرگ هەمان تووبۆرگە
پەناهەندەش.. هەر پەناهەندەیە!

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش،
نەخێر،
هەر سەفەرێک وەک ناسینی کچێکی تازە وایە،
هەر سەفەرێک وەک ئەوە وایە لەگەڵ ژنێکی تردا
هیچ نەبێ چایەک بخۆیتەوە!

پشتم کردە بەحری بەڵتیک و
سەرەڕۆ
لەناو چەندین شەمەندەفەری ونبوودا
وەک کۆکۆشکا لەناو تابلۆکانی خۆیدا ون بووم،
لەسەر چەندین رێگای هەڵەتە بوودا
وەک «کورە کەچەڵ» لەسەر رێگا ئەفسانەییەکاندا
هەڵەتەبووم.
لەگەڵ چەندین زەبوونیدا

وەک (لویجی بیراندێللۆ) لەگەڵ ژنە ئیفلیجەکەی خۆیدا، مردم.
بەدووای چەندین کچە قەرەجی هەنگاری کەوتم
کە لەسەر سنووره دەوڵەمەندەکانی ئەڵمانیا و سوێد
سێرکیان دەگێڕا و
وەک سەرە سیفۆن پارەیان لەناو کڵاوێکی قووڵدا کۆدەکردەوە.

دنیا لەپێش چاوم وەک ئۆکۆردیۆنێکی ئۆسکۆتلەندی
درێژتر و درێژتر دەبۆوە،
چاویشم تەلی تەلەگرافی دەشتە چۆڵەکان دەیبردن،
رۆحیشم هەمیشە دەسپاردە
ئەو باڵندە قەشەنگانەی کە دەمزانی هەرگیز
وەک (ناتالی)
جارێکی دیکە نایانبینمەوە.

ئاخ،
دووره وڵاتیەکی حاجی و نالی
لەچاو ئەوەی من: گەمەی منداڵان بوو!

ورده ورده
وام لێهات بۆنی هەر وڵاتێک لە بۆنی وڵاتێکی دیکە
وەک رستەی کورتی هەمەنگوای لەچاو رستەی درێژی پرووست
لەیەکتری جودا بکەمەوە؛
وام لێهات رەنگی هەر بەندەرێک لە رەنگی بەندەرێکی دیکە
وەک چاوی پۆرترێتەکانی مۆدیلیانی لەچاو چاوەکانی شاگاڵ
لەیەکتری جودا بکەمەوە؛
وام لێهات شێوەی هەر فرۆکەخانەیەک لە شێوەی فرۆکەخانەیەکی دیکە
وەک نۆتەی غەمگینی ڤیڤاڵدی لەچاو نۆتە تووڕەکانی ڤاگنەر
لەیەکتری جودا بکەمەوە؛

وام لێهات بۆنی ژنی هەر شارێک لە بۆنی ژنی شارێکی دیکە
وەک لەشی ئافرەتەکانی (گۆگان)
لەچاو لەشی ئافرەتەکانی (جیاکۆمێتـتی)
لەیەکتری جودا بکەمەوە.

گورگێک ئاسا کە هەست بە لەبەر ڕۆیـینی خوێنی خۆی بکا
هەستم دەکرد شیعرم
وەک تەمەنی ساغڵەم و ئاسوودەی
پیرەژنە جوولەکە پورتوگاڵیەکانی پاریس
ڕۆژ بە ڕۆژ درێژتر دەبێتەوە،
هەستم دەکرد هەر خەتێکی کە دەینووسم
درێژتر و درێژتر دەبێتەوە
وەک ئاوارەییە ئاویـیە نائومێدەکەی شەریف پاشا لە (مۆن کێف).

ئەو کاتەی هەولێرم جێ هێشت
هێشتا بە هەمووی نۆزدە شارم نەبینیبوو
تەنانەت نۆزدە شەقامی شارەکەی خۆشم نا؛
هەر بۆیەش شیعرم
هەرگیز
لە نۆزدە دێری تێپەڕ نەدکرد.

پاریس: ١٩٩٢

# سنوور

ئەلکزەندەر لەسەر پشتی من بوو، لە ئەربێل
کە داریووشی شکاند
ئێستاش ئەوەتا دیسانەوە
لەسەر پشتی منە کە(ڕۆژهەلات)و(ڕۆژئاوا) تێکڕا
بۆمبەکانیان بە ڕووی یەکتر دەتەقێننەوە
پەپوولەم ڕەنگی دەپەڕێت و سەردەنێتەوە
تاڤگەم، ئاوازی، کوێردەبێتەوە
بەفرم، خوێنی ئاوارە دەکرێ.

ئاخ
نامرۆڤایەتی بەو هەموو قورساییەی خۆیەوە
لەسەر بڕبڕەکانی پشتی لاسکە گیام!

سەدان ساڵە
وام لە نێوان دووگۆلی شینی(وان)و(قەزوێن)دا
کەچی هێشتا، هەمیشە تینووم
سەدان ساڵە
سەرم تەبای چیاکانم بەرز
کەچی هەمیشە
هەمیشە دیلم

سەدان ساڵە
لەسەر پشتی منە
کە بۆڕییە نەوتە پێچاوپێچەکان
فەردە برنج و قەرتاڵە ڕووناکییەکان
بەرەو وڵاتە بەستەڵەکە دوورە دەستەکان دەگوێزرێنەوە

خانووی خۆشم سارد
لەسەر سنووره تاریک و تەزیوەکاندا، هەر سەعاتەی
گوڵاڵەیەکی ساوای دیکەم لە برسان دەمرێ.

لەسەر خاکی نیشتمانی خۆشمدام و
ئاوارەم
لەسەر خاکی نیشتمانی خۆشمدام و
لە خۆم بێگانەم.

کەرکووک، سەقز، دیاربەکر ٠٠تا قامشلی
هەمووی نیشتمانی خۆشمە، کەچی
لە کەرکووکەوە کە دەردەکرێم
ناتوانم بچم لە مەهاباد
لە ماڵە خوشکە میهرەبانەکەم بۆ ماوەیەک بحەسێمەوە.
لە ماردینەوە کە راودەنرێم
ناتوانم بچم لە ئامێدی
پارچە نانێک لە ماڵە برا بەخشندەکەم بخوازمەوە.

ئاخ، لە نێوان گۆڕی هەر برایەکم و برایەکی دیکەمدا: سنوورێک!
لە نێوان باوەشی هەر خوشکێکم و دەزگیرانەکەیدا: سنوورێک!
لە نێوان حەرفی هەر کتێبێک و کتێبێکی دیکەمدا: سنوورێک!
لەنێوان هەر ڕەنگێک و ڕەنگێکی دیکەمدا: سنوورێک!
سنوور...
سنوور...
لەسەر خاکی نیشتمانی خۆشمدام و
ئاوارەم!
لەسەر خاکی نیشتمانی خۆشمدام و
لەخۆم بێگانەم!

# حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ئـێمە بخوور و مۆسیقامان لە هیندستانەوە بۆ دێت
تەلەفزیۆن و ئەجهیزەی دەقیقە لە ئیماراتەوە
برنج و ئارد لە سویسراوە
رۆشبیری و زانست لە سووریاوە
سیاسەت و بیپسی کۆلا لە ئامریکاوە
ئەخلاق لە بەغداوە
ئایدیۆلۆجیا لە یەکیەتیی سۆڤیەتەوە
حیجاب لە ئـێرانەوە
فیلمی خیلاعیش لە تورکیاوە
ناوی منداڵـەکانیشمان دەنـێـین: جانیە، شمس الدین، عبدالقـهار...



# یادگاری لم




لە هەمووشی بێ ماناتر ئەوەبوو: لە ناوچوو ، وەک ماڵی ئێمە

# گۆرانییە ڕۆمانسییەکانی دوورەوڵاتی

( ١ )

پشتم لە (پێچالا ڕۆما)
قاچم لەناو ئاوە شینەکەی،
لە تەنیشت سێبەری کەنیسەیەکدا
تەماشای چەند بەلەمێکی خەونین دەکەم،
کەمێک ماندوو
سەرم گرانی حەشیشەی دوێنێ
چاوەڕێی هاتنی (غووزانا) دەکەم:
شەش هەزار لیرەم بە قـەرز بداتێ.

دەمێکی دیکە دێت و دەیبینم:
نە ماندوویيم لە گیان دەمێنێ
نە پێویستیشم چیتر بە پارە.

( ٢ )

لە کەناری شەپۆلـێـنی زێی زاتەرە
دەنگی کەشتیەک وەخەبەری هێنامەوە.
برسی
ماندوو
کە تەماشای کاتژمێرم کرد:
هەژدە سەعاتی ڕەبەق نوستبووم.

( ٣ )

لە ساڵی ١٤٩٢
کریستۆف کۆلۆمبس شەیدای کچێکی هیندی ببوو
بەدووای کچە سەری هەڵگرت بەرەو هیندستان

ڕێی هەڵەکرد:
ئەمریکای دۆزیەوە.

( ٤ )

لە هاوینە هەواری (ئیزێلۆ)
شەقلاوەم بیرهاتەوە:
شەقلاوەی سەد ساڵ دووای مەرگی خۆم .

( ٥ )

دەلینگ کورتکردنەوەی پانتۆڵەکەم.
قۆپچە. Recomend
«هەڵبرینگانەوە» واتە ئاو و هەوا خۆشبوونەوە.
تەلەفۆن بۆ (هاوڕێ) ناونیشانی (هیوا)ی لێ وەربگرم
دارستانە چڕ و چۆڵەکەی ڤێستەپۆرت.
نامەکان بدڕێنم، یا بیانسووتێنم: تەنیا ئەوەی دایکم بێڵمەوە.
پێلاو. پینەدۆز. کلیلەکان.
قەرزی لارس
سەللاجەکە بفرۆشمەوە (ماریا)
ناسنامە و کاغەزەکانم هەمووی.
شەمەندەفەری ڕووەو نەرویج لە سەعات یازدە ونیوی شەو بەڕێ دەکەوێ
نامە بۆ ئاراس لە میوونخ
بۆ ئارام لە ئەمستردام
بۆ تەها لە کەنەدا؛
نامەیەکیش بۆ (بەخە) لە سابلاغ
پێی بڵێم
«چەند ڕۆژێکی تر بەیەکجاری ئێرە جێ دێڵم:
جارێ نازانم بەرەو کوێ؟!» .

(٦)

زۆر سپێدان کاتێ لە خەو بێدار دەبمەوە
یەکسەر سەرسوڕماو، چاو بە دەوری خۆمدا دەگێڕم،
لە خۆم دەپرسم: «ئەمڕۆ لە کوێم؟»

ئایا لە ماڵە برادەرێکم لە ستۆکهۆڵم
یان لە ماڵی کچە خوشکەکەم لە (کارلسکۆگا)؟

ئایا لە ماڵی کچە دۆستەکەی خۆمم لە (شارل میشێل)
یان لە قەراغێکی ڕاکشاوی گەرمەسێری شاری (مارسێی)؟

ئایا لە ماڵی براکەمم لە لووکسەمبوورگ
یان لە ماڵی ئەو کچە عارەبەی (مێزۆن لیبانێز)؟

ئایا لەناو فارگۆنی خەوتووی شەمەندەفەرێکم لەسەر ڕێگای (تۆرینۆ) ـ (فلۆرانس)
یان لە ژوورێکی تەوقیف کراوی سەر سنووری سەوزی هۆڵەندا؟

ئایا لە ماڵی ئەحمەدی مەلام لە بێزەنسۆن
یان لە ماڵی ڕێبوار سیوەیلی لە کۆپنهاگن؟

ئایا لە ژووری میوانخانەیەکی پڕ پەشتەماڵم کە تایبەت بۆ میوانی بەشدارانی
کۆنفراسێک تەرخان کراوە
یان لە قەراغێکی زەریای ئەتڵەنتیک کە حەمباڵ و زەریاوانەکان
خەریکن فەردە خوێ و قوتووە ماسیی لێوە
بەرەو ئەفریقا دەگوازنەوە؟

ئایا لە ساڵۆنی مەخمەڵیی سەر پشتی پاپۆڕێکم بەرەو وارشۆ
یان لە ژوورێکی هەڵواسراوی شاری ئۆسلۆ کە چاوەڕێی دەرچوونی مافی پەناهەندەییمی

تێدادەکەم؟

ئایا لە ماڵی برادەرێکی حەشیشەکێش و مەیزەدەی شەوگەڕی پاریسیم
یان لە متبەقی خزمەتکاری چێشتخانەیەکی پیسی شاری (لیل)؟

ئایا لەسەر قەنەفەیەکی شەونخوونی ئەو هۆتێلەم کە شەوان پاسەوانیی تێدا دەکەم
یان لە ژووری سەرخۆشی هوتێلێکی باراناویی ئەمستردام؟

ئایا لە تەنیشت ئاگردانێکی راهیبەی قەیرەی فینلەندیم
یان لە حەوشەی لەخەوهەڵساوی ناو وێستگەیەکی شەمەندەفەری سەر سنووری ئیسپانیا؟

ئایا لەو ژوورە شپرێوەی (ئەنتۆنی)م کە تەنیا بۆ دوو مانگ بە کرێیان دامێ
یان لە ماڵی ئەو ژنە شۆخە پورتووگالییەی (پلاس ئەرژەنتۆی) کە بە هەنجەتی «خۆشەویستی»
جارجار شەوانی شەممە و یەکشەممە دەمیگرتە خۆی؟

ئایا هێشتا هەر لەناو ئەو زەلکاوە ڕەشە ساردەم لە ئەورووپا
یان لە ژوورە
بەرز و ئارامە
هەردوو پەنجەرە دەم بەخەندە
جوانەکەی خۆمم،
لە گەڕەگی «تەیراوە» ، لە هەولێر؟!

(٧)
شەقامەکانت،- ئەی ئەورووپا
باخچەکانت
سەرکردەکانت

مۆزەخانەکانت
پۆلیسەکانت
کچۆڵەکانت
ژنەکانت
پەنجەرەکانت
دەرگاکانت
مەیدانەکانت
پشیلەکانت
دووکەلکێشەکانت
بەلەمەکانت
شەمەندەفەرەکانت
ئوتومبیلەکانت
نافوورەکانت
فڕۆکەخانەکانت
کابینەی تەلەفۆنەکانت
بانقەکانت
پۆلیسخانەکانت
چێشتخانەکانت
قەراغ دەریاکانت
بانیژەکانت
سەگەکانت
پەساپۆرتەکانت
هەموو شتێکت، – ئەی ئەوڕووپا
هەموو شتێکت بە قوربانی دارەکەی بەرماڵمان.

(٨)

کە ئەم زۆنگاوە ڕەش و ساردە جێ دەهێڵم و دەگەڕێمەوە؛
هەر لە یەکەم ئێوارەی گەیشتنم

تەبای منداڵێکی چڵکن، گریزاوی،
خۆم لەبەردەستی دایکم شل دەکەم
تا لەناو قژی چڵکن و لوول و پێچ خواردووما کێچ
لەناو چاڵی بەقووڵداچووی نێوان لامل و
شانەکانیشم: بێچووە دووپشک
لەناو دەمی بۆگەنکردووشما: پاشماوەی کرمە ماکیاژکراوەکان
لەناو ڕۆحی تەبای کەلاوەی خاپووربووشما
لاشەی پیس و کەڕووکردووی مردووەکانم
یەک یەک بگرێت و لەگەڵ دەستیا
دوور
تووڕیان هەڵبدات:
ئەو مردووانەی هەرگیزاوهەرگیز
شایستەی ئاوڕ لێدانەوە نین.

(٩)
چوومەوە هەولێر: بۆ ئەوەی منداڵیی خۆم بدۆزمەوە.
تووشی گەنجێتیی خۆم هاتم:
پیر ببوو.

# پارچەکانی TNT

**بۆ گەڕەکی تەیراوە**

بن دیواری مزگەوتێک
خۆرەتاوێک
چەند پیرەمێردێک.
پێم وابێ دوو صەد ساڵ زیاترە هەر ئەمەیە و نەگۆڕاوە.

**بۆ عەزیز سەلیم**

ماڵی نیگارکێش لە یەک ڕۆژدا چوار فەسڵە.

**بۆ شەو**

وەرن تەماشاکەن: ڕۆژ
چۆن بەدەست ڕازی ڕۆژگارەوە
ڕەژووی ڕازی شێتی ڕێزدەکا!

**بۆ دەرۆزەکەرەکان**

هیچ لەمە خۆشتر نیە لە ڤینیز
هەموو پارەوپوولت لێ دزرابێ،
ئێوارەش بێ پەساپۆرت و بێ ناسنامە
لە کۆڵانە ئاوییەکاندا بسووڕێیتەوە...

**بۆ مووسا عەنتەر**

ئەم پیاوە بەستەزمانە، لەسەر سنووری عیراق – تورکیا

سەری لێ شێوابوو،
نەیدەزانی چ بکا:
دوو ملیۆن کوردی ئاوارەی برسی
پێکڕا بە یەک دەنگ
هاواریان دەکرد نانیان بداتێ!

**بـۆ تەرزە فایەق جاف**

زەریایەک بکە بە دۆشەگم
هەورێک بکە بە سەرینم
باخچەیەک گوڵیشم پێ دادە
با تۆ بە خەونەکانتەوە ببینم.

**بۆ نەوەی دوورەولاتی ئەمڕۆ**

جەنگی عیراق و ئێران
دایکی هەموومان بوو.

**بۆ ١٩٨٧**

لە مانگی ساردی نۆڤەمبەردا
ئاگردانێکی بەدیاری پێشکەش کردم.

**بۆ (سەروەر ئەحمەد)**

ئەم پیاوە زۆر سەیرە!
وێرا وێڕای باخچەکە ڕۆیشت،

کەچی ئاوڕی لە هیچ گوڵێک نەدایەوە.

**بۆ ڤینیز**

مەرکانی گوڵاڵەسوورەی بەر پەنجەرەکانی، گەلێک جوانن:
دەڵێی عەسرێکی ڕەنگاوڕەنگی بەهاری شەقلاوەیە!

**بۆ دایکم**

هەمین گیان،
خۆزگە چاوێکت لێم دەبوو:
لە ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦دا،
لە شاری لۆزان،
بێ پەساپۆرت،
بێ ناسنامە،
بێ پارەوپوول،
دەسووڕامەوە.

**بۆ عبدالرقیب یووسف**

کوردستان دێ بەیەکجاری وێران دەکرێ:
چیا بە چیای، شار بە شاری.
هیچ کەسێ نیە داڵدە بدا:
ئاواتی،
ڕۆحی،
خەونی،
ئادگاری.

کوردستان دێ بەیەکجاری لەناودەچێ
گیا بە گیای، ئاش بە ئاشی.
هیچ کەسێ نیە دەنگی لێوە بێ
هیچ کەسێ نیە غەمی لێ بخوا...
ــ با،
ئەوەتا
پیاوێک
چوار مەشقی، وەک
غەمێکی پیر
دانیشتووە
سیمای جوانی وێرانەیی دەنووسێتەوە.

### بۆ پەنجەرە

ئەو کەسەی شەقامەکانی باش دیبێ
ئنجا دەزانێ پەنجەرە چیە!

### بۆ شاری بیزەنصۆن

تاشەبەردەکانی قەراغ زەریا
پەڵەقەوزەی سەوزیان گرتووە،
منیش چەند پەڵە بیرەوەرییەک
لەبارەی تۆ.

### بۆ (چاوەڕوانی)

لە فلۆرەنسە،
رۆژی سێ شەمووان زۆر درەنگ دێت.

**بۆ فەرهاد پیربال**

له ئێوارەیەکی رۆژی ١٥ / ٥ / ٢٠٣٤ دا،
ئاگاداری بن:
عیزرائیل
دێ
دوو پەنجەی لەسەر دوو کونەلووتی
دوو پەنجەی لەسەر دوو چاوەکانی
دوو پەنجەش لەسەر هەر دوو کونە گوێچکەکانی
دەستیشی،
زۆر بەهێواشی،
لەسەر
دەمی
دادەنێت !

# ئاوارە

با بڕۆین، هاوڕێم، ئەی شیعر!
با ئەم سەرزەمینە جێ بهێڵێن،
جیهانێکی دیکە لەولا
چاوەڕێی هەنگاوە ئاوارەکانی ئێمە دەکا.

کە منداڵ بووین
بە چڵوپۆپی رەنگینی دایک و
رێحانەسۆزی چەند خوشکێکی وەنەوشەیی خۆمان فریودا
کە گەنجیش بووین، هەرزەکارانە
هەموو نارنجێتی ژیانمان سپاردە دەست
قافیە قۆڕ و ئەوینە تەمەنکورتە بێهوودەکانەوە.

ساڵانێکی زۆر بەتەمای سەوزبوون
دەممان بە ئەندازەی تینوێتی
بۆ تنۆکە واتای قەفە کەزییەکانی ( جوانی) بەش کردبۆوە،
زەمانێکیش
بەتەمای گەیشتنە ئاسوودەیی
هێندەی پێمان کرا سنوورەکانی جەربەزەییمان تەی کرد:
بەناو مردندا، بەناو لەززەتدا، بەناو تێکشانەکاندا.

ئێستاش ئەوەتا
هەموو بوونمان، رابردوومان
وەک تووکی تا هەڵدەوەرێ،
زەمین چڵکاو بەسەر چاوە پەمەییەکانی تۆدا
ئاسمانیش ژەهر بەسەر مەرەکەبی مندا دەرژێنێ.

ئەم جیهانە وڵاتی ئێمە نیە.

با بڕۆین، هاوڕێم، ئەی شیعر
جیهانێکی دیکە لەوڵا
چاوەڕێی هەنگاوە بریندارەکانی ئێمە دەکا.

١٢/ ١٩٨٩

# ناوەڕۆک

| ناوی شاعیر | لاپەڕە |
| --- | --- |
| (١) عەباس عەبدوڵا یوسف | ٧ |
| (٢) کەریم دەشتی | ١٩ |
| (٣) هاشم سەراج | ٤٥ |
| (٤) محەمەد باوەکر | ٦٩ |
| (٥) مەوجوود سامان | ٨٣ |
| (٦) ئیسماعیل بەرزنجی | ٩٩ |
| (٧) تەڵعەت تاهیر | ١٢٩ |
| (٨) ئەنوەر مەسیفی | ١٤١ |
| (٩) فەرهاد پیرباڵ | ١٥٥ |